سەرۆک بارزانی:

پاڵپشتیی مەسرور بارزانی دەکەم بۆ گەیاندنی هەرێم بە داهاتوویەکی گەشتر



سەرۆک بارزانی پشتیوانیی خۆی بۆ مەسرور بارزانی لە سەرۆکایەتیکردنی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند.

دوێنێ سێشەممە 2019/6/11 سەرۆک بارزانی لە توێتێکدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر، خۆشحاڵیی خۆی بە ناودێرکردنی مەسرور بارزانی بە سەرۆکی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە دەربڕی و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

هەر لە تویتەکەیدا سەرۆک بارزانی ڕایگەیاندووە: پاڵپشتی دەکەم بۆ گەیاندنی هەرێمی کوردستان بە پێشکەوتنی زیاتر و داهاتوویەکی گەشتر.

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5766) چوارشەممە 12ی حوزەیران 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

ئەمڕۆ مەڕسوومی سەرۆکایەتیی هەرێم بۆ سەرۆکی حکوومەت دەردەچێت

پەرلەمانی کوردستان بە 87 دەنگ لە کۆی 97 ئەندامی ئامادەبوو

مەسرور مەسعود بارزانی بۆ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستنیشان کرا



ئەندامێکی لیژنەی یاساییی پەرلەمانی کوردستان گوتی، دوای ئەوەی بە زۆرینەی دەنگ ناوی سەرۆکی حکوومەت پەسەند کرا، پەرلەمان ڕەوانەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کردووە و ئەمڕۆ چوارشەممە مەڕسوومی سەرۆکایەتیی هەرێمی پێ دەردەچێت و سەرۆکی ڕاسپێردراوی حکوومەت دەست بە پێکهێنانی حکوومەتی نوێ دەکات و لە ماوەی کەمتر لە مانگێکی دیکەدا حکوومەت پێکدێت.

خەدیجە عومەر، ئەندامی لیژنەی یاساییی پەرلەمانی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە کە دوێنێ سێشەممە بە زۆرینەی دەنگ کاندیدی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەسەند کراوە و دواتریش پەرلەمان ڕەوانەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی کردووە، بۆ ئەوەی مەڕسوومی سەرۆکایەتیی هەرێمی پێ دەربچێت و هیچ بەربەستێک لە پێشی نییە و ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێم مەڕسوومی بۆ دەردەکات.

کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە 2019/6/11 پەرلەمانی کوردستان بەسەرۆکایەتیی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ڤالا فەرید و جێگری سەرۆکی پەرلەمان، هێمن هەورامی و سکرتێری پەرلەمان، مونا قەهوەچی دانیشتنی ژمارە 8ی ئاسایی خولی بەهارەی لە ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن سازدا.

بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بریتی بوو لە دەستنیشانکردنی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەرێمی کوردستان بەپێی برگە 3لە ماددەی 56ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە 1ی ساڵی 1992ی هەموارکراو.

دوای خوێندنەوەی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە و کۆنووسی دانیشتنی پێشوو و ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو و مۆڵەتپێدراو لە لایەن سکرتێری پەرلەمان، مونا قەهوەچی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان داوای لە لیستی براوەی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد کاندیدیان بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بخەنەڕوو.

دواتر لە لایەن سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئومێد خۆشناو، مەسرور بارزانی وەک کاندیدی لیستی براوەی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرا، پاشان لە لایەن سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە خرایە دەنگدانەوە و لە کۆی 97ئەندامی ئامادەبوو بە 87دەنگ بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ناوزەدکرا.

پەرلەمان بەربژێری خۆی دیاریکرد

سەلام عەبدوللا

دوێنێ لە دانیشتنێکی ئاسایی پەرلەماندا فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەربژێری خۆی دەستنیشان کرد کە بەڕێز مەسرور مسعود مستەفا بارزانییە.

لە دەنگدانێکی ئاشکرادا لە کۆی 97 پەرلەمانتار کە ئامادەی دانیشتنەکە بوون بەربژێری پارتی 87 دەنگی هێناو بووە کاندیدی دەستنیشانکراوی خۆی کە بدرێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە داوای لێبکات کابینەی نوێی خۆی لە ماوەی یەک مانگدا پێکبهێنێت.

وا چاوەڕوان دەکرێت کە کاری پێکهێنانی حکوومەت درێژە نەکێشی، چونکە نوێنەرانی پارتی ماوەیەکی دوورودرێژە لە دانوستاندابوون لەگەڵ لایەنەکان، بۆیە هیوا زۆرە کە کابینەی نوێ لە ماوەیەکی کورتدا دەستبەکار بێت.

بەڕێز مەسرور بارزانی خاوەنی ئەزموونێکی سیاسی دوورودرێژە و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە و لە دەستگایەکی گرنگی هەرێمدا بەرپرسیاری گرتۆتە ئەستۆ کە ئامانجی پاراستنی ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دانیشتوانی بووەو بە دانپێدانانی یارو نەیاری بەڕێزیان لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بووەو چەندین تۆڕی تیرۆریستی و سیخوڕی هەڵوەشاندۆتەوەو هەمیشە چاوێکی بە ئاگاو بە ئەزموون بووە بۆ پاراستنی هەرێمەکەمان ئەمە جگە لە میژووی دوورودرێژی خانەوادەکەی کە زیاتر لە سەدەیەکە خەبات دەکەن و قوربانی بۆ گەلەکەمان دەدەن و هەمیشە داکۆکیکارێکی سەرسەختی دۆزمنانی کوردستان بووەو گەورە پیاوی مەزنی وەکوو شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ ئەحمەد بارزانی و سەرۆکی نەمر مستەفا بارزانی و کاک ئیدریسی شەهیدی هەمیشە زیندوو و سەرکردەی هەمیشە پێشمەرگە سەرۆک مسعود بارزانی و دەیان سەرکردە و سیاسەتمەدار و خەباتگێڕو پێشمەرگەی قارەمانی تێدا هەڵکەوتووە کە جێی شانازین و بوون بەلایەنێکی گرنگی میژووی گەلەکەمان.

لە ئاستی دیبلۆماسیشدا کارامەیی خۆی نواندووە، چونکە هەر شاندێکی بااڵی دیبلۆماسی و سەربازی سەردانی هەرێمی کردبێت سەردانی بەڕێز مەسرور بارزانی و دەستگا گرنگەکەی کردووە، ئێمەش لە دڵەوە داوای سەرکەوتنی لەم کارە نوێیە بۆ دەکەین کە دڵنیاین بە ئەزموون و شارەزایی و کارامەیی خۆی لەم کارەشیدا سەرکەوتوو بێت و لە بواری حوکمڕانیشدا کارامەیی و توانای سیاسی خۆی بخاتە خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بکات.

کاری سەرەکیشی دەبێ دابینکردنی ئەمن و ئاسایشی تێکڕایی هەرێم و دانیشتوانی بێت و هەوڵی بێوچان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و شڕەخۆر و دابینکردنی بژێوی خەڵک و بەرزکردنەوەی داهاتی کارمەندانی مووچە نزم و کەمکردنەوەی جیاوازی نێوان مووچە زۆر و نزمەکان کە ئێستا هەستی پێدەکرێ، بێگومان هەموان پشتیوانی و پشتگیری دەبین.

لە کۆی 97 ئەندامی ئامادەبوو

مەسرور مەسعود بارزانی بە 87 دەنگ بۆ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستنیشان کرا

بژار کۆچەر: پێشتر کۆبوونەوە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان بەڕێوەچووە هەموو لایەنەکانیش ئیستیحقاقی خۆیان دەزانن



کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە /2019/6 11 پەرلەمانی کوردستان بەسەرۆکایەتیی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ڤالا فەرید و جێگری سەرۆکی پەرلەمان، هێمن هەورامی و سکرتێری پەرلەمان، مونا قەهوەچی دانیشتنی ژمارە 8ی ئاسایی خولی بەهاری لە سالی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن سازدا.

بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بریتی بوو لە دەستنیشانکردنی سەرۆکی دەسەلاتی جێبەجێکردنی هەرێمی کوردستان بەپێی برگە 3 لە مادەی 56ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە 1ی سالی 1992ی هەموارکراو.

دوای خوێندنەوەی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە و کۆنووسی دانیشتنی پێشوو و ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو و مۆڵەتپێدراو لە لایەن سکرتێری پەرلەمان، مونا قەهوەچی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان داوای لە لیستی براوەی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد کاندیدیان بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بخەنەڕوو.

دواتر لە لایەن سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئومێد خۆشناو، مەسرور بارزانی وەک کاندیدی لیستی براوەی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرا، پاشان لە لایەن سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە خرایە دەنگدانەوە و لە کۆی 97 ئەندامی ئامادەبوو بە 87 دەنگ بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ناوزەدکرا.

ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بژار کۆچەر رایگەیاند، ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی ژمارە هەشتی ئاسایی خۆی بەڕێکرد کە بەپێی برگەی سێی مادەی 56ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی هەموارکراوی سالی1992 بەڕێز مەسرور بارزانی وەکو کاندیدی گەورەترین فراکسیۆنی نێو پەرلەمان کە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانە پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و دواتر سەرۆکایەتی خستییە دەنگدانەوە و لە کۆی 97 پەرلەمانتاری ئامادەبوو 87 پەرلەمانتار دەنگیان بە بەڵێ دا بۆ کاندیدەکەمان. بژار کۆچەر لە لێدوانێکدا گوتی: بەپێی برگەی یەکەم لە مادەی یەکی یاسای ژمارە 1ی سالی 2014 پێویستە سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەرسومێک بۆ تەکلیفکردن لە مەسرور بارزانی دەربکات بۆ ئەوەی لە میانی 30 رۆژدا کابینەی خۆی بخاتە بەردەم پەرلەمان.

بژار کۆچەر لەبارەی ئەوەی ئایا ئەو ماوەیە واتە لەو مانگەدا مەسرور بارزانی دەتوانێت کابینەی نۆیەم پێکبهێنێت یان نا گوتی: ئەو ماوەیە باشە بۆ ئەوەی کابینە پێکبهێنرێت، پێشتر کۆبوونەوەکان لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە کابینەکە بەڕێوەچوو و هەموو لایەنەکان ئیستیحقاقی خۆیان دەزانن و پێموایە لەو ماوەیە بتواندرێت کابینەکە پێکبهێنرێت، هیوادارم لایەنەکان هاوکارین و رێگریی دیکە دروست نەکەن بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم، چونکە خەڵکی چاوەڕوانییە هەیە.



هادی ئەلعامری پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

دوێنێ سێشەممە 2019/6/11 لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز هادی ئەلعامری، ئەمیندارى گشتیی رێکخراوی بەدر پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرکە نوێکەیدا.

بەڕێز ئەلعامری هەروەها هیوای خواست وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانییەوە ببێتە هۆکاری سەقامگیری و بەرەوپێشەوەچوونی زیاتری هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی، هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان هەولێر و بەغداش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر باشتر بکات. لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاسی پەیوەندیی تەلەفۆنی و پیرۆزباییەکەی بەڕێز ئەلعامری کرد و جەختی لە هاوکاری و هەماهەنگیی زیاتری هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ و چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆ کردەوە.



وەزیری دەرەوەی ژاپۆن پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

لە نامەیەکی پیرۆزباییدا بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز تارۆ کۆنۆ وەزیری دەرەوەی ژاپۆن پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کرد، لەگەڵ هیواخواستنی بە سەرکەوتنیان لە ئەرکی نوێیاياندا وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان و گەشەسەندنی زیاتریش بۆ هەرێمی کوردستان و گەلەکەی.

لە نامەکەیدا بەڕێز وەزیری دەرەوەی ژاپۆن، وێڕای ستایشکردنی ڕۆڵی سەرکردانەی بەڕێزیان لە ماوەی سەرۆکایەتیکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەت لە تێپەڕاندن و زاڵبوون بەسەر ئەو قەیران و کۆسپانەی لەم ساڵانەی دواییدا بەرۆکی گەلی کوردستانیان گرتبوو؛ جەختی لە پتەوکردنی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ژاپۆن کردووە، لەگەڵ بەردەوامیدان بە پشتیوانیی ولاتەکەی لە هەولەکانی هەرێمی کوردستان لەپێناو بنیاتنان و پێشکەوتن و گەشەسەندنی زیاتری گەلەکەیدا.

پەرلەمان بەربژێری خۆی دیاریکرد

سەلام عەبدوڵلا

دوێنێ لە دانیشتنێکی ئاسایی پەرلەماندا فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەربژێری خۆی دەستنیشان کرد کە بەڕێز مەسرور مسعود مستەفا بارزانییە.

لە دەنگدانێکی ئاشکرادا لە کۆی 97 پەرلەمانتار کە ئامادەی دانیشتنەکە بوون بەربژێری پارتی 87 دەنگی هێناو بووە کاندیدی دەستنیشانکراوی خۆی کە بدرێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە داوای لێبکات کابینەی نوێی خۆی لە ماوەی یەک مانگدا پێکبهێنێت.

وا چاوەڕوان دەکرێت کە کاری پێکهێنانی حکوومەت درێژە نەکێشی، چونکە نوێنەرانی پارتی ماوەیەکی دووروودرێژە لە دانوستاندابوون لەگەڵ لایەنەکان، بۆیە هیوا زۆرە کە کابینەی نوێ لە ماوەیەکی کورتدا دەستبەکار بێت.

بەڕێز مەسرور بارزانی خاوەنی ئەزموونێکی سیاسی دوورودرێژە و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە و لە دەستگایەکی گرنگی هەرێمدا بەرپرسیاری گرتۆتە ئەستۆ کە ئامانجی پاراستنی ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دانیشتوانی بووەو بە دانپێدانانی یارو نەیاری بەڕێزیان لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بووەو چەندین تۆڕی تیرۆریستی و سیخوڕی هەڵوەشاندۆتەوەو هەمیشە چاوێکی بە ئاگاو بە ئەزموون بووە بۆ پاراستنی هەرێمەکەمان ئەمە جگە لە میژووی دوورودرێژی خانەوادەکەی کە زیاتر لە سەدەیەکە خەبات دەکەن و قوربانی بۆ گەلەکەمان دەدەن و هەمیشە داکۆکیکارێکی سەرسەختی دۆزمنانی کوردستان بووەو گەورە پیاوی مەزنی وەکوو شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ ئەحمەد بارزانی و سەرۆکی نەمر مستەفا بارزانی و کاک ئیدریسی شەهیدی هەمیشە زیندوو و سەرکردەی هەمیشە پێشمەرگە سەرۆک مسعود بارزانی و دەیان سەرکردە و سیاسەتمەدار و خەباتگێڕو پێشمەرگەی قارەمانی تێدا هەڵکەوتووە کە جێی شانازین و بوون بەلایەنێکی گرنگی میژووی گەلەکەمان.

لە ئاستی دیبلۆماسیشدا کارامەیی خۆی نواندووە، چونکە هەر شاندێکی بالای دیبلۆماسی و سەربازی سەردانی هەرێمی کردبێت سەردانی بەڕێز مەسرور بارزانی و دەستگا گرنگەکەی کردووە، ئێمەش لە دڵەوە داوای سەرکەوتنی لەم کارە نوێیە بۆ دەکەین کە دڵنیاین بە ئەزموون و شارەزایی و کارامەیی خۆی لەم کارەشیدا سەرکەوتوو بێت و لە بواری حوکمڕانیشدا کارامەیی و توانای سیاسی خۆی بخاتە خزمەتی دۆزی رەوای گەلەکەمان بکات.

کاری سەرەکیشی دەبێ دابینکردنی ئەمن و ئاسایشی تێکڕایی هەرێم و دانیشتوانی بێت و هەوڵی بێچوان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و شڕەخۆر و دابینکردنی بژێوی خەڵک و بەرزکردنەوەی داهاتی کارمەندانی موچە نزم و کەمکردنەوەی جیاوازی نێوان موچە زۆر و نزمەکان کە ئێستا هەستی پێدەکرێ، بێگومان هەموان پشتیوانی و پشتگیری دەبین.

بەیان سامی عەبدولرحمان:

ئەمەریکا بەگرنگییەوە لەم قۆناغەی کوردستان دەڕوانێت

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا رایدەگەیەنێت، ئەم قۆناغەی هەرێمی کوردستان گرنگە و ئەمەریکاش بەگرنگییەوە لێی دەڕوانێت. بەیان سامی عەبدولرحمان، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا بە خەباتی ڕاگەیاند، بەشداریکردنی ئەو ژمارە زۆرەی دیپلۆماتکار و سەرکردەکنی جیهان لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئاماژەیە بۆ ئەوەی "کوردستان قۆناغی باشی بڕیوە و لەسەر ئاستی جیهانیش توانی دووبارە ببێتەوە بەناوەندێکی گرنگ".

بەیان سامی عەبدولڕەحمان پێی وایە ئەو قۆناغەی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە و "ئەمریکاش بە گرنگییەوە لێی دەڕوانێت "و پیرۆزبایی جۆن بۆڵتنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و مایک پۆمپیۆی وەزیری دەرەوە لە نێچیرڤان بارزانی، وەک بەڵگەی ئەو گرنگییە باس کرد.

ڕۆژی 2019/5/28 پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و کاندیدی پارتی بۆ سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان، هەڵبژارد و ڕۆژی دووشەممە 2019/6/10ش بە ئامادەبوونی سەدان سەرکردەی باڵای کوردستانی، عێراقی و جیهانی، سوێندی یاسایی خوارد.

شێخ دلێر مستەفا: مەسرور بارزانی پیاوێکی نەرمونیان و لەسەرەخۆیە

کەسایەتییەکی دیاری ناوچەی قەرەداخ گەشبینیی خۆی بە حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی ڕاگەیاند و جەختی کردەوە کە ڕۆڵی کارای لە پاراستنی دۆخی ئەمنیی کوردستاندا هەبووە.

شێخ دلێر شێخ مستەفا، کەسایەتیی دیاری هەرێمی کوردستان و ناوچەی قەرەداخ، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: دوای پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پشتیوی و ئاڵوگۆڕی و دووبەرەکی زۆر هەرێمی کوردستانی گرتەوە، ئێستاش کە نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردراوە، دواتر مەسرور بارزانی دەبێتە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە تەمەنای ئەوە دەکەین حکوومەتی ئایندە حکوومەتێکی خزمەتگوزار بێت، هەروەها پێویستە حکوومەتی داهاتوو دڵی گەنجەکانمان خۆش بکات، هەڵی کار بۆ گەنجان بدۆزێتەوە و ئەو کەسانەشی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگەکانن دابمەزرێنن، بۆیە داواکارین هەموو حزبەکان پشتگیریی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەن و دژایەتیی نەکەن.

ڕوونیشی کردەوە: تاوەکوو ئێستا هیچ خاڵێکی نەرێنیمان لەسەر مەسرور بارزانی نەبینیوە، بۆیە هیوادارین سەرۆکێکی باشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت، بێگومان خودی خۆم گەشبینم بەوەی کە مەسرور بارزانی بتوانێت لەو پۆستەدا سەرۆکێکی سەرکەوتوو بێت، چونکە مەسرور بارزانی، قەتریەکی دوور و درێژە بەرپرسیاریەتییەکی باڵای لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام تاوەکوو ئێستا هیچ کێشە و موشکیلەیەکی دیاریکراو لەسەر دەستی ئەو ڕووی نەداوە.

شێخ دلێر شێخ مستەفا ڕاشیگەیاندووە: ئەو کاتانەی کە مەسرور بارزانی دەرکەوتبێت، هەر باسی یەکڕیزیی گەلی کورد و سەرکەوتنی کوردستانی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا تەداخولی کارێکی نەکردووە کە ئیشی ئەو نەبووبێت، هەروەها لە کاتی بارگرژییەکانی نێوان یەکێتی و پارتی مەسرور بارزانی، هیچ کاردانەوەیەکی توندی نەبووە، بۆیە ئەمانە هەمووی مایەی ئەوەن کە مەسرور بارزانی، پیاوێکی نەرمونیان و لەسەرەخۆیە، هەمور کەسێکیش دەزانێت باب و باپیری بۆ کورد و کوردستان تێکۆشاوە، کەسانی وەک ئەوان هەر دەبێت پێشمەرگەی کوردستان بن.

ئەو کەسایەتییەی سنووری پارێزگای سلێمانی ئاماژەی بەوەش دا: ڕاستە مەسرور بارزانی، پۆستێکی باڵای بەرێوە بردووە، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان وا خۆی دەرنەخستووە لە پۆستێکی ئەوەندە باڵا و گەورە دایە و هیچ کێشەیەکی واشی دروست نەکردووە کە خەڵکی هاواری لێ بەرز بووبێتەوە، گرانی و نەبوونی و قاتوقڕی هیچی لەسەر دەستی مەسرور بارزانی نەبووە، بەڵکوو مەسرور بارزانی لە پاراستنی دۆخی ئەمنی و کوردستان و بەرپەچدانەوەی دۆژمانی کوردیدا ڕۆڵێکی باڵای هەبووە.

شێخ دلێر شێخ مستەفا، باسی لەوەش کرد: هەرچەندە ئێستا خەڵکی کوردستان دۆخی ئابووریی باش نییە و یاسا بەرقەرار نییە و وەزارەتەکان بەپێی پێویست کارەکانی خۆیان ناکەن، بەڵام ئێمە ئومێدی ئەوە دەکەین کە مەسرور بارزانی حکوومەتی ڕاستەقینەی کوردستان بخاتەوە گەڕ، بۆ ئەوەی خزمەتی خەڵکی کوردستان بکات، جارێک زووە ئەگەر ئەم کابینەیە خزمەتی خەڵکی کوردستانی کرد، ئێمە دەستخۆشییان لێ دەکەین، ئەگەر نەتوانرا خزمەتی خەڵکی بکەن، ئەوکاتە ئێمەش ڕەخنەی خۆمان ئاڕاستەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین.

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە وەزیری دەوڵەتی سعوودی بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات



دوێنێ سێشەممە 2019/6/11 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە سامر سەبهان وەزیری دەوڵەتی شانشینی سعودی بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد. لە دیدارەکەدا بیرووڕا لەبارەی بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە و دواپێن پێشهاتەکان و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا ئالۆگۆڕ کرا.

محەمەدی حاجی مەحمود بۆ خەبات:

نێچیرڤان بارزانی بە ڕۆڵی حەکیمانەی خۆی توانی بەسەر کۆسپ و تەگەرەکاندا سەرکەوێت و کوردستان بەرەو قۆناغی سەرکەوتن ببات

خەبات: تریفە ئازاد

محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان لە بارەی هەڵبژاردنی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی ڕێزدار نێچرڤان بارزانی دەکەم و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم، سەرۆکی هەرێم سەروەرییەکانی ئەم وڵاتە و خەڵکی کوردستان دەپارێزێت لە هەموو بوارە جیاجیاکان، بۆیە داواکارم سەرکەوتوو بێت و پێویستە هەموشمان هەوڵ بدەین پشتوانی بین بۆ ئەوەی بتوانێت قۆناغی باشتر و کاریگەرتر ببڕێت. محەمەدی حاجی مەحمود ڕاشیگەیاند: بەشداری کردنی ئەو شانە زۆرە و هاتنی ئەم هەموو شانە لەسەر ئاستی ناوخۆ و وڵاتانی دەوروبەر و دەرەوە نیشانەی بەهێزی و کایگەریی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی هەیە کە ئەو خاوەن پەیوەندییەکی دیبلۆماتیی و پێگەیەکی بەهێزە، من بڕوام وایە بتوانێت سەرکەوتوو بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکێکی قورسە، بەڵام ئەو توانی بەسەر هەموو کۆسپ و تەگەرەکانی کە لەماوەی پێشوو هاتنە بەردەمی زاڵ بێت و بە ڕۆڵە حەکیمانەکەی چارەسەریانی کرد و کوردستانی بەرەو قۆناغێکی تری سەرکەوتن برد.

کابینەی تازەی حکوومەت نووسینگەیەک بۆ سکاڵای هاووڵاتیان دەکاتەوە

بۆ ئەوەی سکاڵا و داواکاریی هاووڵاتیان و کێشە و کەموکوڕییەکانیان زووتر بگات، لە کابینەی تازەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، نووسینگەیەکی سکاڵای هاووڵاتیان دەکرێتەوە، کە ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆکی حکوومەت دەبێت. فرسەت سۆفی، ئەندامی شاندی دانوستانکاری پارتی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەت و سەرۆکی لیژنەی چاکسازی بە خەباتی ڕایگەیاند: "بۆ گەیاندنی سکاڵای هاووڵاتیان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بۆ کابینەی نوێ بیرۆکەی باش تاوتوو کراون، بۆ ئەوەی سکاڵا و داواخوازیی هاووڵاتیان بگاتە شوێنی خۆی، لەوانە دروستکردنی نووسینگەی سکاڵا، کە ڕاستەوخۆی پەیوەندییان بە سەرۆک وەزیرانەوە دەبێت."


لەبارەی ئەو نووسینگەیەوە زیاتر گوتیشی: بەشێک یان ئۆفیسێک بۆ سکاڵا و کێشەی هاووڵاتیان و بەداواچوونی دۆسێکانی گەندەڵی دەکرێتەوە، گرنگیی بابەتەکە لەوەدایە، ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆکی حکوومەت دەبێت و خۆی ئاگاداری ئەو بابەتانە دەبێت. سۆفی جەختیشی کردەوە، کە میکانزمی چۆنیەتیی گەیاندنی سکاڵای هاووڵاتیان و کێشەکانی خەڵک بەهێز دەکرێت و هەوڵ دەدرێت سکاڵاکان شوێنی خۆیان بگرن. دووپاتیشی کردەوە، بیر لەوە کراوەتەوە میکانزمی باش بدۆزرێتەوە بۆ گەیاندنی سکاڵای هاووڵاتیان و فەرمانبەران و سکاڵاکانی دژی گەندەڵی.

هاوکات غازی عەلی، سەرۆکی لیژنەی سکاڵا و چاودێری لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند: »باشترین بیرۆکە و باشترین کارە، کە ئۆفیسی سکاڵا بکرێتەوە و سەر بە سەرۆکی حکوومەت بێت، باشترین هەنگاوە بۆ خزمەتی هاووڵاتیان و هەڵگرتنی ئاستەنگ و کەموکوڕییەکان، کە کابینەی تازە بیانکات.« غازی عەلی، کە سەر بە یەکگرتووی ئیسلامییە، ڕوونی کردەوە، بە هەموو جۆرێک هاوکاریی ئەنجومەنی وەزیران و کابینەی داهاتوو دەکەن، بۆ ئەوەی سکاڵاکان شوێنی خۆیان بگرن، گوتیشی: »کێشەی ئێمە ئەوە بووە، کە حکوومەت وەکوو پێویست هەماهەنگیی نەبووە لەگەڵ ئەو سکاڵایانەی بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان هاتوون، خۆزگەی ئێمە ئەوەیە ئەو کابینەیە ئەو هەماهەنگییە دروست بکات.«

ئامارژەی بەوەش دا، لە ڕێگەی لیژنەکەیان زۆر لەو سکاڵایانەی لە لایەن فەرمانبەران و خەڵکەوە بۆیان هاتووە، بەدواداچوونیان بۆ کردووە و زۆرکەس هەبووە مافی بۆ گەڕێندراوەتەوە.

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی کوردانی وڵاتانی سۆڤییەتی پێشوو دەکات

کوردانی وڵاتانی سۆڤییەتی پێشوو پێگە و بایەخی تایبەتییان بۆ هەرێمی کوردستان هەیە



دوێنێ سێشەممە 2019/6/11 سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستانیان لە سەرۆک بارزانی کرد. هەروەها سوپاسی سەرۆک بارزانیان کرد کە لەپێناو پاراستنی گەلی کوردستاندا خەبات و ماندووبوون و پێشمەرگایەتیی دوورودرێژی هەیە و سەرۆک بارزانیان بە جێگەی ئومێدی هەموو کوردێک لە جیهاندا وەسف کرد. داوایشیان کرد پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کوردەکانی ڕووسیا و ئاسیای ناوەڕاست و دیاسپۆرای کوردیی دەرەوەی کوردستان، بە هێزتر ببێت.

لای خۆیەوە سەرۆک بارزانی سوپاسی شاندی میوانی کرد و ڕایگەیاند کوردانی وڵاتانی سۆڤییەتی پێشوو بەشێکی ئازیزی گەلی کوردستانن و پێگە و بایەخی تایبەتیان بۆ هەرێمی کوردستان هەیە. وێڕای ئاماژەدان بە میژووی پڕ لە نەهامەتیی گەلی کورد ئەوەی خستەڕوو کە ئەو ئازادی و پێشڤەچوونەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە بەرهەمی خۆڕاگری خەڵک و قارەمانێتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی YNDK بەبۆنەی سوێندخواردن و دەستبەکاربوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

بۆ بەرێزمان جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

سڵاوێکی برایانەی گەرم...

هەڵبژاردنی جەنابتان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و سوێندخواردن و دەستبەکاربوونتان وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان مایەی خۆشحاڵیمانە، بەناوی خۆمان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی و تەواوی ئەندام و لایەنگرانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK بەگەرمی پیرۆزباییتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

ئومێدمان زۆرە کەوا کەسایەتی جەنابتان لەو پێگەیەدا وەک هەمیشە بێتە فاکتەرێک بۆ زیاتر پێشڤەچوونی باشووری کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دامەزراوەییەوە، لەهەمان کاتدا چاومان لەوەیە کەوا بتوانن دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکەن بە مالێ هەموو کوردستانیان و دەرگاتان کراوە بێت بۆ گوێگرتن و ڕاوێژکردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و شارەزایان بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی کە دێنە پێشەوە و کاریگەربیان بۆ سەر پرۆسەی سیاسی کوردستان دەبێت، لەم پێناوەدا بۆ سەرخستنی کارەکانتان و بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلێ کوردستان، ئێمە لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK پشتیوانی جەنابتانین و ئەوەی لە تواناماندا بێت هاوکارتان دەبین.

لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستی دووبارەماندا.

براتان/غەفوور مەخموری
سکرتێری گشتیی
یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK
2019/6/10

فراکسیۆنی پارتی:

لەڕووی فەرمییەوە هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت دەستیان پێکردووە

دوێنێ سێشەممە ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لە پرێس کۆنفرانسێکدا ڕایگەیاند: کۆبوونەوەی دوێنێ پەرلەمانی کوردستان تایبەت بوو بە پرۆسەی ناوزەدکردنی کاندیدی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، کە کۆبوونەوەکە بە سەرکەتوویی کۆتایی پێهات و لە ئێستاوە هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت لەڕووی فەرمییەوە دەستیان پێکردووە".

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی گوتیشی: ئەمڕۆ ئێمە وەک پارتی و براوەی هەڵبژاردنی 30ی ئەیلوولی پەرلەمانی کوردستان ناوی کاندیدەکانمان بۆ سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشکەشی پەرلەمان کرد و متمانەی پێویستی بەدەست هێناو و سوپاس بۆ ئەو لیست و فراکسیۆنانەی کە هاوپەیمانمان بوون و ڕێککەوتنەکە جێبەجێ کرا و دەنگ بە بەرپێزیان درا.

ئومید خۆشناو ڕاشیگەیاند: "هەر ئەمڕۆ سێشەممە (دوێنێ) لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانەوە ئەم بڕیارەی پەرلەمان واژۆی لەسەرکراو و پێشکەش بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتە یاساییەکانی خۆی بەکار دەهێنێت و بانگهێشتی سەرۆک وەزرانی ڕاسپێدراو دەکات و مەرسومی هەرێمی ڕادەگەیەنێت و لەدوای ڕاسپاردنی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ، 30 ڕۆژ لەبەردەم کاندیدی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانە کە کابینەکەی پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکات، بەڵام بەپێی ئەو ئامادەکارییانەی کە کراوە، ماوەکە ئەوەندە ناخایەنێت و بە زووترین کات کابینەی نوێی حکوومەت پێک دەهێندرێت".

جێ باسە لە کۆبوونەوەی دوێنێی پەرلەمانی کوردستاندا کە بە ئامادەبوونی زۆرینەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوە چوو، مەسرور بارزانی بە دەنگی 87 پەرلەمانتار لە کۆی 97ی پەرلەمانتاری ئامادەبوو، بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ناوزەد کرا.

هەمام حەمودی پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

بەبۆنەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانییەوە، بەڕێز هەمام حەمودی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی عێراقی پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ بەڕێزیان ناردووە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سڵاوتان لێ بێت

خۆشحاڵم کە ئەوپەڕی پیرۆزبایی دڵسۆزانەمان پێشکەش بە بەڕێزتان بکەین بە بۆنەی دەستبەکاربوونتان وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

لە کاتێکدا هیوای ئەوپەڕی سەرکەوتنتان لەم پۆستەدا بۆ دەخوازین، چاوەڕوانیمان هەیە کە هەڵبژاردنتان و گرتنەدەستی سەرۆکایەتیی هەرێم، هاوکار بێت لە دەرفەتدان بە سەرخستنی پرۆسەی سیاسیی دێموکراسی لە وڵات و پتەوکردنی یەکێتیی نیشتیمانیدا، لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان ناوەند و هەرێم، هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ ڕێککەوتنێکی نێوانمالی کوردی لە بەرژەوەندیی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ڕۆڵەکانی گەلی کورد و سەرجەم عێراقییەکان.

ئەوپەڕی ڕێز و ستایشمان قبوڵ بفەرموون.

سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت.

هەمام حەمودی
سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی عێراقی
10/6/2019



لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات سێ کۆڵبەری دیکە بەتەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران بریندارکران

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا دوو کۆڵبەر لە سنوورەکانی پیرانشار و سەردەشت لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران بریندار کراون و کۆڵبەرێکیش بەهۆی تەقینەوەی مینەوە بریندار بووە.

سەرۆکی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ، بە خەباتی ڕاگەیاند ئێوارەی ڕۆژی یەکشەمە 2019/6/9 هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سنووری کانی زەردی سەردەشت تەقەیان لە کاروانێکی کۆڵبەران کردوە.

لە ئاکامی ئەو دەستێژەدا کۆڵبەرێکی لاو بە ناوی "ئەحمەد حاجی عەلی" بە سەختی بریندار کراوە.

لەلایەکی دیکەوە و بەپێی هەواڵەکان، ڕۆژی شەمە 2019/6/8 هاوکات لەگەڵ کوشتنی 30 سەر ئەسپی کۆڵبەران لە کوێستانەکانی زێویە"ی پیرانشار، کۆڵبەرێک بە ناوی ئومێد محەمەدپوور بریندار کراوە.

کۆڵبەرێکی لاو بە ناوی "دانیال عەزیزی" تەمەن25 ساڵان و خەڵکی "ڕەبەت"ی سەردەشت ڕۆژی هەینی 2019/6/7 لە بەرزاییەکانی "کانی زەرد"ی پیرانشار، بەهۆی تەقینەوەی مین، لاقی لەدەست داوە.

دانیال بۆ ناوەندە تەندروستیەکانی سەردەشت گوازراوەتەوە و ئێستا لە ژێر چاودێریی پزیشکی دایە.

چین هەڕەشەی وەڵامدانەوەیەکی توند لە ئەمەریکا دەکات

وەزارەتی دەرەوەی چین کاردانەوەی نیشاندا لە هەمبەر ئەو لێدوانەی سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالد ترەمپ کە رایگەیاندبوو، ئەگەر سەرۆکی چین، شی جین پینگ لە لووتکەی (G-20)دا لە ژاپۆن ئامادە نەبێت ئەوا باجی گومرکی زیاتر بەسەر کەلوپەلە هاوردەکراوەکانی چیندا دەسەپێنێ. لە وەڵامی ئەو لێدوانەی دۆنالد ترەمپدا، وەزارەتی دەرەوەی چین ڕایگەیاند کە بەتوندی وەڵامی ئەمریکا دەداتەوە، ئەگەر هەوڵ بدات گرژییەکانی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات زیاد بکات. ڕۆژی دووشەمە سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالد ترەمپ لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاندبوو کە چین بەناچاری ڕێککەوتنێکی بازرگانی لەگەڵ ئەمریکادا واژوو دەکات. دۆنالد ترەمپ ئەوەشی گوتبوو "ئەگەر سەرۆکی چین، شی جین پینگ لە لووتکەی (G-20)دا لە ژاپۆن ئامادە نەبێت، ئەوا باجی گومرکی زیاتر بەسەر کەلوپەلە هاوردەکراوەکانی چیندا دەسەپێنین". لە ماوەکانی ڕابردوودا، باجی گومرکی بە 250 ملیار دۆلار لە لایەن ئەمریکاوە بەسەر کەلوپەلە هاوردەکراوەکانی چیندا سەپێندرا.



ئێران چالاکیی ڕۆژنامەوانیی پەیامنێری نیویۆرک تایمزی قەدەغەکردووە

ئێران چالاکییە ڕۆژنامەوانییەکانی پەیامنێری ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە تاران، قەدەغەکردووە. ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاویکردەوە، حکوومەتی تاران بەبێ خستەڕووی هیچ هۆکارێک کارتی ڕۆژنامەنووسی پەیامنێری تارانی ڕۆژنامەکە، تۆماس ئیدبرینکی هەڵوەشاندوەتەوە و چالاکییە ڕۆژنامەوانییەکانی قەدەغەکردووە.

تۆماس ئیدبرینک کە هەڵگری ڕەگەزنامەی هۆڵەندایە و لە 2012دەوە تا ئێستا لە ئێران کاری ڕۆژنامەوانی دەکات، بە هۆی ئەوەی لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە کارتی ڕۆژنامەنووسی هەڵوەشێنراوەتەوە لە مانگی شوباتەوە تا ئێستا چالاکی ڕۆژنامەوانی ئەنجام نەداوە. هاوکات تەلەڤیزیۆنی فەرمی ئێران بڵاویکردەوە کە لە مانگی شوباتەوە تا ئێستا کارتی ڕۆژنامەنووسی پەیامنێری ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، تۆماس ئیدبرینک هەڵگری ڕەگەزنامەی هۆڵەندا، دەرێژنەکراوەتەوە.

بەریتانیا.. کاندیدانی سەرۆکوەزیران دیاریکران

دوای ئەوەی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، تیرێزا مای لە حەوتی حوزەیران دەستی لەکارکێشایەوە، 10 کاندید لە پارتی موحافزکارانی دەسەڵاتدارادا کێبڕکێ دەکەن بۆ پۆستی سەرۆکی پارتەکە کە بە چۆڵی ماوەتەوە. کاندیدانی ڕێبەری نوێ ئەمانەن: وەزیری دەرەوە، جێرمی هانت و وەزیری ناوخۆ، ساجید جاڤید و وەزیری تەندروستی، مات هانکۆک و وەزیری ژینگە، مایکڵ گۆڤ و وەزیری گەشەپێدانی نێودەوڵەتی، ڕۆری ستیوارت و وەزیری پێشووی دەرەوە، بۆریس جۆنسن و وەزیری پێشووی کار، ئیمەر ماکڤی و وەزیری پێشووی بریکسیت، دۆمینیک راب و سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی گشتی، ئاندریا لیدسۆم و بریکاری پێشووی سەرۆکی فراکسیۆنی پارتەکە، مارک هارپەر. هەروەها لە 13ی حوزەیران لە فراکسیۆنی پارتەکە لە ئاقام کاماراس دەنگ لەسەر کاندیدەکان دەدرێت. ئەو کاندیدانەی دەنگی لانیکەم17 پەرلەمانتار بەدەستدەهێنن لە 17ی نیساندا لە دووەم خولدا کێبڕکێ دەکەن. لەم خولەدا ئەوانەی دەنگی لانیکەم33 پەرلەمانتار بەدەستدەهێنن لە خولێکی دیکەی هەڵبژاردندا کێبڕکێ دەکەن. دەنگدانەکانی فراکسیۆنی پارتەکە لە ئەنجوومەنی گشتی بەردەوام دەبێت تا ژمارەی کاندیدان دادەبەزێت بۆ دوو کاندید. دواین دوو کاندیدیش دەچنە هەڵبژاردنێکەوە کە 125 هەزار ئەندامی پارتەکە لە ڕێگەی پۆستەوە دەنگیان لەسەر دەدەن. دوای ئەوەی لە 22ی تەموززدا دەنگدانەکە کۆتایی هات لە 23ی تەموززدا ڕێبەری نوێی پارتەکە و سەرۆکوەزیرانی نوێی وڵات ڕادەگەیەندرێت.

ئەمەریکا تا 31ی تەموز مۆڵەت بە تورکیا دەدات

چیتر ڕاهێنان بە فڕۆکەوانانی تورکیا لەسەر فڕۆکەی شەڕکەری F-35 ناکرێ

یاسادانەرانی ئەمەریکایی: ناکرێت تورکیا سیستەمی S-400 و فڕۆکەی F-35ی ئەمەریکایی پێکەوە هەبێت



ئیدارەی ئەمەریکا کە نیگەرانە لە کڕینی سیستەمی بەرگری ئاسمانی S-400 لەلایەن تورکیا لە ڕووسیا، بۆ پاشگەزبوونەوە لەم بڕیارە تا 31ی تەمموز مۆڵەتی بە تورکیا دا، بە پێچەوانەوە لە دوای ئەم بەرواردە ژمارەیەک هەنگاوی ئیداری نوێ لە بەرامبەر تورکیا دەگرێتەبەر.

وەزیری بەرگریی ئەمریکا بە وەکالەت، پاتریک شاناهان لە نامەیەکدا بۆ وەزیری بەرگریی تورکیا، خولوسی ئاکار، گوزارشتی لە ژمارەیەک هەنگاوی ئیدارەی ولاتەکەی لە 31ی تەموز بەدواوە، سەبارەت بە بەشداریی تورکیا لە پڕۆگرامی F-35 و لە نێویشیاندا ڕاگرتنی مەشقکردن بە فڕۆکەوانە تورکەکان، کردووە.

ئاماژە بەوەدەکرێت کە یەکێک لە وردەکارییە گرنگەکانی نێو نامەکە بریتییە لەوەی کە لە 31ی تەموزەوە مەشق پێکردنی فڕۆکەوانە تورکەکان کۆتایی پێدەهێنرێت و دوای ئەوەش داوا لە هەر42 فڕۆکەوانە تورکەکە کە لە بنکەی ئاسمانییەکانی لیوک لە ئەریزۆنا و ئیگڵین لە فلۆریدان، لە 31ی تەموزەوە بنکەکان جێبهێڵن.

ئەمە جگە لەوەی باس لە هەڵوەشاندنەوەی گەشتی34 فڕۆکەوان و کارمەندی هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا کە بڕیارە تا مانگی تشرینی دووەم بەمەبەستی مەشقکردن لەسەر فڕۆکە F-35ەکان بگەنە ئەمریکا، دەکرێت.

هەروەها لە نامەکەدا هاتووە کاربەدەستانی تورکیا بۆ ئەو کۆبوونەوەیەی کە پەیوەستە بە F-35 و بڕیارە لە 12ی حوزەیراندا بەڕێوەبچێت، بانگێشت ناکرێن. لە پاڵ ئەمانەدا باس لەوەشدەکرێت کە لە نامەکەدا هاتووە لە 31ی تەموزەوە کاربەدەستانی تورکیا ڕێگرییان لێدەکرێت بچنە ئۆفیسی پڕۆگرامی F-35ەوە.

جەخت لەوەش کراوەتەوە کە داواکاریی نادرێتە کۆمپانیا تورکییەکان بەمەبەستی بەرهەمهێنانی پارچەی یەدەگ و کارە هەنووکەییەکانی کۆمپانیا تورکییەکان دەدرێتە سەرچاوە جێگرەوەکان.

هەروەها تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە ئەگەر تورکیا لە کڕینی سیستەمی S-400 پاشگەزبێتەوە، ئەوا جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە دەوەستێنرێن. لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی هەواڵێکی سپوتنیکی ڕووسی، پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەمە 10ی حوزەیرانی 2019 بەڕپرسانی پنتاگۆن بە فەرمی ڕایانگەیاندووە کە چیتر ڕاهێنان بە فڕۆکەوانانی تورکیا ناکەن لەسەر فڕۆکەی شەڕکەری F-35 لە بنکەی هێزی ئاسمانی لووک لە ئەریزۆنا، ئەمەش بەهۆی بەشێک لەو کێشانەی کە کەوتنە نێوان واشنتۆن و ئەنقەرا بەهۆی کڕینی سیستەمی موشەکی بەرگریی ئاسمانی S-400 لە ڕووسیا.

وتەبێژی هێزی ئاسمانی کۆلۆنێل مایک ئەندریۆز بە ڕێتەرزی ڕاگەیاندووە: وەزارەتی بەرگری ئاگادار کراوەتەوە کە چیتر ڕاهێنان بە فڕۆکەوانانی تورکیا ناکرێت لەسەر فڕۆکەی شەڕکەری-35 F و هەروەها وتی پڕۆگرامەکە ڕاهێنان بە 4 فڕۆکەوان و2 فێرکەر و 20 کارمەندی پیشەسازی چاککردنەوە لەخۆ دەگرت. مایک ئەندریۆز ئاماژەی بەوەشداوە بەبێ گوڕانکاری لە سیاسەتی تورکیا، لە نزیکەوە بەردەوام دەبین لە کارەکانمان لەگەڵ تورکیا لەسەر بەشداری نەکردنیان لە ڕاهێنان لەسەر فڕۆکەی شەڕکەری F-35.

هەروەها ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا بڕیارێکی پەسەندکردووە کە تیایدا داوای لە تورکیا کردووە دەستبەردارێ بەدەستهێنانی سیستەمی بەرگری موشەکی S-400ی ڕووسیایی بێت. ئەنجومەنی نوێنەران ڕۆژی دووشەمە بڕیارەکەی پەسەندکرد، دەڵێت ئەگەربێت و حکومەتی تورکیا لە بەدەستهێنانی ئەم سیستەمە پاشگەز نەبێتەوە، ئەوا پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و تورکیا و هەروەها ڕۆڵی تورکیا لە ناتۆ دەکەونە بەر مەترسییەوە.

یاسادانەرانی ئەمەریکایی دەڵێن ناکرێت تورکیا سیستەمی S-400 و فڕۆکەی F-35ی ئەمەریکایی پێکەوە هەبێت، بۆیە هیچ چارەسەرێکی مامناوەندی نییە یان ئەوەتا ئەنکەرە دەستبەردارێ ئەم سیستەمەی ڕووسیا دەبێتەوە و پشتیوانی لێدەکەن بۆ بەدەستهێنانی سیستەمی بەرگری موشەکی پاتریۆتی ئەمەریکایی یانیش پاشگەز نەبێتەوە و بکەوێتە بەر سزاکانی ئەمەریکا و لە بەرنامەی فڕۆکەی F-35 بکرێتە دەرەوە. دەشڵێن ناتوانن تەکنەلۆجیایەک کە پەیوەندی بە ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکاوە هەیە بخەنە بەر دەستی ڕووسیا.

لەکاردانەوەیەکیشدا وەزارەتی دەرەوەی تورکیا دوێنێ سێشەمە لە بەیاننامەیەکدا بە تووندی ڕەخنەی لە بڕیارەکەی ئەنجومەنی نوێنەران گرت و نووسیویەتی بڕیارەکە ناگونجێت لەگەڵ ئەو پەیوەندییە دۆستانەی نێوان هەردوو وڵاتدا هەیە. جێی باسە تورکیا لەوەتەی ساڵی 2002ەوە هاوبەشی بەرهەمهێنانی فڕۆکەی F-35 و پلانی کڕینی 100دانەی لەم جۆرە فڕۆکەیە هەیە. تا ئێستا خاوەندارێتی چوار فڕۆکەی جۆری F-35 بە تورکیا دراوە و مەشق و ڕاهێنانیش لەسەر ئەم جۆرە فڕۆکەیە لە ئەمریکا بەردەوامە.

ئێران ڕێژەی بەرهەمهێنانی یۆرانیۆمی خۆی زیاتر کردووە

ناتانیاهۆ: ئێران لە هەر کاتێکی دیکە نزیکترە لە بەدەستهێنانی بۆمبی ناوەکی



سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهۆ ڕایگەیاند ئێران لە ئێستادا لە هەر کاتێکی تر نزیکترە لە بەدەستهێنانی بۆمبی ئەتۆمی. بەگوێرەی هەواڵێکی دەزگای فەرمی پەخشی ئیسرائیلی، ناتانیاهۆ ڕایگەیاندووە، وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف جارێکی تر درۆ دەکات.

لێدوانەکەی ناتانیاهۆ وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ گوتەکانی وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف دێت کە لە میانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ هاوتا ئەڵمانییەکەی، هایکۆ ماس ڕایگەیاندبوو: ناتانیاهۆ هەڕەشە بە وێرانکردنی ئێران دەکات، ناشبێت هەڕەشە لە گەلەکەمان بکات بەبێ وەڵامدانەوەی.

ناتانیاهۆ ئەوەشی گوتووە: ئەوە تارانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڕەشەی لەناوبردنی دەوڵەتی ئیسرائیل دەکات. ئاماژەی بەوەش کرد: ئێران لە هەر کات نزیکترە لە بەدەستهێنانی بۆمبی ناوەکی، هەوڵەکانی خۆشی بۆ پەلەکردن لە بەرنامە ناوەکییەکەی چڕتر کردووەتەوە. ناتانیاهۆ جارێکی دیکەش جەختی لەوە کردەوە کە ئیسرائیل ڕێگە نادات تاران بەهیچ شێوەیەک پەرە بە بەرنامەی چەکی ناوەکی بدات، ئەوەشی بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ئیسرائیل و جیهان ناوبرد.

لەلایەکی دیکەشەوە یۆکیا ئامانۆ، سکرتێری ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوکی لە پرێس کۆنفرانسێکدا ڕایگەیاند: ئێران بە فەرمی هەڕەشەکانی خۆی خستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و ڕێژەی بەرهەمهێنانی یۆرانیۆمی خۆی زیاتر کردووە. سکرتێری ئاژانسی نیوەدەوڵەتیی وزەی ناوکی ئاشکراشی کردووە: هێشتا دیار نییە کە ئاستی پیتاندن و بەرهەمهێنانی یۆرانیۆمی ئێران گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ئاژانس دیاریی کردووە یان نا. یۆکیا ئامانۆ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئاخۆ بەهۆی ئەوەی بڕیاری ئەنجومەنی بالای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران دروست نییە و ئەوانیش وەک پێشوو پرسی پابەندبوونی ئێران بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی پەسەند بکەن، گوتی: ئەوان بە ئەنجومەنی بالای ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوکییان ڕاگەیاندووە و ئێرانیش پابەندی ڕێککەوتنی ناوکی نەبووە. جێی باسە بەڕپرسانی بالای حکوومەتی ئێران سێ هەفتە لەمەوبەر ئاشکرایان کرد سەرەڕای پاراستنی ئاستی پیتاندنی یۆرانیۆم بەپێی ڕێککەوتنی ئەتۆمی، ئاستی بەرهەمهێنانی یۆرانیۆمی بۆ زیاتر لە 25 زیاتر کردووە کە ئەم بڕیارەی ئێران کاردانەوەی ئەمریکا و هەندێک وڵاتی ڕۆژئاوایی لێ کەوتەوە.



ژیان کامەران، کچە بێ ناسنامەکەی هەڵەبجە:

نێچیرڤان بارزانی هەمیشە پشت و پەناو خەمخۆری هەڵەبجەییەکان بووە

خەبات/عەلی بانیشاری

ژیان کامەران، کچە بێ ناسنامەکەی هەڵەبجە، کە پێش چەندین ساڵ لەمەوبەر بە هەوڵی حکوومەتی هەرێم لە کۆماری ئیسلامی ئێران دۆزرایەوە و دەرکەوت خەڵکەی هەڵەبجەیە و لە کیمیابارانەکەی 1988دا تەمەنی تەنها حەوت مانگ بووە. ناوبراو لە مەراسیمی سوێندخواردنی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەولێری پایتەخت ئامادەبوو، دەڵێ" کاک نێچیرڤان وەکو باوک و برا و خاڵ و مام بووە بۆمن و هەمیشە پشت و پەنای من و هەڵەبجەییەکان بووە". ژیان دەشڵێت" هیوادارم لە داهاتوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان زیاتر ئاوڕ لە هەڵەبجە بداتەوە و کار لەسەر کایسی منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە بکات".

ژیان کامەران ئێستا تەمەنی 32 ساڵە و لە شاری هەولێر دادەنیشێت. لەبارەی هاوکارییەکانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەو و ئاوڕلێدانەوەی دەڵێت" خوای گەورە منی بێ ناسنامە کرد، بەڵام کاک نێچیرڤان وەکو باوک و برا و خاڵ و مام بوو بۆم و شوێنی ئەوانی بۆ گرتمەوە". دەشڵێت" سوپاس بۆ خوای گەورە کە کاتێک گەرامەوە باشووری کوردستان کاک نێچیرڤانم ناسی". گوتیشی" ناتوانم بڵێم ئەو کەسایەتییە مەزنە چی بۆ کردم، بەڵکوو دەتوانم بڵێم چی بۆ نەکردم".

ژیانی تەمەن 32 ساڵ هەروەها دەڵێ" بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە ڕووی هەستەوە و سۆز و میهرەبانیشەوە زۆر جێگای بۆ پرکردمەوە، کە پێم وابوو لەو ڕووە ناتوانم بێمەوە ئاستی



پێشترم". ئەو دەشڵێت" نە بەڕێز کاک نێچیرڤان، بەڵکوو ستافەکەشی بەردەوام هاوکارم بوون و ڕێزیان لێگرتووم". باس لەوەشدەکات بەهۆی نەبوونی دەوڵەتەوە تائێستا بێ ناسنامەیە، چاوەڕوانە لە داهاتوودا ئەو ئاواتەی بێتەدی. ژیان کامەران گوتیشی" سەرۆک وەزیرانی پێشتر هەمیشە کاری لەسەر کەیسی بریندارانی کیمیابارانی هەڵەبجە و منداڵە ونبووەکانی ئەو شارە کردووە".

لەبارەی داواکاری ناوبراو لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێ" داواکارم بەڕێز نێچیرڤان بارزانی زیاتر کار لەسەر کەیستی منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە بکات و بە کەسوکاریان شادیان بکاتەوە". سەبارەت بە ئاوڕلێدانەوەی هەڵەبجە لەلایەن سەرۆک وەزیرانی پێشتر؟ ئەو دەڵێت" کاک نێچیرڤان هەر بەڵێنێکی بە هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان دابێت ڕاستەوخۆ جێبەجێی کردووە".

لەبارەی چاوەڕوانی ئەو لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان؟ ژیان کامەران دەڵێت: " زۆر ئیش ماوە بۆ پاریزگای هەڵەبجە بکرێت، منیش و تەواوی خەڵکی هەڵەبجەش چاوەڕوانی ئەوەین سەرۆکی هەرێمی کوردستان زیاتر ئەولەویات بە هەڵەبجە بدات، وەکو چۆن پێشتر بەهەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری ئەو و سەرۆک بارزانی شارەکە کرایە پاریزگا". ناوبراو دەڵێت" خەونم ئەوەیە ببینە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان، ئەگەر دەوڵەتمان هەبێت زۆر دڵخۆش دەبم ناسنامەکەم بە ناوی دەوڵەتی کوردستانەوە بێت و ئەوە یەکێکە لە ئاواتەکانی ژیانم".

ئاوات حوسامەدین، نوێنەری زەردەشتییەکانی کوردستان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی:

نێچیرڤان بارزانی هەمیشە لە خەمی پێکهاتەکاندا بووە و ئێمەی زەردەشتییش بۆ داهاتوو هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکەین

خەبات/عەلی بانیشاری

نوێنەری زەردەشتییەکانی کوردستان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکوومەتی هەرێم پێی وایە لە داهاتوودا لەسەر دەستی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان مافی زەردەشتیەکان وەکو کاکەیی و یەزیدیەکان پارێزراو دەبێت. ئاوات حوسامەدین دەشڵێت" بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕۆڵێکی گەورەی لە بواری ئاوەدانی و ئاشتی و پێکەوە ژیانی تەواو پێکهاتەکانی باشووری کوردستان هەبووە و بۆ داهاتوویش زیاتر لەوەی لێ چاوەڕوان دەکەین".

لە دیمانەیەکی کورتیدا لەگەڵ (خەبات) ئاوات حوسامەدین، نوێنەری زەردەشتییەکانی کوردستان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی دەڵێت" ئەوەی لە کوردستان لە ئاشتی و پێکەوە ژیان لە ڕابردوودا هەبووە دەستێکی باڵای بەڕێز نێچیرڤان بارزانی تێدا بووە و هەمیشە گوێی لە داواکاری تەواوی پێکهاتە و ئاینە جیاجیاکانی باشووری کوردستان گرتووە". دەشڵێت" کاتێک یاسای ژمارە 5ی 2015 دەرچوو و کە سەرۆک بارزانی ڕۆڵێکی گەورە تێدا بینی ئێمەی زەردەشتی توانیمان بڵێین هەین و ئیدی بۆمان هەبوو کارەکانی خۆمان ڕاپەڕێنین، چونکە چەند سەد ساڵێک بوو ئێمە ئەو مافەمان نەبوو، بەڵام پاش یاساکە ئەو مافەمان بۆ گەڕایەوە، هەموومان چاوەڕوانین لە کاک نێچیرڤان دەکەین کە پشت و پەنامان بێت بۆ داهاتوو".



نوێنەری زەردەشتییەکانی کوردستان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی گوتیشی" لەبەر ئەوەی لەم چەند ساڵەی دواییدا کوردستان ڕووبەڕووی زۆر تەحەدیات بوویەوە وەکو پێویست نەتوانرا داواکارییەکانی ئێمە جێبەجێ بکرێت، بەڵام بۆ داهاتوود بێگومان دۆخەکە لەبار دەبێت خواستەکانی ئێمە لەسەر دەستی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەدی دێت".

ئاوات حوسامەدین دەشڵێت" نابێت ئێمە ڕۆڵی کاک نێچیرڤان لە گەشەکردنی ئابووری لە بیر بکەین، کاریگەری و پێگەی ناوبراو وایکرد سەدان کۆمپانیای گەورە بێنە کوردستان و پەرە بە کارەکانیان بدەین و ڕێگاوبان و باڵەخانەی جوان بنیات بنێت".

نوێنەری زەردەشتییەکانی کوردستان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەروەها ئەوەشی گوت" کاک نێچیرڤان لەو کاتەوەی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بوو بەدەم شەهیدان و ئەنفالکراوان بوو و هەمیشە دووپاتی دەکردەوە کە خۆی بە قەرزداریان دەزانێت".

ناوبراو لەبارەی ڕۆڵی کاک نێچیرڤان لە بەدەمەوە چوونی ئێزدی و کاکەیی و فەیلیەکان دەڵێت" ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی هەمیشە لە خەمی ئەو سێ پێکهاتە گرنگەی باشووری کوردستان بووە، هەوڵێکی زۆری داوە کچە ڕفێنراوەکانی یەزیدی بگەڕێنێتەوە ناو کەسوکاریان و ڕێگریش بکات ئەو هێرشانە دەکرێتە سەر کاکەیی و فەیلیەکان بۆ ئەو مەبەستەش چەندین جار گفتوگۆی لەگەڵ حکوومەتی عێراق کردووە".

سەبارەت بە چاوەڕوانی زەردەشتیەکانی کوردستان لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان؟ ئاوات حوسامەدین دەشڵێت" چاوەڕوانین کاک نێچیرڤان هاوکارمان بێت لەوەی ئێمەی زەردەشتی گۆڕستان و پەرستگای تایبەت بە خۆمان هەبێت و هاوکارمان بکات بۆ ئەوەی شوێنەوارەکانی زەردەشتی لە هەرێمی کوردستان نۆژەنبکرێنەوە".

نوێنەری زەردەشتییەکانی کوردستان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکوومەتی هەرێم پێی وایە لە داهاتوودا لەسەر دەستی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی هەمیشە لە خەمی ئەو سێ پێکهاتەکانیش وەکو یەزیدی و کاکەیی کوردستان پارێزراو دەبێت.

ئەحمەد گەرمیانی، جێگری سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان:

ئەو کاتەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیران بوو گۆڕانکاری گەورە لە بواری پەروەردەدا کرا

خەبات/عەلی بانیشاری

جێگری سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دەڵێ" بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بەردەم خەمی مامۆستایانەوە بووە و ئەو ماوەیەیی کە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بووە خزمەتێکی بەرچاوی بە بواری پەروەردە کردووە و پاڵپشتی مامۆستایان بووە". ئەحمەد گەرمیانی دەشڵێت" کاتێک کاک نێچیرڤانم ناسی، گوتیشی" بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەماوەی قەیرانی دارایی دووجار لەگەڵ ئێمە دانیشت و پێی ڕاگەیاندین کە زۆر دڵتەنگە لە بوونی پاشکەوتی مووچە و لەگەڵ داواکارییەکانی ئێمە بوو و بەباشی گوێی بۆ گرتین و باسی لەوەشکرد کە حکوومەت بۆیە ئەو بڕیارەی داوە تۆشی قەیرانێکی دارایی سەخت بووە".



ئەحمەد گەرمیانی دەشڵێت" سەرۆک وەزیرانی پێشتر لەگەڵ ئەو مامۆستایانەش دانیشت کە لەسەر شەقام بوون و داوای مافی خۆیان دەکرد". گوتیشی" کاتێک پاشکەوتی مووچە هەڵگیرا کاک نێچیرڤان یەکەم وشە سوپاسی خۆڕاگری مامۆستایانی کرد، کە ئەوەیش بۆ ئێمە جێگەی دڵخۆشی بوو". ئەو ئاماژەی بەوەشدا لەو ماوەیەیی کاک نێچیرڤان سەرۆک وەزیران بوو کۆمەڵێک دەستکەوتی باشی بۆ بواری پەروەردە بەدی هێنا، کە ئەویش خۆی لە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ مامۆستایانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی و پاشان دروستکردنی 1950 خانوو بۆ مامۆستایانی کەلار و بەستنی دوو کۆنفرانسی گەورەی پەروەردە لە ساڵی 2007 و 2015 و دروستکردنی سەدان بینای قوتابخانە دەبینییەوە".


جێگری سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان گوتی" لەو ساڵانەی پارە هەبوو، سەرۆک وەزیران پارەیەکی زۆر بۆ بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا خەرجکرد، هەر ئەوەیش بووە هۆی ئەوەی لە 2003 بەدواوە گۆڕانکاری گەورە لە بواری پەروەردەدا بەدی بێت". گەرمیانی ئەوەشی گوت" لەو سەردەمەی کاک نێچیرڤان سەرۆک وەزیران بوو کاری گەورە بۆ بواری پەروەردە ئەنجامدرا، کە پێشتر هەرگیز بۆ بوارەکە نەکرابوون".

ناوبراو دەڵێت" داواکارین بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کار لەسەر کۆمەڵێک خاڵ بۆ پەروەردە بکات، لەوانەش: دابەشکردنی زەوی بەسەر مامۆستایان و دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئەوانەی لە بواری پەروەدە خزمەت دەکەن و هەروەها دیاریکردنی چارەنووسی پاشکەوتی مووچە و زیادکردنی بودجەی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، کە بوودجەی ئێستایان زۆر کەمە و بەشی گەشەکردن و پێداویستەکانی ئەو دوو وەزارەتە ناکات".

جێگری سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دەڵێ" بۆ داهاتوویش چاومان لە دەستی کاک نێچیرڤانە و دڵنیاین بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتی کردنی بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا و گۆڕانکاری باشیش دێتە ئاراوە".

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
www.xebat.net
چوارشەممە 2019/6/12 ژمارە (5766)
خەبات

پۆلیسی دهۆک: هیچ ڕێگرییەکی یاسایی بۆ لەسێدارەدانی بکوژی دلین نییە



دوای تاوانی کوشتنی دلین وەلید، لە چەند شوێنی گشتیی دهۆک هاوواڵتیان خۆپیشاندانیان ساز کردووە و داوای ئەوە دەکەن بکوژی دەلین بە زووترین کات لە پارکی نەورۆز لەنێو بازاڕی دهۆک لەپێش چاوی هاوواڵتییانەوە لەسێدارە بدرێت و لەمبارەشەوە پۆلیسی دهۆک ڕوانگەی خۆی خستۆتە ڕوو.

لەمبارەوە موقەدەمی مافپەروەر، هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای دهۆک لە پێگەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاوی کردۆتەوە: دیارە ئەمە یەکەم تاوان نییە و بێگومان دوا تاوانیش نابێت کە لەمجۆرە ڕوویان دابێت و نەتەنیا لە وڵاتی ئێمە نییە، بەڵکو لە هەموو وڵاتانی جیهان ئەمجۆرە تاوانانە ڕوو دەدەن.

دیارە حکوومەتەکان بەتەواوی و بەتەنیا ناتوانن کۆنترۆڵی ئەو جۆرە تاوانانە بکەن، لە هەر جێیەک بە گوێرەی کولتوور و دابونەریتی خۆیان دەتوانن هەندێ هەنگاو بۆ کەمکردنەوەی ئەو جۆرە تاوانانە بهاوێژرێن.

هێمن سلێمان ئەوەشی زیاد کردووە: یان پێویستە لە کاتی ئاشکراکردنی ئەنجامدەرانی ئەو جۆرە تاوانانە، سزای سێدارەدانی بەسەر تاوانباراندا بسەپێندرێت و لە گۆڕەپانی گشتی و بە ئاشکرایی لەپێش چاوی هاوواڵتییانەوە ئەنجام بدرێت، لەبەر ئەوەی ئامانج لە سزا پێشگرتنی تاوانی گشتی و تاکە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا و ئەمەش دەبێتە یەکێک لە ئەگەرە سەرەکییەکانی کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوانەکان لەم خاڵانەدا:

- جێبەجێکردنی دادپەروەری
- سەپاندن و جێبەجێکردنی سزا
- هۆشیاکردنەوەی هاووڵاتیان
- پاککردنەوەی کۆمەڵگە لە مرۆڤی خراپ

گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای دهۆک گوتیشی: لەڕووی دینی و مەزهەبیشەوە دەکرێ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە وەک قەساس ببێتە پەند و عیبرەتێک هەتا کەسانی دیکە تاوانی لەو جۆرە نەکەن و ئەو تاوانەی کە ئەنجام دراوە، بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی1969 ئەو تاوانەی کە ئەنجام دراوە، بەتەنیا لە یەک مادە یاساییەیەکەدا ئاماژەی پێ نەکراوە، بەڵکو جیا لەسزای سێدارەدان هیچ سازایەکی دیکە بۆ ئەو تاوانبارانە نییە.

هەروەها دیسان لەبارەی شوێنی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانیش، پێویستە لە بارەگای چاکسازی زیندان، یان هەر جێیەکی دیکە.

ئاماژەی بەوەش کردووە: مادام لەڕووی یاساییەوە هیچ ڕێگرییەک نییە، ئێمە داواکارین تاوانبارەی ئەو کەیسە هاوشێوەی تاوانەکە بە ئاشکرا و لە گۆڕەپانی گشتی و لە پێش چاوی گشتی لەسێدارە بدرێت تاکو ببێتە دەرس و عیبرەت بۆ ئەو بیروهزرانەی ئەو جۆرە تاوانانە دەکەن و هاوکات ببێتە هۆشیارییەک بۆ کۆمەڵگە بەگشتی و متمانەیەک بۆ سەروەریی یاسا.

پارێزگاری هەولێر: لێکدانەوەی نەرێنی و دوور لە ڕاستی وێنەکە کراوە



نایشبکات، یان جۆرەی چاو لە لە چرکەیەکدا نمایشێکی نادروست پیشانبدات کە وانەبووە. لەبارەی پەیوەندی نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر و دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون هاتووە: پەیوەندی نێوان کاک دەرباز کۆسرەت ڕەسول و کاک نەوزاد هادی پەیوەندییەکی زۆر تایبەت و برایانەیە و زۆربەی کاتەکان لەگەڵ یەکدین و لە پەیوەندیدان، هەربۆیەش لەو ڕێوڕەسمە چەندینجار قسەیان لەگەڵ یەکدی و لەگەڵ بەڕێز عەلی سندی کردووە و سەرنجیان لای یەکدی بووە، بەبێ ئەوەی لە گوێگرتن و ئاگابوونیان لە ڕێوڕەسمەکە و بڕگەگانی داببڕێن. لە کۆتایی ڕاگەیێنراوەکەشدا هاتووە: پەیوەندی ئەو دوو بەڕێزە زۆر برایانە و قوڵ و لەوە گەورەترە کە هیچ تۆمەت و پلار و قسەی نابەجێ هەڵبگرێت.

پارێزگاری هەولێر ڕوونکردنەوە لەبارەی ئەم وێنەیە دەدات کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراوەتەوە و ڕایدەگەیێنێت: لێکدانەوەی نەرێنی و دوور لە ڕاستی بۆ کراوە. لە بەشێکی ڕوونکردەوەکەدا هاتووە زۆرجار وێنە دەربڕی ڕاستییەکان نابێت، چونکە گوزارشت لە گرتەی چرکەیەک دەکات و ڕاستییەکان وەکو خۆی پیشان نادات، کە ڕەنگە چرکەی چاونوقاندنێکی ئاسایی وەکو خەوتن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا وەرگیراوە ڕایدەگەیێنێت: بەداخەوە لێکدانەوەی نەرێنی و دوور لە ڕاستی بۆ کراوە. لە بەشێکی ڕوونکردەوەکەدا هاتووە زۆرجار وێنە دەربڕی ڕاستییەکان نابێت، چونکە گوزارشت لە گرتەی چرکەیەک دەکات و ڕاستییەکان وەکو خۆی پیشان نادات، کە ڕەنگە چرکەی چاونوقاندنێکی ئاسایی وەکو خەوتن

لەمەودوا تەنیا لە پێشانگاکان ڕێگا بە کڕین و فرۆشتنی ماتۆرسیکل دەدرێت

جێگری سەرۆکی ژووی بازرگانی سلێمانی ئاشکرای کرد لەمەودوا هاوشێوەی ئۆتۆمبێل دەبێت ماتۆرسیکلیش لە پێشەنگاکان کڕین و فرۆشتنیان پێوەبکرێت.

یاسین ڕەحیم، جێگری سەرۆکی ژووی بازرگانی سلێمانی بە باسنیوزی ڕاگەیاندوە: لەپێناو کەمکردنەوەی سەرپێچی هاتوچۆ و باشی کوالێت و جۆری ماتۆرسیکلەکان و کەمکردنەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی کە بەهۆیەوە ڕووەدات، بڕیارماندا لەمەودا هاوشێوەی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل دەبێت ماتۆرسیکلیش پێشەنگای تایبەت بەخۆی هەبێت و خاوەنەکەی بە چەند مەرجێک مۆڵەت وەربگرێت و کاری کڕین و فرۆشتن بکات.

گوتیشی: فرۆشتنی ماتۆرسیکلەکە دەبێت هاوشێوەی ئۆتۆمبێل پێداویستی لەگەڵ بێت بۆ ئەوەی خاوەنەکەی بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و تووشی گرفت نەبێت.

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە چەند ساڵێکە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاوردەکردنی ماتۆرسیکلی قەدەغەکردووە بەڵام تاوەکو ئێستا بەبەردەوامی لە شارەکانی عێراقەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، گوتیشی: لە هەوڵدایین کە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ گفتوگۆ بکەین و ئەو گرفتە چارەسەر بکەین.

جێگری سەرۆکی ژووی بازرگانی سلێمانی باسی ئەوەشی کرد کە هەر کەسێک داوای مۆڵەت بۆ دانانی پێشانگای ماتۆرسیکل بکات، دەبێت تەمەنی لەسەرووی 25 ساڵ بێت و بەڵایەنی کەمەوە بڕوانامەی شەشەمی بنەڕەتی هەبێت و ئەزموونی لەو کارەدا هەبێت و لەکاتی سەرپێچیکردنی مەرجەکانیش لە ڕێگەی پۆلیسی هاتوچۆ و لایەنی پەیوەندیدارەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

پارێزگەها مووسل دێ کارکەن بۆ دروستکرنا پرۆژێن پێدڤی بۆ شێخان



خەبات- ئالان شەهاب: سیروان ڕۆژبیانی جێگرێ ئێکێ یێ پارێزگارێ مووسل پشتی دەست بکاربوونا وی سەردانا قائیمقامیا قەزا شێخان دا دگەل سردار یەحیا عەبدولعەزیز قائیمقامێ قەزا شێخان کۆمبو، لدور وان پرۆژێن پێتڤی یێن قەزا شێخان ب ئیدارا مووسل ڤە گرێدای. سیروان ڕۆژبیانی جێگرێ ئێکێ یێ پارێزگارێ مووسل ب خەبات ڕاگەهاند: مەرەم ژ ئەنجامدانا کۆمبونێ دگەل قائیمقامێ قەزا شێخان لدور وان پرۆژێن پێتڤی یێن بۆ قەزایێ نەهاتینە ئەنجام دان یێن ئیدارا مووسل ڤە گرێدای کۆ پشتی دەست بکاربوونا پارێزگارێ نوی کار بکەین کو قەزا شێخان وەکو هەموو قەزایێن دی یێن ب پارێزگەهێ ڤە گرێدای مافێ وان ژ ڕوێ پرۆژان ڤە نەهێت خارن هەر بودجەیەکا بهێت بو وان قەزا و ناحیا بەهرا شێخان ژی تێدابیت. ناڤێهاتی خوباکر د بەردەوامیا کومبوونا خۆدا گەنگەشە هات کرن کۆ باوەریێ بۆ ئاوارێن نەڤگەڕیانینە سەر جهێن خۆ دروست کەن ئەو ئاوارێن دناڤ کەمپان دا دژین ل قەزا شێخان. ناڤێهاتی گوت: قەزا شێخان یا بێ بەهرە ژ پشکەک ژ پرۆژێن خزمەتگوزاری دێ کار کەین کۆ ئەو پرۆژێن پێتڤی بۆ قەزا شێخان ئەنجام دەین.

لەمەودوا تەنیا لە پێشانگاکان ڕێگا بە کڕین و فرۆشتنی ماتۆرسیکل دەدرێت

جێگری سەرۆکی ژووی بازرگانی سلێمانی ئاشکرای کرد لەمەودوا هاوشێوەی ئۆتۆمبێل دەبێت ماتۆرسیکلیش لە پێشەنگاکان کڕین و فرۆشتنیان پێوەبکرێت.

یاسین ڕەحیم، جێگری سەرۆکی ژووی بازرگانی سلێمانی بە باسنیوزی ڕاگەیاندوە: لەپێناو کەمکردنەوەی سەرپێچی هاتوچۆ و باشی کوالێت و جۆری ماتۆرسیکلەکان و کەمکردنەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی کە بەهۆیەوە ڕووەدات، بڕیارماندا لەمەودا هاوشێوەی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل دەبێت ماتۆرسیکلیش پێشەنگای تایبەت بەخۆی هەبێت و خاوەنەکەی بە چەند مەرجێک مۆڵەت وەربگرێت و کاری کڕین و فرۆشتن بکات.

گوتیشی: فرۆشتنی ماتۆرسیکلەکە دەبێت هاوشێوەی ئۆتۆمبێل پێداویستی لەگەڵ بێت بۆ ئەوەی خاوەنەکەی بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و تووشی گرفت نەبێت.

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە چەند ساڵێکە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاوردەکردنی ماتۆرسیکلی قەدەغەکردووە بەڵام تاوەکو ئێستا بەبەردەوامی لە شارەکانی عێراقەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، گوتیشی: لە هەوڵدایین کە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ گفتوگۆ بکەین و ئەو گرفتە چارەسەر بکەین.

جێگری سەرۆکی ژووی بازرگانی سلێمانی باسی ئەوەشی کرد کە هەر کەسێک داوای مۆڵەت بۆ دانانی پێشانگای ماتۆرسیکل بکات، دەبێت تەمەنی لەسەرووی 25 ساڵ بێت و بەڵایەنی کەمەوە بڕوانامەی شەشەمی بنەڕەتی هەبێت و ئەزموونی لەو کارەدا هەبێت و لەکاتی سەرپێچیکردنی مەرجەکانیش لە ڕێگەی پۆلیسی هاتوچۆ و لایەنی پەیوەندیدارەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

به فێڵ 560 کارتۆن جگەرەی ئێرانی هێنراوەتە ناو شاری هەولێر



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: لێژنەی پشکنین وچاودێری بازاڕ بەسەرپەرشتی نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر، دوای چاودێریکردن و بەدواداچوونی بەردەوام بۆ ماوەی 10 ڕۆژ توانی لە گەڕەکی فەرمانبەرانی شاری هەولێر دەست بەسەر بڕی 7 تۆن جگەرەی مریشکی ئێرانی قەدەغەکراودا بگێرێت.

شێوازی هاوردەکردنی ئەو جۆرە جگەرەیە بە دوو ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر بووە جۆری ئەو بارەی باریان کردبوو ورده بەردی پوکەوپۆزنزا بووە بەڵام بەداخەوە لەناو هەرگونییەکی ئەوجۆرە بارەدا 14 کارتۆن جەرگی مریشکی تێدا حەشار دراوبوو کە کۆی گشتی دەکاتە560 کارتۆن لە وڵاتی ئێران بۆ ناوەڕێمی کوردستان. شایەنی باسی لەسەر ئەم کەیسە 4 کەس دەستگیرکراون و هەردوو ئۆتۆمبێلەکە دەستیان بەسەردا گیراوە، لەگەڵ سەرجەم ئەو بڕە جگەرەیە و پەڕوای لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوەتەوە و بە پێی یاسا و بڕیاری دادگا کاردانەوەیان لەگەڵدا دەکرێت.

هەولێر... پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بە بەشداری 280 کۆمپانیای ئێرانی کرایەوە

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: دوێنێ سێشەممە2019/6/11 بە ئامادەبوونی نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و سەفین دزەیی گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تاهیر عەبدوڵڵا جێگری پارێزگار و کونسوڵی گشتی ئێران لە هەولێر و ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و دارا جەلیل خەیات سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەرێم و ئەندامانی ژووری بازرگانی و ژمارەیەک لە بازرگانانی کوردستان و ژمارەیەک لە بازرگانانی وڵاتی ئێران، پێشانگاکە کرایەوە.



لەمبارەیەوە نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر ڕوونیکردەوە: پێشانگای ئەمجارە تایبەتە بە کۆمپانیاکانی وڵاتی ئێران و تیایدا لەسەر ئاستی وڵاتی ئێران 180 کۆمپانیای ئەو وڵاتە بەشداریان لەو پێشانگایەدا کردووە و جۆرەها کەلوپەلیان تیایدا نمایش کردووە هەر لە خۆراک تا دەگاتە کەلوپەلی بیناسازی، کارەبایی. دیارە ئەوەش نیشانەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان کوردستان و وڵاتی ئێرانە وەک دراوسێ و نزیکبوونەوە لە یەکتر. هەموو کاتیش کاڵا و کەلوپەلی ئێرانی لە ناو بازاڕەکاندا بەرچاو دەکەوێت و بەردەوام خواست لەسەر کالای ئێرانی هەر هەیە.

دواتر کونسوڵی وڵاتی ئێران لە وتەیەکدا سوپاسی پارێزگاری هەولێر و حکومەتی هەرێمی کرد کە هەمیشە پاڵپشتی لە بازرگانان دەکەن و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان هەردوو زۆر بەهێزە.

دواتر سۆران قادر عەزیز بەڕێوەبەری پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر ڕوونیکردەوە: لە سەرەتای ئەمساڵەوە، پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر ژمارەیەک پێشانگای گەورەی کردۆتەوە بۆ ئەوەی کەرتی بازرگانی و ئابووری زیاتر بەڕەو پێشەوە بڕوات، بەردەوامیش هەوڵ دەدەین بۆ کردنەوەی پێشانگای زیاتر بۆ ئەوەی جموجۆڵی بازرگانی گەشەی زیاتر بکات.

گوتیشی: پێشانگای ئەمجارە تایبەتە بە وڵاتی ئێران و زیاتر لە280 کۆمپانیای وڵاتی ئێران بەشدارن لەو پێشانگایەدا و بەهەموو جۆرە کەلوپەل و کالایەک لەوانە: کشتوکاڵ و ناومالّ و خۆراک و... هتد بەشدارن و ئێمەش لە پێشانگای نێودەوڵەتی بە هەموو شێوەیەک ئاسانکاریمان بۆ کردوون و پێشانگای زیاتر لە هەولێر دەکرێتەوە و ئامادەکاریمان بۆ کردنەوەی چەندین پێشانگا کردووە و پێشانگاکەش چەند ڕۆژێک بەردەوام دەبێت.

مەحما خەلیل: پرۆژەکێ نوو بۆ شنگال هاتیە پێشکێشکرن



قایمقامێ قەزا شنگال دیار کر: پرۆژەکێ نوو ژلایێ ئیدارا شەرعی یا شنگال ڤە بۆ حکومەتا عێراقی و ئیدارا پارێزگەها نەینەوا هاتە پێشکێشکرن. ل گۆری وێ پرۆژێ ماوەکێ دەست نیشانکری هاتیە دانان بۆ زڤرینا ئاوارێن شنگال ئارامیا شنگال. مەحما خەلیل قایمقامێ قەزا شنگال بۆ باسنیوز دیار کریە: نۆکە مە پرۆژەکێ نوو بۆ خزمەتکرنا شنگال و خەلکێ شنگال دایە بەغدا، ئەم چاڤەرێنە پێنگاڤێن جددی ل سەر بهێنە هاڤێتن. هەکە کار ل سەر ئیمناهی ل شنگال بەرقراربیت و مەترسی ل سەر ژیانا خەلکێ شنگال نەمینت ماوەکێ دەست نیشانکری دا دێ هەموو ئاوارە زڤرنە سەر جھ و مالێن خوە و هەکە ژی هات پرۆژەی نوو نەهێتە بجھ ئینان وئارامی ل شنگال دروست نەبیت دێ ڕەوشا وەک بزووتنەوەی گۆڕان کەس ناتوانێت ناچارمان بکات و بمانکاتە هێزێکی چەکداریی تووندوتیژ، ئێمە ڕێکاری مەدەنی و یاسایی هەیە، ئەوانە دەگرینە بەر تا کێشەکان چارەسەر بکرێت.

هاوکات داوای لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد، کۆتایی بە بوونی هێزی چەکدار لەدەست لایەنە سیاسییەکان بهێنن و هێزە چەکدارەکان لە چوارچێوەی هێزێکی نیشتمانیدا کۆبکەنەوە. خەلیل سەرکانی دووپاتیشی کردەوە کە ئەوان لە ماوەی ڕابردوودا بە ڕاستگۆیانە کاری خۆیان کردووە و ئێستاش کە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕێککەوتنیان هەیە، پابەندین و سەربەخۆیی سیاسیمان هەیە و بەشداری دەکەین لە دەنگدان بە سەرۆکی حکوومەتیش، بۆیە ئەگەر فشار بۆ ئەوەبێت، پرۆژێ نوو بهێتە کرن و دروست نەبیت دێ ڕەوشا شنگال و خەلکێ شنگال بەرقراربیت و مەترسی ل سەر ژیانا خەلکێ شنگال نەمینت ماوەکێ دەست نیشانکری دا دێ هەموو ئاوارە زڤرنە سەر جھ و مالێن خوە و هەکە ژی هات پرۆژەی نوو نەهێتە بجھ ئینان وئارامی ل شنگال بەرقراربیت، ئەشێن ڤەگەڕن. خویا ژی کر: بۆ ئاڤەدانیا شنگال وقەڕەبوو کرنا زیانێن کەتیێن شنگال و ئارامکرنا ڕەوشا شنگال ئەم هەوڵێن بەردەوامداینە دگەل حکومەتا عێراقی و ئیدارا پارێزگەها نەینەوا.

خەبات- ئارام شێرکۆ: بە هۆی ئامادەنەبوونی ژمارەی پێویستی ئەندامانی ئەنجوومەن، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا بەمەبەستی بڕیاردان لە خەرجکردنی416 ملیار دیناری بوودجەی پارێزگاری کەرکووک بۆ ساڵی 2019 کە سەبارەت بە خەرجکردنی 416 ملیار دینار چونکە ناشەفافی زۆر لە پرۆژەکان دەبینرێت و جیاوازییەکی زۆر کراوە لە ئەنجامدانی پرۆژەکان لە گەڕەکە کوردنشین و عەرەبنشینەکانی شارەکە شکستی هێنا و ئەنجوومەن نەیانتوانی هیچ بڕیارێک بدەن. کۆبوونەوەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە ئامادە بوونی 19 ئەندامی ئەنجوومەن بەڕێوەچوو کە9 ئەندامیان لە لیستی برایەتی بوون و 6 ئەندامی تورکمانەکان و 4 ئەندامی عەرەبەکان بوو بەڵام دواتر 2 لە عەرەبەکان کۆبوونەوەکانی بەجێهێشت و 17 ئەندام لە کۆبوونەوەکە بڕیارێک بدەن سەبارەت بە خەرجکردنی بوودجەی2019 پترو دۆلار بوودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکانی. ئەو پرۆژانەی کە بڕیارە لە بوودجەی پترودۆلار بکرێت بریتییە لە 168 پرۆژە کە پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک دەیەوێت 50 پرۆژە بە ڕاستەوخۆ جێبەجێ بکات ئەمەش ناشەفافی و گەڕەی بوونی گەندەڵی تێیدا بەدی مانەوە، بۆیە نەیانتوانی هیچ بڕیارێک بدەن سەبارەت بە خەرجکردنی بوودجەی2019 پترو دۆلار بوودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکانی. ئەو پرۆژانەی کە بڕیارە لە بوودجەی پترودۆلار بکرێت بریتییە لە 168 پرۆژە کە پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک دەیەوێت 50 پرۆژە بە ڕاستەوخۆ جێبەجێ بکات ئەمەش ناشەفافی و گەڕەی بوونی گەندەڵی تێیدا بەدی مانەوە، بۆیە نەیانتوانی هیچ



ئەنجوومەنی پارێزگا ڕێگەیان بەسەرفکردنی نەداوە هەر سەبارەت بەمەش ئەندامانی ئەنجووم نەیان ویست قسە لە سەر ئەو کارە بکەن. نەجات حوسێن ئەندامی ئەنجوومەن لە لیستی تورکمانەکان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی گووتی: ئەو کارە بەم شێوەیە نابێت، ئەوان دەیانەوێت بڕی 100 ملیۆن دۆلار وەک دەکرێت بۆیە ئەندامانی بڕیارەکە بدەن، بەڵام ئێمە گووتومانە با 20 ملیۆن دۆلار تەرخان بکرێت، کە ئەویش 10 ملیۆن دۆلاری بۆ کەرتی تەندروستی بێت و 10 ملیۆن دۆلاریشی بۆ کرینی کارەبا بێت بۆ شارەکە نەک 100 ملیۆن دۆلار کە ئەمە پارەیەکی زۆر زۆرە. نەجات حوسێن گوتیشی: پرۆژەکانی پترۆدۆلار168 پرۆژەیە کە بڕیارە 50 پرۆژە بە ڕاستەوخۆ ئەنجام بدرێت ئەمەش ناشەفافە و ناکرێت ئەنجام بدرێت چونکە دەبێتە هۆکاری گەندەڵی. ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە41 ئەندام پێکهاتووە لە پاش ڕوودواوەکەی 16 ئۆکتۆبەرەوە نەیانتوانیوە هیچ کۆبوونەوەیەکی ئاسایی ئەنجام بدەن بە هۆی ئامادەنەبوونی ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجوومەن کە تاکو ئێستا نەتوانراوە 20 ئەندام لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی تەلاری ئەنجوومەنی پارێزگای شارەکە کۆبکەنەوە.

چوارەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک شکستی هێنا

گۆڕان: لەبەر باسکردنی 16ی ئۆکتۆبەر تەقە لە گردی زەرگەتە کراوە

پۆلیسی سلێمانی: تەقە لە مەکۆی گۆڕان نەکراوە



سەرکردەیەکی بزووتنەوەی گۆڕان ئاشکرای کرد کە بەهۆی ئەوەی میدیای بزووتنەوەکە ڕاپۆرتێکی لەبارەی چەند کەسێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووە، شەوی ڕابردوو تەقە لە گردی زەرگەتەی گۆڕان کراوە.

شەوی ڕابردوو، تەقە لە مەکۆی سەرەکیی گۆڕان کرا و بەو هۆیەوە پاسەوانێکی گردی زەرگەتەی گۆڕان گیانی لەدەست دا. لەمبارەیەوە خەلیل سەرکانی، سەرکردەی دیاری گۆڕان بە باسنیوزی ڕاگەیاندوە: هێرشی دوێنێی سەر گردی زەرگەتە، بە پاساوی ئەوە بووە کە گوایە ڕاگەیاندنی گۆڕان ڕاپۆرتێکی کردووە لەسەر ئەوەی هەندێک برادەری یەکێتی بەشداریان نەکردووە لە مەراسیمی سوێند خواردنی سەرۆکی هەرێم، بەڵام بەشێکی ئەم حزبانە هیچ شتێکیان پێ قەبوول ناکرێت، جگە لەزمانی چەک بەوڵاوە گفتوگۆ نازانن، وەک بزووتنەوەی گۆڕان کەس ناتوانێت ناچارمان بکات و بمانکاتە هێزێکی چەکداریی تووندوتیژ، ئێمە ڕێکاری مەدەنی و یاسایی هەیە، ئەوانە دەگرینە بەر تا کێشەکان چارەسەر بکرێت.

هاوکات داوای لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد، کۆتایی بە بوونی هێزی چەکدار لەدەست لایەنە سیاسییەکان بهێنن و هێزە چەکدارەکان لە چوارچێوەی هێزێکی نیشتمانیدا کۆبکەنەوە. خەلیل سەرکانی دووپاتیشی کردەوە کە ئەوان لە ماوەی ڕابردوودا بە ڕاستگۆیانە کاری خۆیان کردووە و ئێستاش کە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕێککەوتنیان هەیە، پابەندین و سەربەخۆیی سیاسیمان هەیە و بەشداری دەکەین لە دەنگدان بە سەرۆکی حکوومەتیش، بۆیە ئەگەر فشار بۆ ئەوەبێت، کارمان لێناکات.

لە کاتێکدا بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان گرووپێکی نێو لایەنێکی سیاسی بە تەقەکردن لە مەکۆی سەرەکیی گۆڕان تۆمەتبار دەکەن، پۆلیسی سلێمانی ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە تەقە لە بارەگاکەی گۆڕان کرابێت.

بەپێی ڕوونکردنەوەیەکی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، کاتژمێر 1:30 خولەکی بەرەبەیانی ڕۆژی سێشەمە 2019/6/11 گرژی و ئالۆزی کەوتووەتە نێوان کۆمەڵێک چەکدار و پاسەوان سکیورتی نەخۆشخانەی ئەنوەر شێخە، چەکدارەکان ویستویانە بەزۆر بچنە نێو نەخۆشخانەکەوە، بۆیە هێرشیان کردۆتە سەر سکیورتییەکان و تەقە لەبەردەم نەخۆشخانەکە دروست بووە.

پۆلیسی سلێمانی دەڵێت، تەقەکان لە مەکۆی سەرەکیی گۆڕان دوور بوون و بەهۆیەوە هاوواڵتییەک بەناوی ڕ.ف کە پێشتر گۆڕان ڕای گەیاندووە، ناوی ڕێبەند فەرهاد و پاسەوانی مەکۆی گۆڕانە، بریندار بووە و پاش گەیاندنی بە نەخۆشخانە، گیانی لەدەست داوە.

هەر لەو ڕوونکردنەوەیەدا هاتووە: بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پۆلیس، دەرکەوتووە کە بەهیچ جۆرێک تەقە لە مەکۆی سەرەکیی گۆڕان نەکراوە و تەنها کێشەکە لەنێوان چەکدارەکان و سکیوربتیی نەخۆشخانەکەدا بووە. لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن، لەداهاتووشدا تەواوی ڕێکارە یاساییەکان بۆ هاوواڵتییان دەخەینە ڕوو.

پێشتر نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بە باسنیوزی ڕاگەیاندبوو: دەرنەگانی شەوی ڕابردوو، هاوواڵتییەک لە نزیک گردی زەرگەتەی بزووتنەوەی گۆڕان کوژراوە.

بەپێی زانیارییەکانی باسنیوز کە لە سەرچاوەیەکی گۆڕانەوە زانیویەتی، بەرپرسانی گۆڕان لەکاتی سەیرکردنی کامێراکانی چاودێریی گردی زەرگەتە، بۆیان دەرکەوتووە کە لە چەند لایەکەوە تەقە لە مەکۆی گۆڕان کراوە و دوو ئۆتۆمبێلی مێگزەمین و فۆردێکی ڕەش لەکاتی تەقەکردنەکەدا بینراون.

هەر لەبارەی ئەو ڕووداوە، خەلیل سەرکانی، ئەندامی جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە کە بەهۆی ئەوەی میدیای گۆڕان ڕاپۆرتێکی لەبارەی چەند کەسێکی نێو یەکێتییەوە کردووە و باسی 16ی ئۆکتۆبەر کراوە، تەقە لە مەکۆی گۆڕان

عەربەت... بڕێکی زۆری پۆش و پاوانی ناوچەکە سووتا

دوێنێ سێشەمە لە شاخێکی نزیک شارۆچکەی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی، بە هۆی کەوتنەوەی ئاگرەوە، بڕێکی زۆری پۆش و پاوانی ناوچەکە سووتا و تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە و پۆلیسی دارستان لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکەیان دا.

سەرەڕای هەوڵ و ڕێوشوێنەکانی لایەنە بەرپرسەکانی ئیدارەی پارێزگای سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی کە لە مانگی ئایاری ڕابردووەوە هەوڵەکانیان بۆ ڕێگریکردن لە ئاگرکەوتنەوە و سووتانی پۆش و پاوان دەستپێکردووە، بەڵام لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و هاتنی وەرزی هاویندا، کەوتنەوەی ئاگر و سووتانی پۆش و پاوان زیاتر دەبێت.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی، دوو ڕۆژ لەمەوبەر و بە هۆی ئاگرێکی گەورە لە سنووری قەزای چەمچەماڵ، نزیکەی 80 دۆنم زەوی پۆش و پاوان سووتاوە.

بە هۆی زۆری باران بارینی ئەمساڵ و بەردەوامبوونی باران بارین تا مانگی ئایاری ڕابردوو لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، ئاستی گژوگیا و پۆش و پاوان بە بەراورد بە ساڵانی پێشتر زیاترە و مەترسی کەوتنەوەی ئاگر لەو ناوچانەدا زۆرترە.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی بۆ ئەو مەبەستە داوا لە هاوواڵتییان دەکات لە کاتی سەردانیان بۆ دەرەوە، بەتایبەت ئەو ناوچانەی دەغڵودان و پۆش و پاوانی تیادایە زیاتر بە بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە بکەن و نەبنە هۆکاری کەوتنەوەی ئاگر لەو ناوچانەدا.

کەرنەڤالا ڕۆژا پارێزگەهبوونا دهۆکێ ب چەندین چالاکیان دهێتە کرن



بەرپرسا ڕاگەهاندنێ ل ڕێڤەبەریا گشتیی یا ڕەوشەنبیری و هونەری ل دهۆکێ دیارکر: هەموو بەرهەڤی بۆ گێرانا کەرنەڤالێ ڕۆژا پارێزگەهبوونا دهۆکێ هاتینە کرن، دێ ب چەندین چالاکیێن هەمە جۆر دەست پێ هێتە کرن.

ئاواز نهێلی، بەرپرسا ڕاگەهاندنێ ل ڕێڤەبەریا گشتیی یا ڕەوشەنبیری و هونەری ل دهۆکێ دیارکر: هەموو بەرهەڤی بۆ گێرانا کەرنەڤالێ ڕۆژا پارێزگەهبوونا دهۆکێ هاتینە کرن، دێ ب چەندین چالاکیێن هەمە جۆر دەست پێ هێتە کرن. ل گۆری وێ پرۆژێ ماوەکێ دەست نیشانکری هاتیە دانان بۆ هونەری پارێزگەها دهۆکێ بۆ باسنیوز دیار کر: کەرنەڤالا حەفتەم یێ ڕۆژا پارێزگەهبوونا دهۆکێ دێ ژلایێ ل ڕێڤەبەریا گشتیی یا ڕەوشەنبیری و هونەری و سەرۆکاتیا باژێرڤانیا دهۆکێ ب پالپشتیا فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگاریێ دهۆکێ هێتە سازکرن. ل دەستپێکێ دێ ڕووپێڤانێن جەماوەری پشکداریێ د کەرنەڤالێ دهۆکێ دا کەن. بۆ دەمێ دوو ڕۆژان دێ چالاکی هینە ئەنجامدان.

ل ڕۆژا 1969/5/27 دهۆک بوویە پارێزگەھ ژبەر مەها ڕەمەزانێ ساخکرنا ڕۆژا پارێزگەهبوونا دهۆکێ هاتبوو پاشئێخستن. نۆکە بەرهەڤیان دەستپێکریە وسوبەهێ دێ هێتە ساخکرن.

هەولێر... هاووڵاتییەک 10 ملیۆن دینار دەدۆزێتەوە و ڕادەستی خاوەنەکەی دەکاتەوە



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: ڕائیدی مافپەروەر هۆگر عەزیز گەلاڵی گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر ڕونیکردەوە: هاووڵاتییەک بەناوی دیار ئیبراهیم، بڕی10 ملیۆن دیناری دۆزیوەتەوە و لەڕێگای پۆلیسی هەولێر پارەکەی ڕادەستی خاوەنەکەی کردەوە و لەلایەن لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەلەعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر دەستخۆشی لە دیار کرا بۆ ئەو هەڵوێستە جوان و مرۆڤانەیەی کە هەیبووە.

لە کەلار بەکارهێنانی نایلۆن لە لایەن نانەواخەکانەوە قەدەغەکرا

خەبات- سەبریە یوسف: بەرپرسی ڕاگەیاندنی قایمقامیەتی شارۆچکەی کەلار ڕایدەگەیەنێت ماوەی 20 ڕۆژیان داناوە بۆ سەمونخانە و نانەواخانەکان تا کیسەی نایلۆن بگۆڕن بۆ کیسەی کاغەز، دەشڵێت هەرشوێنێک پابەند نەبێت سزا دەدرێت. لەوبارەوە، سیروان حەسەن، بەرپرسی ڕاگەیاندنی قایمقامیەتی کەلار، بەخەباتی ڕاگەیاند لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی تەندروستی هاووڵاتییان بریار درا بە قەدەغەکردنی کیسەی نایلۆن بۆ سەمونخانە و نانەواخانەکان، بۆ ئەو مەبەستەش لە ڕۆژی دووشەمەوە بۆ ماوەی 20 ڕۆژ مۆڵەتیان پێدەدرێت بۆ ئەوەی زەرفی کاغەز بەکاربهێنن.گوتیشی: پێویستە قوماشی خامە یان دارحەسیری سروشتی بەکاربهێنن بۆ سەر مێزەکانیان نەک حەسیری لە نایلۆن دروستکراو و بە پێچەوانەوە ڕووبەڕوی سزا دەکرێنەوە.



تەرزە محەمەد

ڕۆڵی بارزانیی نەمر لە پاڵپشتیکردنی ئافرەتاندا

ئافرەت بە بەشێک لە قەوارەی سەرجەم کۆمەڵگە دەژمێردرێت، بەگشتی لەهەر بارودۆخێکدابێت جیا نابێت و لە کۆمەڵگەدا بە پێکهاتەیەکی سەرەکی و گرنگ دادەنرێت و هەروەها بڕیاردانی ئافرەت بە گرنگ دادەنرێت لە یاسا و سیاسەت و بەرەوپێشچوونی وڵات. مستەفا بارزانی ئەو ڕابەرە نەتەوەیی و دیموکراتی خوازەیە کە پتر لە نیو سەدە لە دیرۆکی کورد و کوردستان خەباتی ئەم ڕابەرەوە تۆمار بووە. یەکێکە لە سەرکردە هەرە ناسراوەکانی کوردستان و ڕەوتی ژیان و خەباتی چڕترین ڕۆژژمێری لە تێکۆشان و دەسکەوت لە خۆگرتووە. بارزانی نەمر لە ماوەی دەیان ساڵ بەرخودان و خەباتی بێوچان و سەرکردایەتیکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی لە دڵسۆزی و خۆشەویستی و خزمەتکردنی گەل و خاکی کوردستان تۆمارکردووە و ڕێبازێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی ئاوێتەی دیرۆک و بەها کەلتووری و مەعنەوییەکانی سەرجەم گەلی کوردستان بووە. ئەم ڕابەرە نەمرە سیمبولێکی هەمیشە دیار و گەشاوەی میللەتەکەیەتی لە ناوچەکە و جیهاندا وەک ڕەمزی ئازیدخوازی ناسراوە. هەتا هەتایە وەک کەسایەتییەکی بەرزو ڕابەرێکی ناودار لە میژووی کوردستان و لە دڵی هەموو کوردێک دا دەمێنێتەوە و سەرچاوەی ئیلهام و نموونەی سەرکردە بووە. بارزانی نەمر لەسەرەتایی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان گرنگی و پاڵپشتی خۆی بۆ ئافرەت دووپاتکردەوە و هەوڵی بەشداری پێکردنی دان لەکایە سیاسییەکان پێگەی ئافرەت لە سەرجەم شۆڕشەکانی شانبەشانی پیاوان تێکۆشان و هەوڵ و ماندبوونیان بۆبنیاتنان و ڕزگاربوونی خاکی کوردستان بووە. ئافرەت لای بارزانیی نەمر زۆر پیرۆز و گەورە بوون، بۆیە بڕیاری دامەزراندنی یەکێتیّ ئافرەتانی کوردستانی دا تاکو ئافرەتان بتوان لە پاڵ بارزانی دا داوای مافی خۆیان بکەن و هەناگاو بنێن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی، چونکە گەر باسی میژووی گۆمەڵگای کوردەواری بکەین ئەوە هەموومان دەزانین کۆمەڵگایەکی پیاوسالاریی و ئافرەت هەمیشە بۆتە قوربانی.

لە دەسپێکی شۆڕشی ئەیلولی مەزن سالی1962بارزانی نەمر چەند فەرمانێکی دەرکرد لە پێناو ئافرەتان کەئەمانەن:

_ قەدەغەکردنی ماردکردنی ئافرەت بەزۆر.

ـ قەدەغەکردنی گەوردبە بچوک.

ـ قەدەغەکردنی ماردکردنی کچی منالّ.

٤ـقەدەغەکردنی شیربایی.

٥ـ قەدەغەکردنی ڕێگری کردن لەئافرەت بۆ بواری خوێندن وکارکردن.

کە ئەمانەی لە بەرژەوەندی ئافرەتی ئەوکاتە دەرکرد. ئافرەت گەلێک هەن کە توانیویانە ببنە سیاسیەکی کاریزما لە کایەی سیاسەتدا وەکو ئەنجێلا میرکڵ کە باوەشی وڵاتەکەی بۆ ملیۆنەها پەنابەر کردۆتەوە. میرکڵ وەکو یەکێک لە کاریگەرترین سیاسییەکانی سەردەم لە قەڵەم دەدرێت، چونکە توانی ئەڵمانیایەکی ڕووخاوی لە دوای جەنگی سارد بکات بە یەکێک لە سەرکەووتووترین وڵاتی سەدەی ٢١ چ لە بواری ئابووری یاخو سیاسەت بێت. ئەگەر سەیرێکی میژووی مرۆڤایەتی بکەین، دەبینین ئافرەتان ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە لە سەرخستنی هەموو شۆڕشە جیاوازەکاندا. هەرچی دەربارەی کوردستانە، ئافرەت چینێکی قوربانییە وەکو تۆڕێک گەنج کە کەمترین ئامادەبوونیان هەیە لە سێکتەری بڕیاردان لە کایە سیاسی و ئابووریەکاندا. بەهۆی کەمی ئافرەت لە سلکی بڕیاردان دا دەبێت هەمیشە گوتڕایەڵی ئەو یاسایانە بن کە لە لایان پیاوانەوە دەنووسرێت. هەڵبەتە هۆکاری کەمی ژمارەی ئافرەتان لە کایەی سیاسەتدا بە تەنها لەئەستۆی پیاوان نییە، هەندێکجار ئافرەتانیش خۆیان بوونەتە بەشێک لە بەردەوامبوونی ئەم بارودۆخە، چونکە دڵنیام چۆن لە ڕابردوودا ئافرەتی سەرکەوتووی وەکو حەپسە خانی نەقیب وخانزاد و چەندین ئافرەت کەخاوەنی داستانە میژوییەکانی کوردستان و هەمیشە جێگای شانازی هەرئافرەتێکی کورد هەبووە نێستاش ئەو توانایە لە ئافرەتنی کورد هەیە، چونکە ئەوان بون ئاگری شۆڕشی ئازادی خواز و سەربەخۆیی ئافرەتیان هەڵکرد دڵنیام نێستاش سەدان ئافرەتی سەرکەوتوو بوونیان و هەیە لە داهاتوو کوردستان دەبنە خاوەنی چەندین کەسایەتی ئافرەتی بەتوانا. بۆ هەڵسەنگاندنی پێگەی ئافرەت لە واقیعی سیاسیدا تەنیا پشت نەبەستڕێت بەو بنەمایەی کە پێوەر لە سەر ژمارەی ئەو ئافرەتانە دەکات کە کاری حزبایەتی و سیاسەت دەکەن وەکو کادر و سەرکردە، یان ئەوانەی کە کاری پەرلەمانی و حکوومی دەکەن، بەڵکو دەکرێت هەڵسەنگاندنی پێگەی ئافرەت، جگە لەوانەی کە باسکران، بە بەشداریشیان لە ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی ئافرەتان و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مامۆستایانی زانکۆ و تەنانەت هەموو ئەو هەوڵە تاکە کەسییانەش بپێورێت کە لە بواری ڕۆشنبیری و میدیا و کایەکانی تری کاری کۆمەڵایەتی کاردەکەن. ئەو حزب و ڕەوتە سیاسییانەی کە ڕوو لە ئایندەن و مەبەستیان مانەوە و زامنکردنی پێگەی جەماوەرییە، ناکرێت خوێندنەوەی دروستتریان بۆ ڕۆڵ و کارایی ئافرەت نەبێت لە کۆمەڵگە. بارەکە دەخوازێت کە حزبە سیاسییەکان کراوەتر بن لەگەڵیدا و ڕۆڵی ئافرەت لە ریزەکانیان، هەروەها دارشتنەوەی ڕوانین و ستراتیژ بۆ ڕۆڵی ژن لە ناو ریزەکانیان و کارکردنی شێلگیرانە بۆ دەربازبوون لە ڕۆڵپێدان بە ئافرەت تەنیا بۆ ڕواڵەت و نمایش نەبێت، بەڵکو ڕاهاتن لەگەڵ فەرهەنگێک بێ کە ئافرەتان بتوانن لە شوێنەکانی بڕیار بن لە هەر ئاستێک، ئەویش بە متمانەکردن و هاندانی توانا ڕاستەقینەکان، ئەو توانایانەی بە کار و داهێنانەکانیان دەتوانن نەوەک تەنیا ڕۆڵ لە سەرکەوتنی حزبەکان بگێڕن، بەڵکو ئاراستەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە بگۆڕن.



کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر لە خێزانە بەختەوەرەکان پێکهاتووە

ئەو خاڵانەی هەڕەشە لە بەختەوەری ژیانێکی هاوبەش دەکەن

ڕاپۆرت/ ژیلا کەریم

زۆر کەس وادەزانن تەنیا خەیانەتە کە وادەکات بەختەوەری لە ژیانی خێزانێک بتارێنێت و پێیانوایە کە بە پێشگرتن لێی دەتوانن هەست بە ئاسودەیی و ئارامی بکەن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە زۆربەی هاوسەران ئەگەر ڕاشکاو بن لەگەڵ خۆیان سەرەڕای ئەوەیکە هاوبەشی ژیانیان کەسێکی پایەندە و قەت بیریشی لە خەیانەت نەکردۆتەوە کەچی هەست بە بەختەوەری ناکەن. بۆ؟ ئەو ڕاپۆرتە بە پاراستنی ناو ڕاستگۆیانە باس لەو وردەکاریانە دەکات.

بوونی جیاکاری: خاڵێکی گرنگ لە ژیانی هاوبەش، هاوبەشی ڕاستەقینەیە لە هەموو بوارەکان. یەکێک لەو خاڵانەی لە ژیانی سەرگوڵ بۆتە کێشە ئەوەیە کە لەگەڵ مافی باوانی میردەکەی ئاسوودە نییە. سەرگوڵ ڕاشکاوانە دەڵێت ناخۆشترین داواکاری لە ژیانمدا ئەو کاتەیە کە هاوسەرەکەم داوادەکات بچینە مافی باوکی. هەستدەکەم کە هەموو بە پلار قسەم لەگەڵ دەکەن و لێم دوورن. لە سەرەتای ژیانی هاوبەش خۆشحاڵ بووم بەوەیکە خوشکە میردەکانم لە تەمەنی خۆمەوە نزیکن و دەتوانین لە یەکتر تێبگەین کەچی ئێستا بوونەتە هۆکاری دوورکەوتنەوەی خەسووشم. ئەم قبوڵنەکردنە بە تێپەڕبوونی کات گەیشتوونەتە ئەو ڕادەیەی کە هاوسەرەکەشم هەمان ڕەفتاری لەگەڵ مافی باوانی من هەبێت و ئەو ڕەفتارانە ساردی خستووتە ژیانی هاوبەشمان.

نەبوونی ڕاشکاوی: باشترین ڕێچارە لە کاتی عاجز بوون ئەوەیە کە ڕاشکاوانە داواکارییەکان بە یەکتر بوترێت. هیچ کام لە ژن و مێرد جادووباز نین کە بتوانن بە چاولێکردن لە ویستی ئەویتر تێبگەن.


نەرمین ئافرەتێکی تەمەن مامناوەندە و گەلەیی ئەوە دەکات کە هاوسەرەکەی لێی تێناگات. پرسیارم کرد بۆ ئەوەی لە یەکتر تێبگەن تا چەند لەسەر بابەتێک قسە دەکەن؟ وتی: من کەسێکی شەرمنم و کەم قسە دەکەم، بەڵام کاتێک لە بارەی شتێکەوە قسەم نەکرد دەبێت هاوسەرەکەم لە ڕەفتارەکانم تێبگات کە چیم دەوێت یان من فلانە کارم لا پەسەند نییە. پرسیارمکرد هاوسەرت خولی ڕەفتارناسی بینیوە یان جادووگەرە؟ بە پێکەنینەوە وتی ئەوە ڕاپۆرتە یان گاڵتەجاری. بەڕاستی کە زیاتر لە ژیانیان قوڵبوومەوە بینینم کە ئەگەر ڕۆژانە تەنیا بتوانن نیو کاتژمێر ڕاشکاوانە بە یەکەوە قسە بکەن دەتوانن زۆر سانا بەختەوەری بەدەست بهێنن.

هەبوونی منداڵ: لە زۆربەی ئەو خێزانانەی خوا نیعمەتی منداڵبوونی پێنەبەخشیون پێیانوایە کە کێشەکان سەرچاوەکەیان لە نەبوونی منداڵەوەیە و بەداخەوە هەندێک لەو ژیانانە بە هەمان هۆکار هەڵدەوەشێنەوە. من ئەمجارە لە ڕێگەیەکیتر بۆ ئەم کێشەیە چووم و بەو پێیەی کە لە زۆربەی خێزانەکاندا هەستم بەو کێشەیە کردبوو یارمەتیم لە یەکێک لە هاوڕێیانی خێزانی وەرگرت کە لەو بارەوە گفتوگۆیەکی زۆری هەبوو لەوەیکە خێزانی پاش بوونی منداڵەکان بە ڕادەیەک لێی دوورکەوتۆتەوە کە هەر لە بیری چۆتەوە تەنیا دایک نییە و بە پلەی یەکەم هاوسەرە دواتر دایک. غازی گلەیی ئەوەی هەبوو کە هاوسەرەکەی پاش منداڵبوون بووەتە باشترین دایک، بەڵام بەداخەوە وردە وردە لە هاوسەربوون دوورکەوتۆتەوە و بە زیادبوونی منداڵەکان و سەرقاڵی زیاتری زۆر زۆر لەیەکتر دوور کەوتونەتەوە. تەنانەت باسی لەوە کرد کە داوای لە خێزانی کردووە کە بۆ خواردنێکی دوو کەسی بچنە دەرەوە بەڵام ئەو بە بیاووی ئەوەیکە دڵی نایەت بێ منداڵەکان بێت ئەو داوایەی ڕەتکردۆتەوە.

شەرمکردن لە دەربڕینی خۆشەویستی: بەداخەوە زۆربەی هاوسەرانی ئێمە واهەستدەکەن کە دەربڕینی خۆشەویستی بۆ یەکتر تەنیا هی سەردەمی گەنجێتیییە و لە کاتی پیری ئەوە بە شەرمە دەزانن. لە کاتێکدا زۆربەی ڕەوانناسان ئامادە بەوەدەکەن کە وتنی یەک ڕستەی ساکاری خۆشمەوێتی دەتوانێت گەورەترین کاردانەوەی هەبێت. لە چەندین هاوسەری بەتەمەن پرسی کۆتا جار کەی بە هاوژینەکەیان وتووە کە خۆشمەوێتی و هەموو بێ جیاوازی بە پێکەنینەوە وەڵامیان داوە بۆ ئێمە هەرزەکارین؟! خاوەن بوک و زاوا و نەوەین تازە چی بکەین لە دڵداری و خۆشەویستی دەربڕین. یەکێکیتر لە کێشەکان کە ڕەنگە کێشەی چەند هاوژینی گەنج بێت ئەوەبوو کە لەگەڵ مالّە خەزووڕانیان دەژین و توانای مالّی سەربەخۆیان نییە و هەر ئەوەش وایکردووە کە لەبەرچاوی خەسوو و خەزوور یان شوبرا و دشی گەنج پێیان شەرمە خۆشەویستی بۆ هاوسەرەکەیان دەربڕن. نەورۆز تازە بووکێکی یەک ساڵەیە و دەیگوت تەنانەت پێم شەرمە لای هاوسەرم دانیشم یان جلێکی تایبەت بپۆشم و بتوانین تەنیاییەکی ڕۆمانسی بەیەکەوە دروست بکەین. نەورۆز ئەو بارودۆخەی بە هۆکاری لەیەکتر دوورکەوتنەوەی لە هاوسەرەکەی دەوانێت و پێیوایە کە زیانێکی زۆری بە ژیانی هاوبەش گەیاندوون.

ژووری خەوتن: بە وتەی زۆربەی ڕەوانناسان سەرچاوەی زۆرێک لە کێشەکانی خێزانی لە ژووری خەوەوە دەسپێدەکات. بەو مانایەی ئەو هاوسەرانەی نەتوانن لەو بارەوە ویستی یەکتر دابین بکەن ئەوا بە شێوەیەک ئەو نارەزاییە خۆی لە بەشەکانیتری ژیان دەردەخات. پێویستە هاوسەران لە بارەی جنسەوە ڕاشکاو بن و ویست و داخوازییەکانن لە مالّی خۆیان چارەسەر بکەن. ئاسوودەیی سێکسی ئاسوودەیی لە زۆر ڕەهەندی ژیانەوە لەگەڵ خۆی دەهێنێت و ئەوە لە ڕووی دەروونی و پزیشکییەوە سەلمێنراوە. ئەگەر هەر خێزانێک بە ژن و مێردەوە لەگەڵ خۆیان ڕاشکاو بن دەبینن سەرچاوەی زۆربەی ئالۆزییەکانی ژیانیان لە هەمان ژووری خەوتنەوە سەرچاوەی گرتووە کە شتێکی سروشتییە و پێویستە زۆر بە هەندی وەربگرن و هەوڵی جیدی بۆ چارەسەری کێشەکە بدەن. ڕێگەکانی بەختەوەربوون لە ژیاندا زۆرن کە پێویستە ڕەچاوی هەموان بکرێت تا ئاسوودەیی ژیانی هاوبەش و ژیانی منداڵان دەستەبەر بێت.

قسەی کۆتایی: بێشک بۆ بەختەوەری زۆر ڕەهەندی دیکە هەیە واتا دەبێت ژن و مێرد بە هاوبەشی و سیاستەوە لەو پرۆسەیە بڕوانن و بۆ گەیشتن بە بەختەوەری لە هیچ کارێک بۆ یەکتر سڵ نەکەنەوە. ڕەنگە زۆر کێشەی دیکە هەبووبێت کە هەڕەشە لە ژیانی هاوبەش دەکات کە ئامارەی پێنەکراوە. ڕێگەکانی بەختەوەری زۆمارەیان بەقەدەر مرۆڤەکانە و هەر کەس دەبێت بە پێی لێهاتوویی و زیرەکی خۆی بۆ گەیشتن پێی هەوڵ بدات. ئەوەی گرنگە هیچ کەسێک بۆ پارە و سەیارە و خانوو و ... هاوبەشی هەڵنابژێرێت و قەت ئەوانە ئاسوودەییان بۆ کەس دابین نەکردووە. ڕەنگە بۆ کاتێکی دیاریکراو ئاسوودەیی پێببەخشێیتێ بەڵام بەختەوەری هەمیشەیی نەبوونە. مرۆڤ ژیانی هاوبەش بە مەبەستی هاوبەشی ببیر و ڕۆح و خۆشی و ناخۆشی پێکدەهێنێت و لای کەسێک بەختەوەرە کە بتوانێت ئەو بۆشاییە کامڵ بکات.



کچێکی 11 ساڵان نازناوی بەهۆشترین کەسی گۆی زەوی وەردەگرێت

ئا/ ژیلا:

تارا شەریفی کچێکی 11ساڵانی خەڵکی بوشەهر سەر بە وڵاتی ئێران و دانیشتووی بەریتانیایە کە بە هۆشی و زیرەکی توانی ڕیکۆردی ئالبێرت ئەنیشتەین و ستیون هاوکینگ بشکێنێت. ڕادەی زیرەکی ئەو کچە 162کە تا ئێستا کەس بەو پلە زیرەکییە لە جیهاندا نەبووە.

تارا توانی لە ڕاهێنانی هۆشی ڕێکخراوی جیهانی "منسا" کە لە ژێر چاودێرردێری زانکۆی ئاکسفۆرد ئەنجام دەدرێت نمرەی هۆشی 162بەدەست بهێنێت. ڕێکخراوی "منسا" ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی تایبەت بە بەهرەدارانە کە تایبەتمەندی کەسانی زیرەک کۆدەکاتەوە. تەنیا 2%لە خەڵکی ئەم جیهانە نمرەی هۆشی سەرووی 135یان هەیە. پێشووتر ئالبێرت ئەنیشتەین و ستیون هاوکینگ پسپۆڕانی یەکەمی بواری فیزیا لە جیهان توانیبوویان پلەی هۆشی 161بەدەست بهێنن.

تارا دەڵێت: بڕیاری بەشداری لەو تاقیکردنەوەیە بڕیاری هاوبەشی من و خێزانەکەم بوو بەڵام قەت چاوەڕێم نەدەکرد ئەو پلەیە بەدەست بهێنم. باوکیشی ئاماژە بە هۆشی لەڕادەبەدەری تارا دەدات و دەڵێت دەمزانی کچەکەم زۆر زیرەکە بەڵام پێش بینی ئەو نمرەیەم نەدەکرد. ئێستا تارا ئامادەی ئەندامبوونە لە Mensaو وەک ئەندامی کۆمەڵەی IQسەروو ناسراوە و چاوەڕێی بینینی ئەندامانی دیکەی ئەو کۆمەڵەیە دەکات.

بە یارمەتی جلوبەرگ چۆن لاوازتر دەرکەون؟

دەرکەوتن بە شێوەیەکی کەشخە و ڕێک ئاواتی هەموو کەسێکە بەتایبەت ئافرەتان کە لەو بارەوە هەستیارترن. بە ڕێنمایی دروست ئافرەتانی قەڵەویش دەتوانن وێڕای داهێنان و سەلیقە لاوازتر دەرکەون. هەڵبەت دەبێت هەوڵی لاوازبوون بدەن بەڵام دەکرێت بەچەند ڕێگەیەک لاوازتر دەرکەون. جل، ڕێک بە بەری خۆتان و سایزی خۆتان بکڕن نەک گەورەتر چونکە پۆشینی سایزی هەڵە قەڵەوترتان دەردەخات.

بەشە جوانەکانی جەستەتان نمایش بکەن: گەر ملێکی بەرز، دەموچاوێکی جوانتان هەیە و سەرووی جەستەتان ڕێکترە جۆرێک لە جل و ئێکسسوارات بکڕن کە ئەو بەشانە زەقتر دەربخات. بۆ وێنە ملوانکەیەکی کەشخە ملی ئێوە و جوانییەکی زیاتر دەردەخات.

ڕێک وەستان ئێوە لاوازتر پیشان دەدات: لەسەر شێوەی جەستەتان مانۆر بدەن. ڕێک بوەستن،سکتان بدەنە ژوورەوە و شانتان بۆ پشتەوە بەرن. بۆ ڕاهێنان پەرتووکێک بخەنە سەر سەرتان و ڕێ بڕۆن و هەوڵ بدەن هاوسەنگی پەرتووکەکە تێکنەچێت.

جلی ڕەنگی تاریک بپۆشن: جلە ڕەنگ تاریک، بەتایبەت پاتۆڵ و عەزیبە، هەموو کەس بە شێوەیەکی لاواز دەردەخات و چەوریبیە زیادەکان دەشارێتەوە. دەکرێت جلە ڕەشەکان ڕەنگین بکەن بۆ وێنە ملوانکە و پێڵاو و قایشی ڕەنگاوڕەنگی لەگەڵ بەکاربهێنن.

قایشێک ڕێک پڕ بە ناوقەدتان بەکاربێنن: قایش یارمەتیدەرە بۆ بچوک پیشاندانی کەرش. لە لایەکیتر بیرتان دێنێتەوە کە دەبێت سکتان کۆبکەنەوە و بیدەنە ژوورەوە.





پێشنیازەکانی ڕێزدار (نێچیرڤان بارزانی) و سیاسەتێکی عەقڵانی تر



ئومێد قوربانی

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کاندید بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دوایین بڕیاری بەڕێزیان وەکو سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە نامەیەکیدا بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پێنج خاڵی سەرەکی پێشنیاز دەکات دەربارەی کاری بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق، کە بە (یونامی) ناسراوە، کە تێدا پێشنیازی کێشەی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان و داوای ناوبژیوانی نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی، بەرزکردنەوەی ئاستی نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان، دیاریکردنی کەسێک وەکو بەرپرسی کاروباری مرۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان، بنکەی سەرەکی بەرنامەی مرۆیی لە بەغداوە بگوازێتەوە هەولێر، دانپێدانانی نەتەوەیەکگرتووەکان بە فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستان دەکات.

هەرێم لە هەموو قۆناغەکانی ڕابردوودا داوای بنەمای هاوبەشیی ڕاستەقینەی کردووە لە عێراق، بەڵام بەبەردەوامی حکوومەتی عێراق پێشێلکاری تێدا کردووە، هەرێمی کوردستان و عێراق دوو قەوارەی لێک جیان، دەزگای بەرگریکردنیان جیایە، ئابووریان جیایە، ستراتیژیەتیشیان جیایە، بۆیە کاتێک پابەندبوون بە بنەمای هاوبەشیی (شەراکەت) نەبێت واتا هاوبەشی لە دەقی دەستوورێکی جێبەجێنەکراودا خۆی دەبینێتەوە.

ئەگەر چی جاری یەکەم نیە کە حکوومەتی هەرێم پێشنیاز بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، بەڵام لە وەڵامی ئەمجارەدا لە لایەن نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێشنیازەکانی ڕێزدار "نێچیرڤان بارزانی"دا هاتووە: نەتەوە یەکگرتووەکان دەست بەکارکردن لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەکات دوای پێکهێنان و دەستبەکاربوونی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان، بە نسبەت کورد بابەتێکی جەوهەری و گرنگە، وەڵامێکی تا ئاستێک دڵخۆشکەرە.

ئەم پێشنیازەی ڕێزدار بۆ پێشنیازەکانی ڕێزدار "نێچیرڤان بارزانی"دا هاتووە: نەتەوە یەکگرتووەکان دەست بەکارکردن لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەکات دوای پێکهێنان و دەستبەکاربوونی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان، بە نسبەت کورد بابەتێکی جەوهەری و گرنگە، وەڵامێکی تا ئاستێک دڵخۆشکەرە.

ئەم پێشنیازەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە کاتێکدایە کە هێشتا بەغدا بەردەوامە لە پێشێلکردنی دەستوور و جێبەجێنەکردنی، نموونە، وەک (دووبارە تعریب کردنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان کە لە بنەڕەتدا کورد نشینن، پێدانی پسولەی خۆراک و کارتی نیشەجێبوون پێیان، داگیرکردنی زەویە کشتوکاڵییەکانی جوتیارانی کورد لە ناوچە جیاوازەکان، لادانی بەرپرسانی کورد لە پۆستە ئیدارەییەکانی ناوچە جێناکۆکەکان)هتد..

لە چەند دەقێکی دوو بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە عێراق، بە ژمارە (٢٢٩٩و ٢٣٦٧) زۆر تەکید لە سەروەربوون و ڕێزگرتن لە دەستوور دەکات لە نێوان هەردوو لادا بەڵام بە پلە یەک بڕیارەکان ئاڕاستەی عێراق کراون، واتا پابەندی و بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنەکە بە پلە یەک لە ئەستۆی حکوومەتی بەغدایە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە نەتەوەیەکگرتووەکان و تەنانەت خودی ئەنجومەنی ئاسایش ئاشنای تەواویان هەیە بە خاڵە ناکۆکەکان،کە پێشێلکردنی دەستوورە لە لایەن بەغدا، بۆیە داوای ڕێزگرتن لە دەستوور دەکات، کەوایە کاتێک ئەنجومەنی ئاسایش بگات بە جەوهەری کێشەکان، واتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەزانێت کە عێراق نیاز پاک نەبووە لە جێبەجێکردنی دەستوور و نەیتوانیوە ڕێزی لێبگرێت.

ئەوەی گرنگ و ڕێتوارە و سوودی بۆ کورد هەیە ئەوەیە کە، ئەو هەوڵ و کۆششانەی حکوومەتی هەرێم بۆ سەروەربوون و ڕێزگرتن لە دەستور و پرسەکانی تر بە تەنها لە چوارچێوەی عێراقدا قەتیس نەماون، لە ئێستادا هەموو ئەو بابەتانە بە نێودەوڵەتی بوونە، گەیشتوونە بەوەی کە بێن بە بەشێک لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، نموونە وەک بڕیاری ژمارە (2299) لە 2016/725/ دوایین بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بە ژمارە (2367) لە 2017/7/14، ئەگەرچی هەردوو بڕیارەکە ئاڕاستەی عێراق کراوە و ئەرکی جێبەجێکردنیشی بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی دەوڵەتی عێراقە، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ناوی هەرێمی کوردستان هاتووە و ئاڕاستەی هەرێمی کوردستانیشی کردووە.

ئان و ساتی پێشکەش کردنی پێشنیازەکان زۆر گونجا و تەندروستە، چونکە بەغدا لە هەوڵی ئەوەدایە کە لە داهاتوودا کارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق کەمبکاتەوە، بەڵام هەرێم داوای ناوبژیوانی ڕاستەوخۆی نوێنەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات لە عێراق سەبارەت بە کێشەکان، لە ئەگەری دەرچوونی بڕیاری نوێ، جارێکی تر بڕیارەکان ئاڕاستەی عێراق دەکرێت و بەمەش دیسان ئەرکی جێبەجێکردنی دەکەوێتە ئەستۆی عێراق.

جێگەی ئاماژە پێکردنە نەتەوەیەکگرتووەکان وعێراق لە ڕووی پەیوەندییەوە مێژوویێکی سەیرو سەمەرەیان هەیە، بەجۆرێک کە ژمارەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە عێراق زیاتر لە (80) بڕیارە کە زۆرێک لە بڕیارەکان جێبەجێکردنەکەی خراوەتە ئەستۆی عێراق.

چوار ساڵی پێشکەوتن و خزمەتگوزاری و بونیاتنانی کوردستانێکی بەهێز



ڕێوار حەمەلا و شوانی

بە دڵنیاییەوە بەرزکردنەوەی دروشمی (کوردستانێکی بەهێز) واتە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان بەبێ بوونی هێز، لەمپەرەکانی بەردەمان لە جێی خۆیان دەمێننەوە، واتا پێویستیمان بە کوردستانێکی بەهێزە، هێز لە بەرێوەبردن و خەباتی دیپلۆماسی و ئابووری و دادگەری و ئاسایش و پەروەردە و تەواوی سێکتەرەکان، حەتمەن کوردستانێکی بەهێز پێویستی بە چەقاندنی هەموو ئەو پایە تۆکمانەیە کە حکوومەتێکی بەهێزو شکۆداری لەسەر بنیات دەنرێ.

ئەزموونی یەکەمین کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر ترسی ئەو ئالۆزی و شەڕە نێوخۆییە نەبوایە، کە لە دوای سێ ساڵ بەسەر تەمەنی حکوومەتەدا تالاوەکەییمان نۆشی، دەبوو خۆمان لە پەنجا بە پەنجا نەدابایە.. دوای چەندین ساڵ دەنگدەری کوردستانی سەنگی هێزەکانی نیشانداو وشیارانە پێیان گووتین، دەبێ زەمەنی ناچار بوون بۆ پەنجا بە پەنجا و حکوومەتی بنکە فراوان، بە گەیشتنی زەمەنی زۆرینەی هەرە زۆرینە ڕەتبکەینەوە، بۆیە بالانسی هێزی یەکەم دووجار و نیو بە قەت هێزی دووەمە، کەواتە لێرەوە ئاسۆی زەمەنێکی نوێ هەڵاتووە و زەمەنی خواستی پەنجا بە پەنجا گوزەشت.ئەو کابینەیە، کابینەی چاکسازی و خستنە سەر سکەی بەرەو دامەزراوەکردن و بەدواداچوونە بۆ گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵی و کورتکردنەوە و دەرهێنانی هەموو ئەو دەستە نەگریسانەی خوازیاری ئەوە بوون، بە هەڕەشەی بەرەو دوو ئیدارەیی و خولقاندنی فەوزای سیاسی و تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی پارتی وەک قوتابخانەی بیروهۆزی بارزانیی کە کاروانی پر شانازیی و سەربڵندی ڕێبازی کوردایەتیی و میرات هەڵگری گشت شۆرش و تێکۆشانەکانی گەلی کوردستانە ، تا بە ئەمڕو توانیوێتی لە گەورەترین پیلانگێڕییەکان خۆی بپارێزێت و شوناس و میژوویی خەباتی دەیان ساڵە لە سڕینەوە و لەناوچوون بپارێزێت .گشت هەنگاوەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی لە ماوەی 57 ساڵی ڕابردوو ، بۆ ئەوە بوو کە گەلی کورد بە هەموو جیهان بناسێنێت وەک گەلێکی ئازادیخواز و ئاشتیخواز و توانی پەیامەکە بەراست و دروستی بگەیێنێتە ئامانج خەبات و هەوڵدانی بێوچانی سەرۆک مسعود بارزانی ڕۆژە لە کوردستان ئاوانابێت و لە توانای کەس و گروپێکدا نییە پێشی بگرێت، کە وای کردووە زۆربەی میللەتان پاڵپەستۆیان لەسەر دەوڵەتەکانیان دروستکردووە و هانیانداەدن و پشتیاندەگرن بۆ هاریکاری و پشتگیریکردنی کورد بۆ ئەوەی دەرگای سەرفرازی یەکجارەکی لە بەردەم گەلی کوردستان ببێتەوە، ئەمەش بەهۆی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان لەشەڕی سەپاوەی هێزی دڕندەی داعش و تێکشکاندنی ئامێرە سەربازییەکانی و هەروەها پیلانگێڕی ئیقلیمی لە پردێ و سحێلا و مەحمودیە مەبەست و توانەکانیان و هەڵوێستی سەرکردەی نەتەوەیی و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارانی کوردستان وای کردووە کە زۆربەی گەلانی ئازادیخوازی جیهانی بەتایبەتی ئەوروپییەکان پشتیوانی گەلی کورد بن و حیسابی گەورەی بۆ بکەن و لە سەختترین بارودۆخەکان ئابڵوقەی ئابووری تێکبشکێنن .بێگومان گشت گەلی کورد کوردستان لە هەوڵ و هیممەت و حیکمەت و تەکانە سیاسییە نوێکانی سەرۆکی نەتەوەی کورد مەسعود بارزانییە ، هەموو کوردستانیان پشت ئەستوورن بەهێز و توانا و سیاسەت و دیبلۆماسییەت و هەڵوێست و میژوو و ڕابردوو خەباتی سەرۆک بارزانی.سەرۆک بارزانی مرۆڤێکی هەرە دڵسۆزی گەورەی نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەری نەتەوەی کورده، بە هیچ شێوەیەک لەشێوەکان نایەوێت میللەتی کورد ژێردەستەی کەس بێت، بەڕێزیان هەر ڕۆژە دەستکەوتێکی تری گرنگ ئەخاتە سەر خەرمانی دەستکەوتە میژوویییەکانی کوردستان و ئەمەش موژدەی ئاسۆیەکی گەش بۆ ئایندەمان فەراهەم کردووە .میژووی گەلی کورد ، پرە لە شانازیی و قوربانیدان و گیانفیدای و سەرکردەی گەورە وتێکۆشەر و ئەو دەسکەوت وشانازییانەیان تۆمار کرد، قۆناغێ دوای ڕاپەرین ناسراوە ڕاپەڕینی سالی ـ وەچەرخانێکی مەزن بۆ لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و دەروازەیەک بو بۆ گەیشتن بە ئەمڕۆ . قۆناغی دوای ڕاپەرین بە داخەوە هەمووان لێی زەردەمەند بوون و پەشیمانین لێی لەبەرئەوەی ڕێزەوی پێشکەوتنمانی بۆ چەند ساڵێک دواخست . ئەو کات زەمەنێکی زۆر باش بو بۆ ئەوەی کوردستان جێ پەنجەی خۆی لە عێراق و ناوچەکە دەربخات لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا خەریکی بەرنامە ڕێژی بوون بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس لە عێراق. لە دوای پرۆسەی ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس هەرێمی کوردستان زوو لەگەل پێشکەوتنی سەردەم ئاشنا بوو، ئەمە وایکرد کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرنگی زیاتری پێ بدەن و ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەل بکەن وە سەرکردایەتی سیاسی کورد لە بونیادنانەوەی عێراق و نوسینەوەی دەستووری هەمیشەی ڕۆل و کاریگەری زۆری هەبوو. زۆری نەخایاند کاتێک وەکو هەمیشە دەستەڵاتی عەرەب لە بەغداد دژی خواست و مافەکانی گەلی کوردستان بونەوە لێرە دا دەوڵەتمەدار هەستی بەوە کرد پێویستە هەرێمی کوردستان هەنگاوەکانی خێرا تر بکات بۆ دابینکردنی داهاتی سەربەخۆ و دروستکردن و تۆکمە کردنی پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسی و سەربازی و ئابووریەکان تاکو حکوومەتی ناوەند هەرێم وەکو دەر دەستێکی خۆی تەماشا نەکات . دوای بەرهەمهێنانی نەوت و هاتنی سەدان کۆمپانیای خاوەن پێگە و هێزی نێودەوڵەتی و پێشخستنی تەواوی سێکتەرەکان هەرێمی کوردستان هاوشێوەی وڵاتێکی خاوەن سەروەری مامەڵەی لەگەڵ دەکرا . ڕێرەوەی پێشکەوتنی و بونیادنانی کۆڵەگەکانی دەوڵەت بەردەوام بەجۆرێک هەرێمی کوردستان لە هەموو ڕوێک پێش عێراق و زۆرێک لە وڵاتانی دراوسێ کەوت ئەم پێشکەوتن و ئاوەدانی و ئارامییە وایکرد بیری بە دەوڵەت بوون زێتر لە لایەن سەرکردایەتی سیاسی دروست بێت و دواجار بریاری ریفراندۆمی سەربەخۆی درا. دوای هەموو ئەو ئابلوقە و سزا سیاسی و ئابوورییانە بەسەر هەرێمی کوردستان سەپێنران جارێکی تر توانرا هەرێمی کوردستان لە نقوم بون ڕزگار بکرێ و دۆخەکە گەڕایەوە پێش ریفراندۆمی سەربەخۆیی. لێزانی و کارامەیی و سەرکەوتوویی سیاسەت و دنیا بینی و ئاڕاستەی دروستی پارتی دیموکراتی کوردستان، وایکرد لە دواین هەڵبژاردن پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێژەیی کورسیەکانی لە پەرلەمان بکاتە دوو هێندە زیاتر لە یەکەم رکابەری و دروشمی بەرەو بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز کرایە بەرنامەی کاری چوار ساڵی داهاتوو. پارتی دیموکراتی کوردستان، کەوتۆتە قۆناغی بەرپرسیاریەکی نوێ، پێویستە قۆڵی چاکسازی و بە مۆئەسەساتکردن هەڵماڵێ و ئیجراتاتی توند لە بەرامبەر هەر خەمساردی و گەندەڵکاری و کارێکی نەخوازراو بەر لە هەر کەسێک لەسەر کادیران کاندیدانی خۆی جێبەجێ بکا، ئیدی لێرەوە کوردستانێکی بەهێز دەبینین، چونکە ئەرکی بڕیاردان و خستنە سەر سکەی شەمەندەفەری بەرەو سەرفرازی، لە لایەن دەنگدەرانی کوردستانەوە، وەک بە پارتی سپێردراوە کە هەنگاونانە بەرەو خزمەتگوزاری لە گشت سێکتەرەکان و بەهێزکردنی پێگەی کوردستان لە ڕووی سیاسی، دیپلۆماسی و ئابووری بە ئاڕاستەی بونیاتنانی کوردستانێکی بەهێز.

وون بوون
ناسنامەی عەسکەری پاسەوانی شەرق لقی مەراسیم بەناوی گۆڤند هاشم جبار علی وون بووە
هەرکەسێك زانیاری لەسەر هەبێت با بیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی دەرچوونی.
***
وون بوون
کارتی زانیاری بەناوی (حسین حمە صالح) وون بووە ، هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥١١٧٩٣٤٧٢)
***
وون بوون
نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی کۆمپانیای ماڤدار جۆری ئۆتۆمبێل: مارسیدس راس تریلە تك ویل دبل قەارە رەنگی: سپی+خط شین لاصق مۆدێل:٢٠١١ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٤٠٠٤ ژمارەی لاشە شاسی: WDB9340321L493324 وون بووە هەرکەسێك زانیاری لەسەر هەبێت با بیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی دەرچوونی.
***
محكمة تحقيق الشمال
اعلان
الى المفقود :١- عبدالكريم ابراهيم خلف ٢- كفاح عبدالكريم ابراهيم ٣- امين عبدالكريم ابراهيم
قدمت السيده / بشرى عبدالكريم ابراهيم طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/١٥ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / علي حسن كريبان
***
مديرية الجنسية و الاحوال المدنية لمحافظة اربيل
الواقعات
العدد: ٧٩٦٥
التاريخ: ٢٠١٩/٦/١١
اعلان
قدم المواطن (عاصي صابر جبار) دعوى فى هذه المديريه لتبديل اسمه ابنه من (ابراهيم تاتليسيس) الى (ابراهيم) فمن لديه اعتراض مراجعه هذه مديرية خلال خمسة عشرة يوما من تاريخ نشره فى الجريده و بعكسه فسوف تنظر هذه المديريه فى المدعوى وفق احكام المادة ٢٢ من قانون البطاقه الوطنيه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.
اللواء/ هيثم فاضل الغرباوى
مدير الاحوال المدنيه و الجوازات و الاقامة/ وكالة
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر
سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٥٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١١
ئاگاداری
لەسەر داوای هاوڵاتی (هەزە سایل حمد) کوری (سایل حمد عمر) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە ڕاستکردنەوەی ناو:- لە (اسماعیل حمد حمد) بۆ (سایل حمد عمر) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٦، ١١، ٥٦٦ ، ١٣٠، ١٥٦، ٢٠٧) کەرتی /١١ باوەقوب, کە لەسااڵنی تەسویە بەهەڵە تۆمار کراوە, پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٦/٢٦) کاروکەمان ئەنجام دەدەین.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە
***
دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە:١١٠٠/ب/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٠١٩/٦/١٠
جاردان
بۆ/ داواليكراو (جبار حسن عبدالله)
داواکار کۆمپانیای (pentapolis trade) داوای ژمارە (١١٠٠/ب/٢٠١٩)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر (جبار حسن عبدالله) وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەتان لەدوو ڕۆژنامەی نێوخۆی و فەرمی بەمەبەستی ئامادەبوونتان بۆ دادگایی کردن بۆ ڕۆژی ٢٠١٩/٦/٢٥ سەعات ٩:٤٠ یان نارەسمی بڕیکارێك بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن بەپێی یاسا داواکە دەبینرێت.
دادوەر/ کمال رضا احمد
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان/ سلێمانی
بەشی یاسا
ژمارە: ٣٤١٨
بەروار: ٢٠١٩/٥/٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (١٠٥٠)
لەسەر داوای بەڕێز بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (عمار ابراهیم احمد) لە کۆمپانیای (عیراق ئینجنیەرین سەپۆرت بۆ ڕاوێژکاری ئەندازیاری و پەرەپێدان و کارگێری پڕۆژەو توانای مرۆیی/ سنوردار) وە ئامازە بە کۆنوسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی کۆمپانیا لە (٢٠١٩/٤/٢٢) کە تیایدا بڕیار دراوە بە:
- پاکتاوکردنی کۆمپانیای (عیراق ئینجنیەرین سەپۆرت بۆ ڕاوێژکاری ئەندازیاری و پەرەپێدان و کارگێری پڕۆژەو توانای مرۆیی/ سنوردار)
- دامەزراندنی پارێزەر (فریق کاکە برا حمە حسن) وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا.
بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێیان دراوە پاڵپشت بەمادەی (١٤٧ ، ١٥٨ ، ١٦٠) لە یاسای کۆمپانیاکان ژمارە ٢١ی ساڵی ١٩٩٧ زاینی، وە مادەی (١٤٧) برگەی یەکەم و دووەم و سێ هەم و چوارەم، هەموارکراو پاش هێنانی سەرجەم بەڵگەنامە یاساییەکان بڕیاری ڕەزامەندیماندا بە:-
* پاکتاوکردنی کۆمپانیای (عیراق ئینجنیەرین سەپۆرت بۆ ڕاوێژکاری ئەندازیاری و پەرەپێدان و کارگێری پڕۆژەو توانای مرۆیی/ سنوردار)
* دامەزراندنی پارێزەر (فریق کاکە برا حمە حسن) وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا.
تا بەپێی مادەی (٢٠٦) لە هەمان یاسای ئامازە پێ کراوی سەرەوە بڵاوبکرێتەوە.
سۆران احمد اسماعیل/ بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی سلێمانی
***
ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان من پارێزەر/ فریق کاکە برا حمە حسن کە بە پێ ی کۆنوسی بڕیاری خاوەن پشکی (کۆمپانیای عیراق ئینجنیەرین سەپۆرت بۆ ڕاوێژکاری ئەندازیاری و پەرەپێدان و کارگێری پڕۆژەو توانای مرۆیی/ سنوردار) کە بڕیار دراوە بە دانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا. ئاگادارتان دەکەینەوە کە کۆمپانیای ناوبراو پاکتاو دەکرێت , هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کومپانیا یان قەرزی لە لای کۆمپانیا هەیە , ئەوا لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی .
پاکتاوکار / ڕەندۆ جمال کریم
٠٧٧٢٥١١٠٧٩٥
***
دادگای بەرایی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ١٣٣/ب/٢٠١٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٦
ئاگاداری
داواکار/ احمد حسن محمود
داوالەسەرکراو/ بەختیار باپیر اغا
بۆ داوالەسەرکراو (بەختیار باپیر اغا) داواکار بەناوی (احمد حسن محمود) لەم دادگایە داوایەکیان لەسەر تۆمارکردووە بەژمارە (١٣٣/ب/٢٠١٧) تایبەت بە (دادگا لەبەرواری ٢٠١٧/٥/١٧ بڕیاری داوە بەپێدانی بڕی ١٠,٠٠٠ دە هەزار دۆلاری ئەمریکی بەداواکار، بەڵام بەهۆی هەڵەی مادەی لە داواکەدا کە دەبوو دادگا بڕیاری بدایە بە ١٠٠,٠٠٠ سەد هەزار دۆلاری ئەمریکی لەبەر بوونی ئەو هەڵە مادەیە دادگا بڕیاری دا
بەدووبارە دادگایی کردن بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی هەڵەی ناوبراو لە بەرواری ٢٠١٩/٦/٢٥ لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەتان لەدوو ڕۆژنامەی نێوخۆی و فەرمی بەمەبەستی ئامادەبوونتان بۆ دادگایی کردن بۆ ڕۆژی ٢٠١٩/٦/٢٥ سەعات ٩:٤٠ یان نارەسمی بڕیکارێك بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن بەپێی یاسا داواکە دەبینرێت.
دادوەر/ کمال رضا احمد
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان/ سلێمانی
بەشی یاسا
ژمارە: ٣٤١٨
بەروار: ٢٠١٩/٥/٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (١٠٥٠)
لەسەر داوای بەڕێز بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (عمار ابراهیم احمد) لە کۆمپانیای (عیراق ئینجنیەرین سەپۆرت بۆ ڕاوێژکاری ئەندازیاری و پەرەپێدان و کارگێری پڕۆژەو توانای مرۆیی/ سنوردار) وە ئامازە بە کۆنوسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی کۆمپانیا لە (٢٠١٩/٤/٢٢) کە تیایدا بڕیار دراوە بە:
- پاکتاوکردنی کۆمپانیای (عیراق ئینجنیەرین سەپۆرت بۆ ڕاوێژکاری ئەندازیاری و پەرەپێدان و کارگێری پڕۆژەو توانای مرۆیی/ سنوردار)
- دامەزراندنی پارێزەر (فریق کاکە برا حمە حسن) وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا.
بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێیان دراوە پاڵپشت بەمادەی (١٤٧ ، ١٥٨ ، ١٦٠) لە یاسای کۆمپانیاکان ژمارە ٢١ی ساڵی ١٩٩٧ زاینی، وە مادەی (١٤٧) برگەی یەکەم و دووەم و سێ هەم و چوارەم، هەموارکراو پاش هێنانی سەرجەم بەڵگەنامە یاساییەکان بڕیاری ڕەزامەندیماندا بە:-
* پاکتاوکردنی کۆمپانیای (عیراق ئینجنیەرین سەپۆرت بۆ ڕاوێژکاری ئەندازیاری و پەرەپێدان و کارگێری پڕۆژەو توانای مرۆیی/ سنوردار)
* دامەزراندنی پارێزەر (فریق کاکە برا حمە حسن) وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا.
تا بەپێی مادەی (٢٠٦) لە هەمان یاسای ئامازە پێ کراوی سەرەوە بڵاوبکرێتەوە.
سۆران احمد اسماعیل/ بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی سلێمانی
***
ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان من پارێزەر/ فریق کاکە برا حمە حسن کە بە پێ ی کۆنوسی بڕیاری خاوەن پشکی (کۆمپانیای عیراق ئینجنیەرین سەپۆرت بۆ ڕاوێژکاری ئەندازیاری و پەرەپێدان و کارگێری پڕۆژەو توانای مرۆیی/ سنوردار) کە لە ڕۆژی (٢٠١٩/٤/٢٢) دا بڕیار دراوە بە دانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا. ئاگادارتان دەکەینەوە کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کومپانیا یان قەرزی لە لای کۆمپانیا هەیە , ئەوا لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی .
پاکتاوکار / ڕەندۆ جمال کریم
٠٧٧٢٥١١٠٧٩٥
***
دادگای بارێ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٣٥٢/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٦/١٠
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (شیروان جلال الدین محمد طاهر) قێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٥/٢٢ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (رجوان عزالدین علی) بریاردا ب(بزیوی) وتە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە ڕوژان ژ ڕوژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕوژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / زیرڤان احمد حسین
***
دادگای بارێ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٣٥٤/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٥/٨
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (شیروان جلال الدین محمد طاهر) قێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٤/٢٨ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (رجوان عزالدین علی) بریاردا ب(تفریق للهجر) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یێ داواکار دا وتە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە ڕوژان ژ ڕوژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕوژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / زیرڤان احمد حسین
***
دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە/ ٣٧٩/ب/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠١٩/٦/١١
بۆ داوالێکراو (مصطفى معتصم ياديگار)
ئاگادارکردنەوە بە بریاری پا شملە
ئەم دادگایە لە داوای بەرایی ژمارە (٣٧٩/ب/٢٠١٩) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٠ لەسەر داوای داواکار (شیرزاد عمر محمود) بریاری پا شملەی دەرکردووە دەرهەق بە تۆ بریارەکەش بریتیە لە بە گەراندنەوەی قەرزەکەی بە بری (٨٤٠٠٠٠٠٠) هەشتا وچوار ملیون دینار وە لەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونتان دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان بە بریاری پا شملە لە ڕێگای دوو ڕوژنامەی ناوخۆییەوە بۆیە مافی ڕازینەبوون وپێداچوونەوەتان هەیە لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە ماوەی یاساییدا وبەپێچەوانەوە ئەم بریارە پلەی بنبر وەردەکرێت بەپێی یاسا
دادوەر / خالد عثمان یوسف
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ١٥٠٩ / ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١١
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (مسعود صالح سعید)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف مادەیا (٢٧)یا یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتیە دان ب ڕێیا دوو ڕوژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ (١٥) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ نامادەبی لێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێ کرنێ وبەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی یێن (جبری) بین
ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ١٣١٥/ت/ ٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٠
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (١٩٦/١) کەرتی ٥٦ کانی سبی) یا قەرزدار (حسین یوسف طە) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لیستەندنی وەدلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (١٩٦/١) کەرتی ٥٦ کانی سبی)
ڕەگەز وجۆر :- پارچەکا ئەردیە دگەل بادیلو
ڕووبەر :- (٢٢٠ م)
بهایێ هاتیە دانان :- (٣٠٠٠٠٠٠) سیە ملیون دینارێ عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هە و لێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٦/١١
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای M.S.A) لە بەرواری ٢٠١٩/٦/١٠ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (پ. باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا
دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنوسی یەکەم / مریوان قەرنی ابراهیم
ئامێزەکان:
١- رافیعەی بەرزکردن و گواستنەوەی مواد بێ ژمارە دروستکراوی یابانی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی گاز توانای ٥ طن.
٢- کرێنی سەقفی بەرزکردن و گواستنەوەی مواد بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٥ طن K.W٧,٥.
٣- دروستکردنی سەروبنی نەقشی سەندەویچ پەنەڵ بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٦- کەپس کردن و ساردکردنی سەندەویچ پەنەڵ بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥٠.
٧- ڕۆڵەی ڕاکێشانی سەندەویچ پەنەڵ بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٠.
٨- مقەسی بڕینی سەندەویچ پەنەڵ بە قیاس بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.
***
٤- خەزان و میکسەری تێکەڵ کردنی قوم دوو خەزانەیی بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٥- تێکردنی قوم بۆ ناو سەندەویچ پەنەڵ بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (مدینە العاب عینکاوە) بڕیاری گۆڕینی ناوی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (مدینە العاب عینکاوە) بۆ کۆمپانیا (شاری یادی عینکاوە) بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان هەر مافێکی لە سەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەریوە بەرایەتی گشتی تومارکردنی کۆمپانیان بکاتەوە لە (شاری هەولێر - شەقامی ٦٠ م - کۆمەڵگای وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی)
ئاراس ڕۆوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (STRONG GREEN ENERGY) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بڕیاری گۆڕینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (STRONG GREEN ENERGY) بۆ کۆمپانیای (RUS CONSTRUCT)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٠٦٩٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (ڕێدین) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ڕێدین) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٥/٢٠) کە تۆمارە لەژێر ژمارە (٢٣٣٢٠) لەڕێکەوتی ٢٠١٦/٨/٢٩ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (طلعت عثمان اسماعیل) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (مەریوان وەیسی صابر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٦/١١
پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

لێکۆڵینەوەیەکی شوێنەواری لەسەر گۆڕەستانی (کول تاریکە)ی پارێزگای کوردستان (سنە)

وەرگێڕانی لە فارسیەوە: کەمال نوری مەعروف

پاییزی 1379 وەرزێکی نوێ لەکاری کنەو پشکنینی شوێنەواری، لەئەشکەوتنی (کەرەفتو) لەپارێزگای کوردستان دەستیپێکرد، ئامانج لەمەدا بۆ زیاتر زانین و ڕۆشنکردنەوەی ئەشکەوتی (کەرەفتو)بوو لەسەردەمە جیاجیاکانی فەرهەنگیدا، هەروەها بۆ بەدەستخستنی سامانی ئەشکەوتەکەو کۆکردنەوەی پاشماوەکانیشی بوو. لەلایەکی تریشەوە بۆ کۆکردنەوەی فەرهەنگی ناوچەکەبو، بەهۆی کاری کنەوە پشکنینەوە، کەلەچوار دەوریا لەوەرزی یەکەمداو لەسنووری باکووریدا باکووریدا ئەنجامدرا. دووکاری شوێنەواری تریش هەر لەو وەرزەدا لەباشووروو خۆرئاوایداو یەکێکی تریش لەدەوروبەری گۆڕستانی (5)کیلۆمەتری باشووری خۆرهەڵاتی ئەشکەوتی (کەرەفتو) بەجێگەیانران.لەمانگی مەهری 1380وەرزی دووەمی لێکۆڵینەوە جگە لەگەڕان و پشکنین لەئەشکەوتی کەرەفتودا، لەو زەوییانەی دەوروبەری کانی میکائیلیش وەکو بەلەک ئاوی و کوندەو کول تاریکەش دەستیپێکرد، ئەنجامەکانی ئەو کنەو پشکنینانەی ئەشکەوتی کانی میکائیل ئەو بەڵگە گرنگانەی نەبوو کەلەسەر گۆڕستانی کول تاریکە دەرکەوت، کەئەمەی دوایی زیانی لێکەوتبوو، بەهۆی هەڵکۆڵینی نایاسایی و مۆڵەت نەدراو، ئەوەبوو ئەنجامی کارەکەی چاپکراو بلاوکرایەوە، کنەو پشکنینی شوێنەواری جارێکتر لەئازەری 1382لەو شێوەنەوارەدا دەستیپێکردەوەو لەکۆتایدا ڕاپۆرتی کارەکانی هەردوو وەرزی کنەو پشکنینەکەی لەخۆگرت.

1

شوێن و چۆنێتی دۆزینەوەی و دەوروبەرەکەی:

گۆڕستانی کول تاریکە دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای گوندی "یوزباش کندی" لەدوری کیلۆمەترێک، یەکەمین کاری لێکۆڵینەوەی شوێنەواری کەلەدەوروبەری ئەشکەوتی کەرەفتوو واتە لەم شوێنەوارەدا ئەنجامدرا بۆ پاییزی 1379دەگەڕێتەوە، بەهۆی کاری نایاسایی بوو لەسەری کەتیایدا کرابوو، ژمارەیەک چاڵ کرابووە ڕەوبەرەکەی و لەتە گۆزەش لەناویا بلاوبوو.

بەشێک لەڕووبەری ناوچەی گۆڕستانەکەی کول تاریکە، پێکهاتووە لە تەپەی بەرزو لوتکەی بڵند، کەبەدەشتەکەوە پەیوەستن و تیایدا بەرچاو دەکەون، ئەم ناوچەیە لەبەر ئەوەی لەرووی دەریاوە بەرزییەکەی دەگاتە دوو هەزار مەتر، بارانی زۆریشی لەوەرزەکانی پایزو زستان و بەهاردا لێ دەبارێ، ئەم بارانەش لەوەڕگای دەوڵەمەند پاوانی دەوڵەمەند لەناوچەکەدا دەخاتەوە، بەجۆرێک بەشێک لەو پاوانە بۆ چەند مانگی زستان لەپاشماوەی وەرزەکاندا دەبێتە سەرچاوە، بۆ ئالیکی ئاژەڵی خەڵکی ناوچەکە، لەگەڵ ڕادەی باران بارینی زۆریش لەم ناوچەیەدا ئاوی سەر زەوی بەجۆگەڵەکانا بلاوبوونەتەوەو بۆ پڕکردنی حەوزی گەورەی ئاو بەکاردەهێنرێ، ئاوی ئەم جوگەلانە بۆ ئاودانی باخی بچکۆلەش لەو دەوروبەرەدا سوودیان لێدەبیێن.

بەهۆی سەرچاوەی ئەو ئاوانەوە کەلەناوچەکەدا هەن و بڵاون گوندی زۆر لەئەمڕۆدا لەرۆخیاندا بەو هۆیەو دەرکەوتوون، بەرهەمی سەرەکی ناوچەکەش کشتوکاڵە وەکو گەنم و جۆ، کە دێەکارن.

وەسفی شوێنەکە:

گۆڕستانی کول تاریکە بەرزیەکەی لەرووی ئاوەکانی چوار دەوربیەوە لەسنووری 2100مەتردایە، دامێنەکەی کەمێک نزمەو پشتەوەی دەڕوانێت بەسەر زەوییەکی تەختی بەرینداو دوو جۆگەلە ئاوی بچکۆلەش بەردەوام لەباکووروو باشووریدا، واتە دوای ئەوەی لەپشتەوەی گۆڕستانەکە یەکدەگرنەوە ڕووەو خۆرئاوا دەکشێن، دامێنی خۆرئاوای گۆڕستانەکە نزمترە، بەزەوییەکی تەخت کۆتایی دێت کەدوو جۆگەلە ئاو لەخۆرئاوایدا بەیەکتر دەگەنەوە.

لەسەر ڕووی شوێنەکە نیشانە دەبینین کەبەبەردی گەورە دروستکراوە، لەشێوەی چینی دیوارەدا، بەرچاو دەکەون، لەوەش زیاتر لەڕووی ئەم شوێنە تەختدا لەتە گۆزەو گڵێنەی تیادا بڵاوە، لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لەئامێری بەردین و بەردە ئەستێی چاککراو بەرچاو دەکەون.

لای باکووروو باشووروو خۆرئاوای ئەم شوێنە پڕ لەبەردی کۆنکراو لەبەشێکی تری شوێنەکەشدا بەردی ستونیش هەن کەدەڕوانن بەسەر دوو جۆگەلە ئاوەکە، لای خۆرهەڵاتیشی بەتەپەی بڵند کۆتایی دێت، کەگۆڕستانەکەی لەسەرە لەگەڵ ئەو بەردە کوناویانە زۆرانەشدا لەئەشکەوتە بچکۆلەکاندا، ژمارەیەک بەردە ئەستێی چاککراو هەن کەلە هەندێکیانا لەتە سوااڵەت و دەمەچەقۆی لەبەرد دروستکراویش بەدەست گەیشتون.

کاری کنەو پشکنین:

دوای دانانی نەخشەیەکی سنوردار، کەئەگەری گۆڕستان هەبوو لەسەر بەشێکی تەختاییەکەی کەپەیوەستە بەڕووبەری سنووری 1500 مەتری چوار گۆشە، دوای دانانی تۆڕی 5*5مەتری چوارگۆشە بۆکاری کنەو پشکنینەکەو دەستکردن بەکاری پاکردنەوەی لەگژوگیا، گۆڕی هەڵکەنراوی بێ مۆڵەت لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە دەرکەوتن، بۆیە بڕیارمدا بەئاشکراکردنی ڕووبەری گۆڕەکانی ئەو شوێنەو تاوەکو چەند سانتیمەترێک هەڵمکەندو چوومە خوارەوە بەئامانجی ئاشکراکردنی دیواری بەردی گۆڕەکان و بەردی دەمی گۆڕەکانیش، کەگژوگیا و گڵ داپۆشیبوون بۆ ئەوەی زانیاریم لەسەریان هەبێت، بەو جۆرە 3گۆڕ بەهەڵکۆڵینی ڕێگاپێنەدراو دەرکەوتن کەژمارەیان لە 1-3بوون، لەگەڵ ئەوانەشدا 7 گۆڕی تریش دەرکەوتن، کەلوپەلی ناو گۆڕی یەکەم تەواو لەناوچووبوون، بەڵام گۆڕەکانی دووەم و سێیەم لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی ناتەواو هەڵکەندنیان تیاداکرابوو لەناویاندا توانیم ژمارەیەک پاشماوەی شوێنەواری بەدەست بهێنم.

گۆڕە دروستکراوەکان:

لەوەوبەر نیشانەی دەرکەوتنی گۆڕەکان، کەوتە بەردەستمان، بەهۆی هەڵکۆڵینی نایاساییەوە کەچەند تەختە بەردێک بوون، ڕووی چاڵی گۆڕەکانیان بەشێوەیەکی ئاسۆیی داپۆشیبو، تەنیا گۆڕێکیان نەبێت کەگۆڕی نۆیەم بو، کەگیراوەی شلەیەک کرابوو بەسەر تەختە بەردەکەیدا، بۆ بەستنەوەی.

ئەستووری بەردی سەری گۆڕەکە 20سانتیمەتر، یان کەمێک زیاتر بوو، توخمی بەردەکان لەڕەنگی خاکەبوون کەپێوەی پەیوەستبوون، دریژی گۆڕەکان لەنێوان 1.80-2مەتربوون و پانییەکانیان 80-60 سانتیمەتر و قوواڵیەکەشیان لەنێوان 100-80 سانتمەتربوون.

لەو ڕۆژگارەدا مردووەکان کەخرابوونە گۆڕەکانیانەوە بەشێکیان ڕووەو خۆرهەڵات و خۆرئاوا بوون بەڵام هەندێکی تریان بەمانا ژمارە 8و 10ڕووەو باکووروو باشوور بوون.

لەناو گۆڕەکانی گۆڕستانی "کول تاریکە" گۆڕەکانی 9و10 لەدروستکردنیاندا لەوانی تر جیاوازتربوون، بەو جۆرەبوون، چاڵی گۆڕی 9پێچەوانەی چاڵی گۆڕەکانی پێشووتری بوو، لەلایەک گڵ باڵای دیواری گۆڕەکەی داپۆشیبوو، گۆڕەکەش هەڕوەکو باسمانکرد گیراوەی شلەیەک کرابوو، بەسەر تەختەبەردەکەی، چاڵی گۆڕی 10بەسەیرکردنی دەردەکەوێت، دەچێتەوە سەر چاڵی گۆڕی ? 9بەڵام چینی دیوارەکانی بەو تەختە بەردە گەورانەبو، کەبەشێوەی ستوونی لەزەویدا بەرزبوونەوە، داپۆشینی گۆڕەکەش وەکو گۆڕەکانی تر وابوو، کەبەچەند تەختەبەردێک گیرابوو.

خاڵێک کەلێرەدا جێگای گرنگی پێدانە، ئەوەیە مردووەکە ڕووەو باکووری خۆرئاوا ڕاکێشرابوو، دیواری گۆڕەکەش بەردەکانی بەو شلەیە بەسترابوون بەیەکەوە، کەلەم گۆڕە بەولاوە لەهیچ گۆڕێکی تریاندا ئەو شێوەیەم نەبینی، دەبێت ئەوەش بڵێم ئەو گیراوەیە پەیوەندی خاکناسی دروستی نەکردبوو، بەڵکو بەسەیرکردنی دەرکەوت تایبەتە بەشوێنەکەو بەبەکارهێنانی.

مردوو خستنەگۆڕ:

ئێسکبەندی مردو لەم گۆڕانەدا، لەسەر شێوەیەک نەبوون، چونکە لایان دانانی مرووەکە، هەروا کارێکی ئاسان نەبووە، بەپێی ئەو بنەمایە، ئێسکبەندی مردووی گۆڕی 7 شیوە کۆنەکەی وەرگرتبوو، ئەوەش بەهێنانەوەی ئەژنۆی مردووەکە بۆسەر سنگی، لەگەڵ هێنانەوەی دەستی بۆ سەرچاوەی، لەگۆڕێکدا مردووەیەک دانراوە، بەڵام گۆڕیش هەیە دوو مردووی تیادابوو، وەکو گۆڕەکانی 3و9 یەکێک لەو گۆڕانەش کەگۆڕی 5بو هیچ ئێسکبەندێکی تیادانەبوو، لێرەدا تەنیا ژمارەیەک لەتەسوااڵەت و یەک ئەڵقەی دەست و پارچەیەک مەعدەن و 3مۆری بەردەبەدەستگەیشتوون، بەو جۆرە دانانی دیاری گۆڕ بۆ مردووەکە، زۆر ڕۆشن نەبوو، بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی لەگۆڕی 7و8دا هەبوون. دیاری ناو گۆڕیش، نزیکی سەری مردووەکە دانرابوو، بەڵام گۆڕی 10لەوانی تر جیاوازتر بوو، چونکە دیاریەکە نەخرابووە ناوچاڵی گۆڕەکەوە بەڵکو لەدەری گۆڕەکە دۆزرایەوە.

دیاری گۆڕ:

ژمارەو جۆری دیاری گۆڕ لەگۆڕستانی "کول تاریکە"دا لەسەرچاوەکەیەوە کەبۆی هاتووە بەپێی پلەی ئابووری گۆڕاوە، ئەو کەلوپەلانەش کەزیاتر بەدیاری هاتوون، وەکو سوااڵەتی قاپ و قاچاخ کەهەندێک لەوانە ساغن و ماونەتەوەو بەدەستمان گەیشتوون.

لەناو ئەو قاپ و قاچاخە گڵێنەییانەشدا، چەند شێوەیەک بەرچاو دەکەون کەلایەنی سەرپەرشتیاری گۆڕ بۆ مەرامی ئاینی داینناون، وەکو شێوە مەسینەی گڵێنەیی بچووک، کە لولەیەکی نووک تیژی هەیە، لەگەڵ دانانی گۆزەی بچووکی لوولەدار.

کۆمەڵە گڵێنەی دەرکەوتو لەڕووی شێوەو جۆریانەوە لەیەکتری زۆر جیاوازبوون، نموونەی ئەمەش لەگۆڕی 2دا دەرکەوت کە 5قاپ و قاچاخی گڵێنەیی تەواو و نیوە تەواوبوو دۆزرانەوە، بەبەراوردی ئەمانە لەگەڵ سوااڵەتەکانی گۆڕی 7یان 9 دەرئەکەوێت.

لەهەموو ئەو شوێنانەدا دیاری گۆڕ کەپێویستبووە بۆ مردووەکە، دانراوە، بەڵام بەهەمان شێوە کەلوپەلی مەعدەنیش وەکو یەک لەناو گۆڕەکاندا دانەنراوە، لەکۆمەڵە مەعەدەنی گۆڕستانی کول تاریکەدا کەلوپەلی دۆزراوە، وەکو پارچە مەعدەن، دەرزی سنجاقی داخراو، شۆژن کەبۆجوانی بەکارهێنراوە، ئەڵقەی پەنجە، گواڕە، کاسەی گڵێنەیی، گڵێنەی ستوونی، میخێکی پرچ و مۆرێکی بچکۆلە.

خاڵێک لەسەرچاوەکەیەوە کەپێویستی بەتیروانینە، کۆمەڵێک کەلوپەلی مەعدەنی تەواوە لەگۆڕستانی کول تاریکە، کەلەناویاندا بابەتی شەڕ بەرچاو ناکەوێت، لەناو ئەو کۆمەڵە زۆرو کەلوپەلە جۆراوجۆرەدا کەلەئاسن دروستکراون و لەبەردەستدان تیایاندا کەلوپەلی لەمس دروستکراو کەمە، بەڵام لەزووەوە ئەو پاشماوانەی لەئاسن دروستکراون دووچاری لەناوچوون هاتوون، کەناسینەوەی شێوەی سەرەتاییان تووشی گرانی و دژواریت ئەکات، کەناتوانین بزانین چیی بوون. گۆڕی 7 لەناو گۆڕەکانی تردا لەڕووی ژمارەو جۆری شتوومەکی ئاسندا کەکاری کنەوپشکنین دەریخستوون، لەوانی تر جیاوازترن و بێ وێنەن، لەم گۆڕەدا 3چەقۆ، خەنجەرێک، ئەڵقەیەکی بچکۆلە، لەوانەی ئەڵقەی پەنجەبێت، لەگەڵ 5پارچەی شێوە بازنەیی کەدووانیان کونکراون، لەگەڵ سنووری 500گرام پارچەی تر کەناناسرێنەوە، ئەمانە لەبەردەستدان.

زیاتر لەمانەش لەگۆڕی ژمارە9دا شۆژنێک و لەگۆڕی 10دا چەقۆیەک کەلەوانەیە دانەیەک بیت لەدەستەیەک، هەروەها لەگۆڕەکانی 8و6و3دا ژمارەیەک پارچە ئاسن دۆزرانەوە، کەشێوەیان نادیارن، کەچی بوون بەدەستگەیشتوون.

کۆمەڵە کەلوپەلی بەردینی گۆڕستانی "کول تاریکە" لەبنەمادا پەیوەستە بەمۆر کەبەجوانی دروستکراون و دەکەونە بەرچاو، لەپێشوودا مۆرە بەردینەکانی لەجۆری بەردی ئاوی بوون، هەروەها لەو جۆرە مۆرانە لەتوخمی یاقووتیش هەنە کەگەورەتر لەمۆرەکانی تر دروستکراوە، یەکێکی تریان لەبەردێکی سەوزی نیوە روناکە، کەژمارەیەکی زیاد لەو مۆرانە لەناویاندا هەبوون.

لەو شتوومەکانی تر لەگۆڕستانی کول تاریکە بەدەستمان گەیشتوون جۆرێک لەگوێچکە ماسی دەریایە، بەناوی "گێژەکە"، لەکەنداوی فارس بەزۆری دەستدەکەون "هەتاکو ئەم دواییەش ئەو گوێچکە ماسیانە ئافرەتی کورد بۆ ڕازانەوەی جلکی سوودی لێ بینیوە".

دەوڵەمەندترینی گۆڕەکان لەڕووی کەلوپەلاکانیانەوە، گۆڕەکانی 10و8و 7ن، ئەو کۆمەڵە کەلوپەلانەی لەگۆڕی 7بەدەستگەیشتن، پێکهاتوون لە: 2قاپی مس، 2سوااڵەت، 3چەقۆ، خەنجەرێکی ئاسنی تەواو، لەگەڵ 2ئەڵقە، لەوانەیە لەمس دروستکرابون، لەگەڵ ژمارەیەک مۆری یاقووت، لەگۆڕی 8یشدا 5سوااڵەتی گڵێنەیی، 12سنجاقی قفڵی تەواو و نیوەتەواو، لەمس دروستکراون، لەگەڵ چوار شووژن بۆ جوانی کەلەمسن، لەگەڵیاندا 300 مۆری لەبەرد دروستکراو، کەژمارەیەکی زۆرە، لەگەڵ سەرە تەشیەکی گڵێنەیی بۆیەکراو، ژمارەیەک پارچە مسی نادیار کەنازانرێت چیبوون.

کۆمەڵە کەلوپەلی گۆڕی 10 کەبەدەستگەیشتوون پێکهاتوون لە: 5سوااڵەتی تەواو 14پارچە مەعدەنی مس و 2چەقۆی ئاسن و ئەڵقەیەک و گوارەیەکی مس و دووشت کەبۆ جوانی لەئێستقان دروستکراون، بەشێوەی گوڵی سیانزەپەڕ لەگەڵ مۆرێکی بەرد.

لەنێوان کەلوپەلەکانی گۆڕی 10دا کەسەرنجراکێش بوون و بۆ جوانی لەئێستقان دروستکرابوون لەشێوەی گوڵێکدایە، کەسیانزە پەرەو کەمەرەکەی 28میلیمترە، لەگەڵ دەرزییەکی بچکۆلە، کەمەرەکەی 3.5میلیمتر بەرچاو دەکەوێ، لەشێوەی مێخێکدایە لەقژ ئەدرێ و لەمس دروستکراوە.

شێوەی ئەم کەلوپەلە یادگارییانە، نەخشی جوانییان هاوشێوەکەی لەسەر ڕووی گۆزەی بچکۆلەی بۆیەکراوی "زێوبە" هەی،ە مۆری بەردیش کەسنووداری بەو گۆڕانە کەمن کەلەدەری گۆڕی 10بەدەستمان گەیشتن بەشێوەی نیوە لوولەیەکن، دریژییەکانیان 23میلیمەترەو لەڕووە قژقزەکەی ئەم مۆرانەدا نەخشێکیان لەسەرە لەشێوەی پیاوێکداو، لەڕووەکەی تریشیاندا بەهەمانشێوە نەخشی مرۆڤێک بەرچاو دەکەوێت سەماداکات و پژشاکی سەری بەشێوەی تیشکی هەتاوەو خەنجەرێک لەدەستیدا دەبینرێت.

سەرچاوە:

مجموعه مقالات همایش بین المللی باستان شناسی ایران: حوزه شمال غرب/ بەکوشش دکتر مسعود آذرنوش/چاپ نخست /1383لا86-81



ئیستانبوڵ ..

پارتی داد و گەشەپێدان لە هەوڵی بەدەستهێنانی دەنگی کورد دایە




عەبدولقادر کەڵهۆر

حزبی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار لە تورکیا دوای ئەوەی لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە مانگی ئاداری رابردوو نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت بە تایبەتیش لە گەورەترین پێگەیدا کە شاری ئیستانبوڵ، لە خولی دووبارەکردنەوە دەنگدان بۆ شارەوانییەکانی ئیستانبوڵ بۆ 23ئەو مانگە، ئەوجارە رووی کردووتە گرنگیدان بە دەنگدەری کورد لەوشارە .

دوای ئەو شکستە حزبی ناوبراو گوشارەکانی زێدەتر کرد بۆ ئەوەی دەنگدان لەسەر بەدەستهێنانی کورسی سەرۆکی شارەوانی ئیستانبوڵ دووبارە بکرێتەوە. ئەوەش نیشانەیەکە بۆ ئەوەی کە کاندیدی ئۆپۆزیسیۆن ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ زۆر بەهێزەوە دەتوانێت جارێکی دیکە بەسەر عەلی بن یلدرم سەرکەوێت کە خودی ئەردۆغان کاندیدی کردووە بۆ ئەو پۆستە .یەکەم هەنگاویش لەو رووەوە لەلایەن حکومەتی دادو گەشە پێدان بریتی بوو لە (سوکردنی) ڕەوشی زیندانیکردنی عەبدوللا ئۆجەلان سەرۆکی پەکەکە و ڕێگەدان بە پارێزەران و ئەندامانی خێزانەکەی بە سەردانیکردنی لەوەتەی کەلە ساڵی 2011وە دەستگیرکراوە. هەر لەو چوارچێوەدا حزبی دەادو گەشەپێدان هەموو پێکهاتەی حزبەکەی ڕاشپاردووە کە لە بەرانبەر کورد نەرمی بنوێنن و خۆیان لە تووڕەکردنی کورد لەو قۆناغە هەستیارە بەدووربگرن.دواتریش بن عەلی یلدرم کاندید بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی ئیستانبوڵ سەردانێکی بۆ چەند شارێکی کوردان ئەنجامدا لەوانەی دیار بەکرن لەو وتەیەکیدا لە دیاربەکر یلدرم، ئەو نەرمی نواندنەی گەیاندە ئەو پەڕی و وشەی (کوردستان)ی بەکارهێنا کە هێمایە بۆ دەوڵەتی کوردی، کە پێشتر حکومەتی ئەردۆغان جەنگی ڕاگەیاندبوو لە بەرانبەر هەرکەسێک کە ناوی کوردستان بهێنێت و چەند پەرلەمانتارێکی کوردیشی زیندانی کرد تەنیا لە بەر بەکارهێنانی چەند وشەیەکی کوردی.لە بەرانبەردائایشە ئاجار باشاران پەرلەمانتاری حزبی دیموکراتی گەلان سەرەکۆنەی ئەو ڕەفتارانەی یەلدرمی کردوو ناوی نا مانۆرە ئابڕووچووەکان و گوتی، مندالێکی کورد کە تەمەنی 5 ساڵ بێت دەزانێت یلدرم بەهۆی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی ئیستانبوڵ ئەو قسانە دەکات، بۆیە پێویستە حزبی دادو گەشەپێدانی بزانێت ئەو جۆرە ڕەفتارانە بەسەر کورد تێپەڕ نابێت. گوتیشی ئەردۆغان چەند جارێک دووپاتیکردووەتەوە، لەتورکیا شوێنێک نییە بەناوی کوردستان، هاوکات هێشتا چەند پەرلەمانتارێکی کورد بەهۆی بەکارهێنانی وشەی کوردو کوردستان لە زیندانن. بۆیە پێویستە شەرم لەخۆیان بکەنەوە کاتێک ئەو جۆرە تاکتیکانە بەکاردێنن.

پەرلەمانتارە کوردەکە گوتی، هەر لەچوارچێوەی ئەو دوو ڕوویەدا بن عەلی یلدرم وتەکەی لە دیاربەکرد بە سەلامکردن بە زمانی کوردی دەستپێکردو ئاماژەی بە نوێنەرایەتی کورد کرد لە سەردەمی ئەتاتورک.باشاران گوتیشی، حزبی دادوگەشەپێدان هێشتا لە سزادانی کورد بەردەوامە ، ئاماژەشی بە سزادانی عوسمان بایدەمیر پەراەمانتارداو کە ڕێگەی پێنەدراوە لە سێ دانیشتنی پەرلەمان ئامادەبێت و بەدڕێژایی ئەو سێ مانگەش موچەکەیان لێ بڕیوە ، تەنیا لە بەر ئەوەی ناوی کوستانی هێناوە.لەلایەکی دیکەوە ، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان و ئەندامی لیژنەی دەستوری و لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی تورکیا میرانڵ دانیش بشتاش لە هەمبەر لێدوانەکەی سەردانەکەی یلدرم وتەکانی گوتی، ئەو جۆرە ڕەفتارانەی حزبی دادوگەشەپێدانی لە کاتی هەڵبژاردنەکان هیچ سودێکی نابێت. چونکە کوردستان ئەو شوێنە نیە لە کاتی بتانەوێت هەبێت لەکاتێکیش نەتانەوێت نەبێت.بۆیە بەکارهێنانی ئەو کارتە لەکاتی هەڵبژاردنەکان بێ سودەو ئاکامی نەرێنی دەبێت بۆیان .لەلایەکی دیکەوە نووسەری تورک سەباحەدین ئۆنکەبار کە دوای نووسینێکی لەلایەن چەند کەسانێکی نەناسراوەوە دەستدرێژی کرایە سەر گوتی، حزبی دادوگەشەپێدان لەمانگی ڕەمەزان سەردانی چەند کەسایەتیەکی ئایینی کوردیان کردووە کە لەکاتی خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی دەنگیان بۆ حزبەکەی ئەردۆغان نەدابوو، هەروەها پارەیان لە نێوان 50 ملیۆن لیرەی تورکی تاکو 10 ملیۆن لیرە وەکو بەرتیل پێدابوون .بە پێی ڕاپرسییە بەرایەکان کە چەند کۆمپانیەکی توێژینەوەی بێ لایەن ئەنجامیانداوە، دەرکەوتووە ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ کاندیدی ئۆپۆزیسیۆن بە نزیکەی 5خاڵ لە پێش بن عەلی یلدرم دایە، بۆیە حزبی داد و گەشەپێدان تای لێهاتووە و بەهەر شێوەیەک بێت دەیەوێت ئەو جیاوازییە نەهێڵێت.

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1812:
ناپلیۆن دەستی بە هەڵمەتی داگیرکردنی ڕووسیا کرد .



ساڵی 1916:
شەریف بن حوسێن شۆڕشی لە دژی عوسمانیەکان ڕاگەیاند .



ساڵی 1965:
کودەتایەکی سەربازی لە ڤێتنامی باشوور ڕوویدا .



ساڵی 1968:
نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر پەیماننامەی بلاونەبوونەوەی چەکی ئەتۆمی دا .



ساڵی 2009:
دەیەم هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئێران ئەنجام درا .



ساڵی 2018:
لە سەنگافورە کۆبوونەوەی لوتکە لەنێوان سەرۆکی ئەمەریکا و سەرۆکی کۆریای باکوور ساز کرا .

www.xebat.net
چوار شەممە/12\2019/ژمارە (5766)

پرۆفایل



نیکۆڵای چاوچیسکۆ ..

ئەو دیکتاتۆرەی کەوتە بەر سێرەی تفەنگەکانی خۆی

ئا: هەندرین شێرزاد

لە نزیکەوە

ناوی تەواوی نیکۆڵای چاوچیسکۆیە
لە 26-1-1918لە گوندێک بەناوی پاولتینیا لە باشووری رۆمانیا لە خانەوادەیەکی هەژار لەدایک بووە .
لە قۆناغی سەرەتایی وازی لە خوێندن هێناوە .
لە تەمەنی 11ساڵی روو دەکاتە بوخارێستی پایتەخت .
لە پایتەخت لە بواری بۆیەکردنی پێڵاو کار دەکات .
دەبێتە ئەندامی حزبی شیوعی رۆمانی و چەند جارێک دەستگیر دەکرێ .
ساڵی 1946ئیلینا پیتریسکۆ دەناسێ و هاوسەرگیری دەکەن .
دوای جەنگی دووەمی جیهان رۆمانیا لەژێر کاریگەریی سۆڤیەت مایەوە و لەو کاتەشدا دەبێ بە سکرتێری یەکێتی لاوانی شیوعی .
ساڵی 1947شیوعیەکان دەگەنە دەسەڵات و نیکۆڵای لە وەزارەتی کشتوکاڵ کار دەکات.
دواتر دەبێ بە جێگری وەزیری بەرگریی رۆمانیا .
ئینجا دەبێ بە کەسی دووەم لە حزبی شیوعی رۆمانی .

سیاسەت و دەسەڵات

لە مانگی ئاداری 1965جۆرجیۆ- دیجی سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی رۆمانی کۆچی دوایی کرد ، دوو رۆژ دواتر چاوچیسکۆ شوێنی ئەوی گرتەوە ، هەر ئەو کاتەش ناوی حزبی شیوعی و دەوڵەتی گۆڕی و کردی بە کۆماری رۆمانیای سۆسیالیستی . ئەگەرچی ئەو کەسێکی شیوعی بوو بەڵام لەگەڵ سۆڤیەت پەیوەندی باشی نەبوو ، بۆیە هەوڵی دارشتنی سیاسەتێکی دەرەکی تایبەت بە ولاتەکەی دا کە دوور بوو مۆسکۆ .
ساڵی 1960رۆمانیای لە پەیمانی وارسۆ دەرهێنا و راشکاوانەش دژی هێرشی سۆڤیەت وەستا لە دژی چیکۆسلۆڤاکیا . ساڵی 1974بوو بە سەرۆکی ولات و لەو کاتەوە بە یارمەتی دەزگای پۆلیسی نهێنی کۆنترۆلی هەموو بوارەکانی ژیانی کرد ، و چاودێری خستە سەر هەموو چالاکیەکان و دەستی بەسەر هەموو میدیاکاندا گرت ، هەروەها زۆر بە توندی مامەڵەی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا کرد .

سیاسەتی ئابووری

زۆربەی بڕیارەکان سەردەمی دەسەڵاتی چاوچیسکۆ بە ماوەیەکی تاریک و خاڵێکی ڕەش وسف دەکەن.
ئەگەرچی ئەو لە سایەی ناسیۆنالیزمدا زۆر باسی نەهێشتنی هەژاریی و چینەکانی کۆمەڵگای کرد ، بەڵام هیچ یەکێک لەم پەیمانانەی نەهێنا دی .
لە سەرەتادا سیاسەتی تەقەشوفی پیادەکرد ، بڕیە مەسەلەکان گەیشتنە ئاستێک کە دەستەبەرکردنی پێداویستیە گرنگەکان ماندووبوونێکی زۆری دەویست.
حکومەت بڕیاری دا تەنانەت دابەشکردنی نانیش بە یاسا بکات ، بەمەش هەر هاوڵاتیەک بڕی هەبوو تەنیا نیو نان وەربگرێ .
لەڕێڕ ناوی دانەوەی قەرزەکانی ولات ، چی بەرهەمی ناوخۆیی هەبوو هەموو هەناردەی دەرەوە کرا لە سەرەتادا چاوچیسکۆ و تیایدا پەیمانی زۆری بە دەسەڵاتەکەی سیاسەتی بەرتەسککردنەوەی سەرجەم بوارەکانی ژیان پیادەکرد.
سەرجەم دامودەزگاکانی راگەیاندن خرانە ژێر دەسەڵاتی حکومەت .
هەموو کەنالّە بیانیەکان قەدەغە کران و سەرجەم خەڵکی بیانیش خرانە ژێر چاودێری .
دەزگایەک بەناوی پۆلیسی نهێنی دامەزرێنرا و ئەندامانی بە هەموو خاکی رۆمانیادا بڵاو کرانەوە .
هەر کەس و لایەنێک ستایشی دەسەڵاتی نەکردبا ، حیسابی دوژمنی بۆ دەکرا.

شۆڕش لە دژی ستەم

ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵات سنووورەکانی ژیانی بەرتەسک کردەوە ، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ زیادبوونی ئاستی ناڕەزایی جەماوەر ، ئەوەبوو لە شاری تیمیسوارای ڕۆژئاوای رۆمانیا خەڵک هەڵڕژایە سەر شەقام ، دوای ماوەیەک سنووری ناڕەزایی فراوانتر بوو تا گەیشتە بوخارێستی پایتەخت و ئینجا هەموو رۆمانیا . لە پایتەخت خەڵکی نارازی ڕوویان کردە کۆشکی کۆماری ، ئەگەرچی بەشێکی زۆر لە خۆپیشاندەران بە مەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخەکان چاوچیسکۆ لە کۆشکەوە وتارێکی پێشکەشی خەڵک کرد و داوای لێبوردنی لێکردن لە هەڵەکانی ڕابردووی کرد ، بەڵام ئەو کارە کاریگەری نەبوو لەسەر خەڵک و ئەوان گوێیان لە وتارەکە نەگرت .

کۆتایی و حوکمی گەل

کاتێک چاوچیسکۆ گەیشتە قەناعەت کە ئیتر کۆتاییە ، خۆی و هاوسەرەکەی لە نزیک کۆشکی کۆماری لەڕێگەی هێلیکۆپتەرێکەوە ڕوویان کردە شوێنێکی نادیار . دواتر لەلایەن ژمارەیەک جوتیارەوە شوێنیان ئاشکرا کرا و ڕادەستی پۆلیس کران . لە دادگاییکردنێکدا کە تەنیا دوو کاتژمێری خایاند چەندین تۆمەت ئاراستەی هەردووکیان کرا ، لەوانە : جینۆسایدکردنی شۆڕشگێڕان و وێرانکردنی ئابووری ولات . لە بەرامبەردا دادگا سزای گوللەبارانکردنی بۆ چاوچیسکۆ و هاوسەرەکەیدا سەپاند و لەبەردەمی زوومی کامێراکاندا هەردووکیان گوللەباران کران و لە پایتەخت بەخاک سپێردران .

دوایین وتە

ڕۆژی 25ی 12ی 1989 ، ماوەیەکی کەم بەر لە گوللەبارانکردنی هەردووکیان ، چاوچیسکۆ تەنیا یەک ڕستەی لە دەم هاتە دەر و وتی :

دوو پرۆژەی وێرانکار

لە ماوەی دەسەڵاتیدا ، چاوچیسکۆ دوو پرۆژەی جێبەجێ کرد کە بوونە مایەی وێرانکردنی ولات :
پرۆژەی ڕێکخستن : دەسەڵات بە گوێرەی خواستی سەرۆکی ولات دەستی گواستنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیان کرد .
لە ژێر ناوی بونیادنانی مااڵی میللەت ، دەستی بە گۆڕینی سیمای بوخارێستی پایتەخت کرد . لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆری کەنیسە و بالەخانەی میژوویی وێران کرد و لە شوێنیاندا بالەخانەی بەرز و شەقامی فراوان و گۆڕەپانی بەنیاد نا ، لە ناوەڕاستی شار بالەخانەیەکی لەژێر ناوی مااڵی میللەت بونیاد نا کە دوای بالەخانەی پەنتاگۆن دووەم گەورەترین بالەخانە بوو لەسەر ئاستی جیهان .

لەسەر ئاستی سیاسی

هەوڵی دا پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا پتەو بکات و بە مەبەستی پیرۆزبایکردن لە ریچارد نیکسۆن سەردانی ئەمەریکای کرد .
لەوالش سەرقاڵی بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی نێوان ڕۆمانیا و چین بوو .





مانشێت



سکای نیوز:
وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا رایگەیاند ئەو 12 مەرجەی کە لەلایەن وەزیری دەرەوەی ولاتەکەیەوە دیاریکراون، دەبنە بناغەی هەر گفتوگۆیەک کە لە نێوان واشنتۆن و تاران ئەنجام بدرێ .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە شاری مانهاتنی ئەمەریکا ، هێلیکۆپتەرێک کەوتە سەر باڵەخانەیەک و کەسێک گیانی لەدەست دا .



ئەی ئێف پی:
بە تۆمەتی گەندەڵی ، دەسەڵاتدارانی پاکستان ئاسف عەلی زەرداری سەرۆکی پێشووتری ولاتیان دەستگیر کرد.



ڕۆژنامەی ئەلجەزیرە:
لە ناوەڕاستی مالی ، بەهۆی بەرپابوونی شەڕ لەنێوان چەند هۆزێکدا 95 کەس گیانیان لەدەست دا.



ڕۆژنامەی ئەلجەزیرە:
هەردووک حکوومەتی فەرەنسا و هۆڵەندا 14منداڵی داعشیان لە سووریاوە گواستەوە ولاتەکانیان.



فرانس :24
نیوزلەندا بڕیاریدا لە ناوەڕاستی ساڵی داهاتوو سەرجەم سەربازانی لە عیراق دەکێشێتەوە.

گەشتیاری شاخڕەوی لە کوردستان لە پەرەسەندندایە

نادر روستی

سروشت بە بەهێزترین بنەمای گەشتیاری ئژمار ئەکرێت، بە هەمان شێوە بۆ هەرێمی کوردستانیش بەهێزترین بنەمایە و بۆ زۆرێک لە جۆرەکانی گەشتوگوزار لەبارو گونجاوە، بۆیە دەکرێت لە زۆر لایەن کار لە سەر پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری بکرێت و پێشخرێت، شاخرەوی یەکێکە لەو جۆرانەی گەشتیاری کە لەسەرەتای گەشە و پەرەسەندن دایە و ژمارەیەکی زۆر تیم و گروپ بۆ ئەم جۆرەی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان پێکهاتوون.

شاخڕەوی سەرەڕای ئەوەی کە جۆرێکی گەشتیاریە، جۆرێکی وەرزشە و جۆرێکی ژینگەپارێزیە، هەروەها جۆرێکە لە گەشتیاری خۆشی و کاتبەسەر بردن، هەندێکجاریش تێکەڵ بە گەشتیاری سەرکێشی و گەشتیاری زستانە و گەشتیاری شاخەوانی دەبێت.

کۆبونەوەی ژمارەیەک جۆری گەشتیاری لە جۆرێکی گەشتیاری خۆی لە خۆیدا گرنگی ئەو جۆرە گەشتیاریە بەدەردەخات.

لە شاخرەوی هەموجۆرە کەسێک ئەتوانێ بەشدار بێت بە مەرجێ رێنمایەکانی شاخرەوی جێبەجێ بکات و جەستەی توانا و بەرگەی ئەم جۆرە وەرزش و گەشتیاریە بکات. شاخرەوی بۆ کەرتی گەشتیاری گرنگە چونکە تیمەکانی شاخرەوی بەردەوام بە دوای شوێنی سروشت جوان و نەوازە دەگەڕێن و گەشتی بۆ ئەکەن، بۆیە زۆرجار گەشت بۆ شار و بۆ هەرێم و بۆ وڵاتی دەرەوەش ئەکەن و بە دوای شوێنی نوێ ئەگەڕێن.

شاخرەوی لەهەمانکاتدا وەرزشێکی زۆر گرنگە بۆ پاراستنی تەندروستی مرۆڤ و بەهێزکردنی لەش و راهاتن لە ڕێرەوی بۆ ماوەی درێژ و بەرگەگرتن لەبەرامبەر هەندێک سەختی و گرانی ژیان.

شاخرەوی جگەلەمانە ئارامی بەخشە بۆ دەروون و چارەسەرە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە نەخۆشیە سەخت و درێژخایانەکان، ئاشنابوونە بە سروشتی جوان و شارەزابوونە لە بەشەکانی وڵات و هەڵکەوتەی جوگرافی نیشتیمان، بەهێزکردنی ئینتمایە بۆ سروشت و خاک و بەهێزبوونە بۆ گیانی هاوڕێیەتی و کاری هاوبەش و کاری بە تیم و گروپ.

سوودەکانی هێندە زۆرن رەنگە بە ئاسانی بە نووسینک کۆتای نایەت. لە هەرێمی کوردستان لەم چەند سالەی دوای ژمارەیەکی زۆر تیم و گروپ و رێکخراو و فیدرایسۆن بۆ ئەم جۆرەی گەشتیاری و وەرزشیە دروست بوون و لە گەشە و فراوان بوون دان.



فۆتۆ: هەڵگرد چۆمانی









گروپی شاخەوانی هەڵۆی پایتەخت



لەرێکەوتی 4-4-2014دامەزراوەو سەربەناوەندی هەولێری فیدراسیۆنی شاخەوانی کوردستانە مۆلەتی کارکردنی هەیە وەک گروپێکی شاخەوانی و سەرپەرشتار و دەستەی کارگێری خۆی هەیە ژمارەی ئەندامەکانیان نزیکەی 140ئەندامە کچان و ژنان ژمارەکی بەرچاویان لەو گروپە هەیە ئەم گروپە لەپاڵ کاری شاخەوانی کاری ژینگە پارێزی ئەنجام دەدەن وە چەندین خولی تایبەت بە شاخەوانی و ژینگەپارێزی و فریاگوزاری سەرەتایی و رزگار کردنیان دیوە وە هەڵمەتی پاک کردنەوەی سەیرانگاکان و کرینو ئازاد کرنی بالندەی کێوی و دارچاندن و خوێن بەخشین یان ئەنجام داوە ئەم گروپە دوو جۆر گەشت ئەنجام دەدەن گەشتی تایبەت بۆ ئەوکەسانەیە کە لەتیمی تایبەتی ئەم گروپەن ژمارەیان 25 ئەندامە گەشتەکانیان بۆ شوێنە سەختەکانی کوردستانە وەک چیاکانی هەڵگورد و حسن بەگ و سەکران کەشتی دووەمیان گەشتی گشتیە پێی دەگوترێ شاخرەوی (گەشت و گوزار) ئامانجی ئەم گروپە ناساندن و بە کلتورکردنی وەرزشی شاخەوانیە لە کوردستان بێ گومان وەرزشی شاخەوانی یەکێکە لەوەرزشە هەرەبەسوودەکان بۆ لەشی مرۆڤ میشکی مرۆڤ هزری مرۆڤ لەم چەند سالانەی ئەم دوایە ئەم وەرزشە زیاتر لەکوردستان پەرەی سەندووە چەندین گروپ و رێکخراوی تایبەت بەشاخەوانی وژینگە پارێزی دروست کراون گروپی شاخەوانی هەڵۆ یەکێکە لەگروپە زۆر ئەکتیڤەکانی پایتەخت بەماوەیەکی کەم توانی جێ پەنجەی خۆی لەنێو کوردستان بەگشتی و هەولێری پایتەخت بکاتەوە باشی هەیە لەگەڵ هەموو گروپەکانی کوردستان و گەشتی هاوبەشیان لەگەڵ ئەنجام دەدات ,هەموو کەسێک بێ جیاوازی تەمەن و ڕەگەز دەتوانێ ببێت بەئەندام لەم گروپە بەڵام سەرەتا دەبێت پابەندنی رێنمایەکانی تایبەت بە شاخەوانی وژینگە پارێزی بێت و فۆرمێک پڕبکاتەوە ئینجا دەتوانێ گەشت بکات. هەرلەسەرەتای دروست بوونی (ژینگە پارێزی کاری سەرەکیمانە) کردویەتی بە دروشمی کارکردنی خۆی و تائێستاش پابەندە بەم دروشمە. لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆزیش شەوانە لەپارکی سامی عبدالرحمن ڕاهێنانی بەهەندێک لەئەندامەکانی لەسەر کاری بەردەوانی دەکرد کەئەویش یەکێکە لەوەرزشە شاخاویەکان .

داهاتی گەشتیاری بۆ کێ دەچێ؟



داهاتی گەشتیاری وەک داهاتەکانی تر نییە کە تەنیا بۆ حکومەت بێت یان تەنها بۆ سەرمایەدار یان تەنها هاوڵاتی سوودمەند بێت، بەڵکو لە داهاتی گەشتوگوزار هەرسێ لایەن بە شێوازی جیاواز لێی سوودمەند ئەبن.

١- داهاتی گەشتیاری بەشێکی ڕاستەوخۆ بۆ هاوڵاتیان دەڕوات و بازاڕ دەبوژێنێتەوە: کاتێک گەشتیار سەردانی هەر شار و وڵاتێک بکات کۆمەڵێک پێداویستی لە بازاڕ دەکرێ وەک: خواردن و خواردنەوە بێت یان پێدایستی گەشت یان دیاری و پێداویستی تایبەت، جگە لەوەی پێویستی بە هاتوچۆ و پەیوەندی و ژمارەیەک خزمەتگوزاری هەیە، بۆیە گەشتیار راستەوخۆ پارە دەخاتە دەست هەموو ئەوانەی راستەوخۆ پێداویستیەکانی بۆ دابین دەکات. بەشێکی دیکەی هاوڵاتیانیش راستەخۆ بێت یان ناراستەوخۆ هەلی کاریان بۆ دابین دەبێت، وەک دەستگیر و فرۆشیاری سەر ڕێگە و شەقامەکان.

٢- داهاتی گەشتیاری بەشێکی بۆ کەرتی تایبەت دەڕوات بە تایبەت بۆ خاوەن پرۆژەکان:

خاوەن پرۆژەکانی گەشتیاری کە سەرمایەکانیان لە کەرتی گەشتیاری بەگەرخستووە وەک پرۆژەکانی هوتێل و ریستۆرانت و شاری یاری و چەندا جۆری تری پرۆژە، داهاتی زۆریان لە گەشتیار دەست ئەکەوێت و پشت بە گەشتیار دەبەستن، لە زیادبوونی گەشتیار ئەوانیش سوودی زیاتر وەر ئەگرن و سەرمایەکەیان گەشە ئەکات و پرۆژەی زیاتر دروست ئەکەن و خزمەتگوزاری باشتر پێشکەش ئەکەن.

-3داهاتی گەشتیاری بەشێکی لە ڕێگای (ڕسومات و باج و مساتەحە و دخولیە) بۆ حکومەت دەڕوات: وەرگرتنی رسومات جیاوازە لە وەرگرتنی باج بۆیە حکومەت لە هەردوو لاوە داهاتی لە پرۆژەو بنکەکانی گەشتیاری دەست ئەکەوێت، هەرچەند پرۆژە و بنکە زیاد بکات داهات زیاتر دەکات، هەروەها حکومەت زەوی و بینای کە مولکی حکومەتن ئەتوانی بەکرێ بداتەوە بە کەرتی تایبەت و داهاتی گەشتیاری دەست بکەوێت. بۆ نمونە داهاتی رسومات: دەستەی گەشتوگوزار تەنیا رسوماتی گەشتیاری کۆ دەکاتەوە کە لە سالی 2018گەیشتە 4ملیار و 5٠٠ ملیۆن دینار، بەڵام باج لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی باج کۆدەکرێتەوە، باج و رسومات و کرێش هەموو دەچێتە خەزینەی وەزارەتی دارایی.

ژمارە و داهاتی گەشتیاران لە رۆژانی جەژنی ڕەمەزان

سالانە ژمارەی گەشتیاران لە زیادبوون دایە، لە دوای نەمانی شەری داعش رۆژ دوای رۆژیش بە تایبەت لە بۆنەکان ژمارەی گەشتیاران زیادی کردووە، لە ماوەی دە رۆژی جەژنی ڕەمەزانی سالی رابردوو زیاتر لە 250هەزار گەشتیار هات بۆ هەرێمی کوردستان، ئەم سالیش زیاتر لە 145هەزار گەشتیار تاکو دووەم رۆژی جەژن هاتۆتە هەرێمی کوردستان، بەپێی زانیاریە سەرەتایەکانیش پێدەچی ژمارەی گەشتیاران لە دە رۆژی جەژنی ڕەمەزانی ئەم سالیش هەمان ژمارە یان هەندێک جیاوازتر تۆمار بکات. ئەگەر هەر گەشتیارێک زیاتر لە 300دۆلار خەرج بکات لە ماوەی 4رۆژ، ئەوە تێکرای داهاتی رۆژانی جەژن دەگاتە 75ملیۆن دۆلار.

ئەم شوێنە بناسە

سیپەی بجیل



سیپەی بجیل یەکێکە لە تاقگە جوانەکان و سالانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیاری سەردانی دەکەن، دەکەوێتە ناوەندی ناحیەی بجیل لە دەقەری ئاکرێ کە (500م) لە ڕێگای گشتیی نێوان هەولێر ژ ئاکرێ دوورە. بە دووریی (13کم)دەکەوێتە رۆژهەلاتی قەزای ئاکرێ. ئەم هاوینەهەوارە لە نێو دۆلێکە کە چوار دەوری بە رەزو باخاتی میوە و داری هەمەجۆر داپۆشراوە. سەرچاوەی ئاوی لە چەند کانیاوێک پێکهاتووە کە لە قەدپاڵی شاخەکانی سەرووی هاوینەهەوارەکە هەڵدەقوڵێن و دەرژێنە ناو دۆلەکە و تاقگەی سیپەی بجیلی لێ دروست دەبێت. هەندێک خزمەتگوزاریی و شوێنی حەسانەوەی گەشتیاران لەم شوێنە دروستکراون. لەسەرووی تاقگەکە، ئەشکەوتێکی دەستکرد لە ناو باخچەکاندا هەیە، هەروەها گازینۆ و

مریەم گیۆگولاشڤیلی بۆ خەبات: دامە وەک هەر یارییەکی تر جێگای گرنگی پێدانە



هاوار مورتکەیی

مریەم گیۆگولاشڤیلی کچە یاریزانی (دامە)ی وڵاتی جۆرجیایە، لە لێدوانێکی دا بۆ لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات سەبارەت بە یاری دامە گوتی: دامە وەک هەر وەرزشێکی تر جێگای بایەخ و گرنگیدانە، هەر لەمندالیەوە دامەم خۆشویستووە، بەردەوام لەگەڵ حانەوادەکەم و برادەرەکانم یاری دامەم دەکرد، بەشێوەیەک هۆگری بووم کە زۆر بەزووبی فێری بووم، بەتایبەتیش لەسەر دەستی لیا کازاراشڤیلی کە بەم دواییە نازناوی پاڵەوانێتی ئافرەتانی جیهانی بەدەستهێنا.

مریەمی تەمەن 16ساڵ Mar-iam Gugulashviliکە ئێستا قوتابی پۆلێ دەیە زیاتر گوتی: لە پاڵەوانێتی جیهانی دامەی ئافرەتان لە ئاداری رابردوو بەشداریم کرد و پلەی حەفتەمم بەدەستهێنا، بۆیە تا ئێستا نەمتوانیوە ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنم، بەڵام لە راهینان بەردەوامم، زۆر بە گەرم و گوڕییەوە ئەو یارییە دەکەم چونکە دامە بۆ چالاککردنی میشک زۆر یارمەتیدەرە، پێموایە دامە واتە یاری ژیان، کاتێک دامە دەکەم زۆر هەست بە ئاسوودەیی و چالاکی خۆم دەکەم و پیم وانیە رۆژی لەرۆژان واز لەو یارییە بێنم.

ئەم هاوینە ئیسپانیا زۆر گەرمتر دەبێت

چاوەڕوان دەکرێت بازاڕی گواستنەوەی ئەم هاوینەی ئەستێرەکان لە ئیسپانیا زۆر گەرم بێت و میدیاکانی ئەو وڵاتە پێشبینی دەکەن کە قازانجی ئەو بازاڕە لە وەرزی رابردوو زۆر زیاتر بێت.

بەهای گواستنەوەی وەرزی رابردووی یاریزانان لە ئیسپانیا گەیشتە 758ملیۆن یۆرۆ، بەگوێرەی هەواڵەکانیش بێت ،چاوەڕوان دەکرێت ئەم هاوینەیە بەهاکە زۆر لەوە زیاتر تێپەڕێنێت، رۆژنامەی مارکا باڵاوی کردەوە کە هەریەک لە ئەستێرەکانی گریزمان و کۆتینهۆ و رۆدریگۆ و چەند یاریزانێکی دیکەی ریال مەدرید ناویان هاتووە کە بفرۆشرێن، رۆژنامەکە باڵاوی کردۆتەوە کە خەزینەی یانەکانی ئیسپانیا بە فرۆشتنی ئو یاریزانانە دەبوژێنەوە.



ئۆبلاک نایەوێ لە ئەتلەتیکۆ بەردەوام بێتن



یان ئۆبلاکی گۆڵچی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی خوازیارە کۆتایی بەپەیوەندییەکەی لەگەڵ رۆخی بلانکۆس بهێنێت و دریسی یانەی مانچستەر یونایتد لەبەر بکات.

تۆڕی ESBNی ئەمریکی باڵاویکردەوە کە ئەو گۆڵچییە سلۆڤینیە کاتی خۆی هاندەری مان یونایتد بوو، ئەوکات خەونی ئەوەبوو رۆژێ لە رۆژان یاریی بۆ یانەیە بکات، ئەمڕۆکەش خەریکە بەخەونەکەی بگات و چەند سەرچاوەیەکی نزیک لەو گۆڵچییە ئامارۆیان بۆ ئەوە کردووە کە ئۆبلاک زۆر حەزدەکات لە هاوینی داهاتوو بەرگری لە تۆڕی یانەی مانچستەر یونایتد بکات، لەبەرامبەریشدا ئەو یانە ئینگلیزیە بەدوای گۆڵچییەک دەگەڕێت بۆ شوێنگرتنەوەی دی خیا و تا ئێستاش چەند گۆڵچییەک لە بیری ئینگلیزییەکانە.

مارۆزسان بۆ یارییەکەی ئەمشەو ئامادەیە

هەڵبژاردەی ئافرەتانی ئەڵمانیا لە پێگەی فەرمی خۆی باڵاویکردەوە کە دزینقەر مارۆزسان لەپێکانەکەی چاک بۆتەوە و پەیوەندی بە مەشقەکانی هەڵبژاردەکەی کردەوە بۆ خۆئامادەکردن بۆ یاریی دووەمیان لە پاڵەوانێتی جامی جیهانی ئافرەتانی 2019کە ئێستا لە فەرەنسا بەڕێوەدەچێت.

راهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ئەوەی راگەیاند کە مارۆزسان لەیاری یەکەمان بەرامبەر هەڵبژاردەی چین توشی پێکان بوو، بەڵام ئێستا چاکبۆتەوە و بۆ یاریەکەی ئەمشەومان بەرامبەر هەڵبژاردەی ئیسپانیا لە ئامادەباشیدا و دەتوانین لەو یارییە بەهێزەماندا سوودی لێوەرگرین.

جێی باسە ئەو یاریزانە تەمەن 27ساڵیە کە لە یانەی لیلی فەرەنسی یاری دەکات رۆڵی کارای هەبوو لە بەدەستهێنانی دوایین پاڵەوانێتی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای ئافرەتان.

ئیتۆ دەخوازێت میسر و کامیرۆن بگەنە کۆتایی ئەفریقای 2019

ساموێل ئیتۆی کامیرۆنی هیوا دەخوازێ یاریی کۆتایی پاڵەوانێتی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیای 2019لە نێوان هەڵبژاردەی کامیرۆن و هەڵبژاردەی میسر بەڕێوەبچێت.

ئیتۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی رایگەیاند کە کامیرۆن لەتوانایدا هەیە نازناوی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا بەدەست بهێنێت و گوتی: کامیرۆن خاوەنی هەڵبژاردەیەکە بەکۆمەڵ یاری دەکات و ئەگەرچی بەدەستهێنانی نازناوی ئەفریقاش هێندە ئاسان نییە، بەڵام ئێمە بڕوامان بە هەڵبژاردەکەمان بە سەرۆکایەتی کلارنس سیدۆرف لە توانایدا هەیە نازناوەکە بباتەوە، هەروەها گوتی: زۆر حەزدەکەم یاری کۆتایی ئەفریقای 2019لەنێوان میسر و کامیرۆن بێت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 12. Jun. 2019 No: (5766)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

لە ماوەی هەفتەیەکدا زیاتر لە 20 هەزار بینەر (پەیکەری دڵ) یان بینیوە

عەبدولغەفار عەبدوڵڵا نووسەری فیلمی (پەیکەری دڵ):

پێشبینی سەرکەوتنمان بۆ فلیمەکە دەکرد، بەڵام سەرکەوتنەکە لەسەرووی پێشبینی ئێمەوە بوو



نووسەری فیلمی پەیکەری دڵ لەگەڵ هەردوو هونەرمەندی بەشداربووی فیلم

بەرهەم شێخ عزەدین

عەبدولغەفار عەبدوڵڵا نووسەری فیلمی (پەیکەری دڵ) لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی خەباتدا وردەکاری فیلمی (پەیکەری دڵ) دەخاتەڕوو. دەربارەی چیرۆکی ئەم فیلمەش عەبدولغەفار عەبدوڵڵا بەخەباتی گوت: گەڵاڵە بوونی چیرۆکەکە بۆ زەمەنێکی بەر لە مێژوویی ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە، فلیمەکە مۆزیکاڵ واتە فیلمی گۆرانی ئامێزە ئەمەش بۆ بینەری کورد شتێکی نوێباوە، بەر لەوەی بخرێتە واری کاریش ڕاوێژم لەگەڵ چەند مامۆستاو شارەزایەک کردووە، چونکە خۆم نە بەسینەما کار و نە بە سیناریست دەزانم، شتەکە هەمووی کۆبوونەوەی بیرۆکەی چیرۆکێکە لە زهنی خۆم و هەزم کردووە ڕوونـاکی بەخۆیەوە ببینێ.مامۆستا سـوخـەن وەرد لـە ئێـران سیناریۆکەی نووسیوەو منیش لەلایەن خۆمەوە پێشکەشی هەڵوێستی گۆرانیبێژم کردو ئەویش بە وردی دیراسەتی کرد.

دواتر شوان عەتوف بەرگێکی تری بۆ سناریۆکە دارشتەوە بەو شێوەیەی کە دنیابینی خۆی دەیبینێ. کامپرۆدکشن لە ڕووی تەکنیکەوە کاری لەسەر کرد.لە کۆی فلیمەکە زۆر رازیم بـە دەرهێـنـان و سـیـنـاریۆ و وێـنـەگـرتن و ئەکتەرەکانەوە، عەبدولغەفار عەبدوڵڵا نووسەری فیلمی (پەیکەری دڵ) جەختی کردەوە، کە تەنها لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا زیاتر لە 20 هەزار بینەر لە هەولێرو سلیمانی بینیویانە، بۆیە بـەردەوام دەبـیـت، عەبدولغەفار عەبوڵلا نووسەری فیلمی (پەیکەری دڵ) جەختی کردەوە، کە تەنها لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا زیاتر لە 20 هەزار بینەر لە هەولێرو سلیمانی بینیویانە، بۆیە بـەردەوام دەبـیـت، عەبدولغەفار عەبوڵلا نووسەری فیلمی (پەیکەری دڵ) زیـاتـر گوتی: ئێمە پێشبینی سەرکەوتنمان بۆ فـلـیـمـەکـە دەکـرد، بەڵام سەرکەوتنەکە لەسەرووی پێشبینی ئێمەوە بوو.

عەبدولغەفار عەبدوڵڵا نووسەری فیلمی (پەیکەری دڵ) دەربـارەی نـاوەڕۆکی فیلمەکە جەختی کردەوە کە ئەو فلیمە گۆرانی ئامێزەو باس لە وردەکاری ژیانی هونەرمەند دەکات کە لە کاروانی ژیانی هونەری خۆی دوچاری زەحمەتی و ناخۆشی و هەڵکشان و داکشان و خۆشەویستی دەبێت، چۆن ڕووبەرووی هەژاری دەبێتەوە چۆن بتـوانی بـەرگـری لـە خۆشەویستەکەی بکات و لێ نەستێنێ، بەگشتی فلیمەکە چەند ڕەهەندێکی هەیە و تا بـیـنـەر لێی قـوڵ نـەبێتـەوە ناتوانێ تێگەیشتنی تەواو لەبارەیەوە هەبێت.



دوو ئەکتەری سەرەکی فیلمی پەیکەری دڵ

130 بەردی سەردەمی ساسانییەکان لە مۆزەخانەی سلێمانی نمایشکرا



خەبات/عەلی بانیشاری

ئێوارەی ڕۆژی دووشەمە 10ی حوزەیران بـە ئـامـادەبـوونی د.هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگای سلێمانی و شوێنەوارناسانی وڵاتی ئیتاڵیا و کوردستان لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی 130بـەردی سـەردەمی ساسانییەکان نمایشکران کە لـەنـاوچـەی شـوێـنـەواری پـەیـکـولی لـەلایـەن تـیـمی شوێنەواری زانکۆی ساپینزای ئـیـتـالی و هـەردوو بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی و گـەرمـیـان دۆزراونەوە.

هاشم حـمـە عـەبـدوڵـلا، بـەڕێـوەبـەری مۆزەخـانـەی سلێمانی بە(خەبات)ی گوت" گـەڵـەڕیـیـەکـە بـەهـاوکـاری زانکۆی ساپینزای ئیتالی و سەرپەرشتی پڕۆفیسۆر کارلۆ چێرتی کراوەتەوە و تێدا 130 بەردی سەردەمی ساسانییەکان نمایشکراوە". گـوتـیـشـی" نـمـایـشـکـردنـی بـەردەکـان مۆزەخـانـەی سـلێـمـانی دۆڵەمەندتر دەکات و کەلوپەلە دۆزراوەکـانـی شـوێـنـەواری پەیکولی دەگمەنن".

بـەڕێـوەبـەری مۆزەخـانـەی سلێمانی دەشڵێت" گەڵەڕیـیەکە لە ئەنجامی پڕۆژەیـەک هاتە ئاراوە کـە لـە سـاڵی 2017 بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی و زانکۆی ساپینزای ئـیـتـالی دەستیان پێکرد". هاشم حەمە عەبدوڵڵا هەروەها ئـەوەشی گـوت" ئـامـانج لـەم گەڵەڕییە پاراستنی کەلتوور و کـەلـەپـووری کوردی و ناوچە میژوویـەکـانی بـاشـووری کوردستانە".

شـوێـنـەواری پـەیـکـولی کەوتووەتە گوندی(بەرکەل- شێخ تـەویـل) سـەر بـەقـەزای دەربـەنـدیـخـان کـە 100 کیلۆمەتر لە باشووری شاری سلێمـانـیـەوە دورە. بـەردە نمایشکراوەکانی مۆزەخانەی سـلێـمـانـی میژووەکـەیـان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پادشا نەرسە(302-293)ی زاینی، نـەرسـە حـەوتـەمـین پـادشای ساسانییەکان بووە. نوسینی سـەر بـەردە دۆزراوەکـانـی پـەیـکـولی بـە هـەردوو زمـانی پەهلەوی ئەشکانی و فارسین.



ئەم کچە شۆخە کورد ساڵی (1999) لە شاری ئاگری لە دایک بووەو هێشتا ئەم منداڵ بووە خێزانەکەی کۆچیان کردووە بۆ ئەستەنبوڵ ، قوتابخانەی ئامادەیی ئەنادۆلی تەواو کردووە ، سەرەتا لە یوتیوب گۆرانیەکانی بلاو دەکردەوەو پاشان مامۆستاکەی گۆرانیەکی بۆ تۆمار کرد و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بووە خاوەنی (20) ملیۆن لایک، لە ساڵی 2018 چەنالێکی تایبەت بە خۆی کردووەتەوە لە یوتیوب، ئەم خاتونە لاوە سەرەتا تەنها بە زمانی تورکی گۆرانی دەچڕی پاشان چەندین گۆرانی ڕەسەنی کوردی بە شێوازێکی جوان و سەرکەوتوو چڕی و بووە خاوەنی جەماوەرێکی دیار لە کوردستان دا، ئێستا لە شاری ئەستەنبوڵ دادەنیشێ و قوتابی زانکۆیە.

ڕێبوار هەورامی



ئەڵمانیا.. پێشانگایەکی فۆتۆگرافی بە ناوی (قەڵای هەولێر) دەکرێتەوە

خەبات-کوردۆ ئەنوەر:

وابڕیارە سەرەتای هەفتەی داهـاتـوو، پێـشـانـگـای فۆتۆگرافیی یوسف مەنتک بە ناوی (قەڵای هەولێر) لە وەرزیی کولتووری هاوینە- شاری لودڤیگس هافنی ئەڵمانیا بکرێتەوە.

ئەو فیستیڤاڵە کولتووری سااڵنەی نێونەتەوەییە جۆرەها چاالکی وەک فـیـسـتـڤـاڵی شانۆی شەقام و فیستیڤاڵی فلیمی سینەمای ئەڵمانی و پێشانگەی شێوەکاری و فۆتۆ و کۆڕو سیمینارو وۆرک شۆپ و جۆرەها چاالکی کولتووری ئەنجام دەدرێت، هونەرمەند یوسف مەنتک بە پێشانگەی فۆتـۆگـرافـی قـەاڵ و سیمیناریک لەسەر قەاڵی هەولێر بەشدار دەبێت، کە کاتژمێر 12ی نیوەڕۆی ڕۆژی شـەمـە ڕێـکـەوتی 15.06.2019 تـا 29.06.2019 بـەردەوام دەبێت، ئـەوکـارە لـەلایـەن ئەکادیمیای هونەری ئەدریم شانۆی لاوان، دەکرێتەوەو و شارەوانی شاری لودڤیگس هافن سپۆنسەریەتی.

قەاڵی هەولێر وەک میراتی کولتووری جیهانی لە لایەن ڕێکخراوی یونسکۆ لە ساڵی 2014 دەستنیشانکراوە.